# سەرۆکی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە گۆڤاری گوڵان دەکات

بەڕێزان سەرنووسەر و رۆژنامەنووس و کارمەندانی گۆڤاری گوڵان
سلاو و رێز..

بە بۆنەی بیست و یەکەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوەی خۆشەویست دەکەم.

لەم دۆخەی ئێستادا کە لە شەڕی بەرگریکردن لە خاک و کەرامەتی گەلەکەماندایین، ئەرکی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن لە هەر کاتێک هەستیارتر و گرینگترە. ئێستا دوژمن و نەیارانی گەلی کوردستان هەوڵ دەدەن ئەوەی بە ئەنفال و کیمیاباران بۆیان نەچووە سەر لە ڕێگەی ڕشتنی ژەهری دووبەرەکی و شکاندنی بروابەخۆبوونی تاکی کورد ئەنجامی بدەن و ڕاگەیاندن ئاسانترین ڕێگەیە بۆ ئەوەی لەوێوە نەیارانمان بگەنە مەرامی خۆیان، بۆیە پێویستە لەجاران زیاتر برەو بە هەستی نیشتمانپەروەری و ئازادیخوازی و پاراستنی یەکڕیزی بدەن.

گوڵان، نەک هەر وەک بەئەزموونترین گۆڤاری سیاسی و دەوڵەمەند بە لێکۆڵینەوە و دیمانە و ڕاپۆرتی شیکاری، بەڵکوو وەک ناوەندێکی دیالۆگی ڕۆشنبیران و ئەکادیمی و سیاسەتوانان، لەگەڵ چاپکردنی کۆمەڵێک کتێبی بەسوود، ڕۆڵێکی گرینگی لە برەودان بە گیانی نیشتمانپەروەری و خۆشویستنی وڵات و یەکڕیزی و پێکەوەژیان و ژینگەپارێزیدا هەیە و بە دڵنیاییەوە ئەو پرکاری و دڵسۆزییە، بەرهەمی ماندووبوونی ستافێکی لێهاتووە و هیوادارم هەر بەو شێوەیە لە پێشکەوتن و خزمەتکردنی پرۆژەی نەتەوەیی بەردەوام بن.

دەستخۆشیتان لێدەکەم و ئومێدی سەرکەوتنی زیاترتان بۆ دەخوازم.

مسعود بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
٢٠١٥/٤/٢٠



# پەیامی پیرۆزبایی

## مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گۆڤاری (گوڵان)

**هەڤاڵی بەڕێز فەرهاد محەمەد، سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان**
**هەڤاڵان، سکرتێری نووسین وتێکڕای ئەندامانی ستافی نووسین و هونەریی لە گۆڤاری (گوڵان)**

بە بۆنەی (٢٢)هەمین ساڵوەگەڕیی گۆڤاری گوڵان، پیرۆزباییەکی گەرمتان لێدەکەین، پیرۆزبایی لە سەرجەم نووسەر و خوێنەرانی گۆڤارە ئازیزەکەتان دەکەین، دەستی هەوڵ و کۆششتان بۆ سەرخستن و پێشخستنی ڕۆژنامەگەریی کوردی دەگوشین.

جێپەنجە و کاریگەریی گۆڤاری (گوڵان) بە سەر کاروانی ڕۆژنامەوانیماندا روون و ئاشکرایە و توانیویەتی ئەو گەنجینەیە دەوڵەمەندتر بکات، هەر بۆیەش تا ئەمڕۆ لەو بەخشش و داهێنانەی بەردەوامە و پێگەی شایستە و پتەوی خۆی لە بواری ڕۆژنامەوانیدا پتەوتر کردووە وگرتووە.
گۆڤاری (گوڵان) لەو کاروانە دوور و درێژەی ڕۆژنامەوانی کوردیدا ئەزموونێکی گەش و تازەی هێنایە ئاراوە و سەلماندی کە تایبەتمەندیی خۆی هەیە لە خزمەتگەیاندن بە بواری ڕۆشنبیری و مەعریفیمان، لە پەیڕەوکردنی بەرنامەیەکی ڕێکوپێک و زانستی و ئەکادیمییانەی ئەوتۆ کە ژمارەیەکی زۆری نووسەران و شرۆڤەکارانی ناسراوی ناوخۆیی و جیهانی لە خۆی کۆبکاتەوە.
برەودان بە بواری ڕۆژنامەوانی بە شێوەیەکی پیشەوەرانە دەستپێک لە (گوڵان)ـەوە بوو، ئەوسا گوتاری ڕەخنەگرانە بۆ خزمەتگەیاندن بە پرسە گرنگەکان پیادەکرا و زەوینەیەکی ساغ و دروستی ڕەخساند بۆ ڕەخنە و مامەڵەکردن لەگەڵ واقیع و دیاردەکاندا، مەبەستیش برەودان بوو بە لایەنە ئیجابییەکان و ڕەوشی سیاسی و بەرەوپێشبردنی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان.
دەرچوواندنی گۆڤاری (گوڵان) جگە لەوەی بڕیار و هەنگاوێکی بوێرانە بوو لە ڕووی سیاسییەوە، مۆدێلێکی زیندووی کاری پڕۆفیشناڵییانەش بوو لە ڕووی ڕۆژنامەوانییەوە، هەروەها بەو سیستم و کارنامە ڕێکوپێکەی لە بواری ڕۆژنامەوانیدا و بەردەوامبوونی لە برەودان بە کەلتووری مەعریفی و هزری هەر لە دەستپێکی کارکردنیەوە تاکو ئەمڕۆ خانەیەکی شایستەی لە کتێبخانەی کوردی بە گشتی و بواری ڕۆژنامەوانی بەتایبەتی گرتووە، لێشمان مسۆگەرە هەر بەردەوام دەبێت و لە ئایندەشدا هەنگاوی چاکتر و کاریگەرتر دەنێت.
وێڕای پاڵپشتی و پشتیوانی پارتیمان بۆ سەرخستن و زیاتر پێشخستنی گۆڤارەکە، جەختیش دەکەینەوە کە کار و ئەرکی ڕۆژنامەوانی و ڕۆشنبیریی زیاتر هەوڵ و کۆشش و قوربانیدانی دەوێ بۆ ئەوەی بە حەق نموونەیەکی زیندوو و پێشەنگ بێ بۆ خزمەتگەیاندن بە تاکەکەسی کورد و کۆمەڵگەکەمان و برەودان بە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، بەتایبەتی لەو بارودۆخەی ئەمڕۆماندا کە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سەرپەرشتی راستەوخۆی سەرۆک بارزانی رووبەڕووی درندەترین دوژمنی مرۆڤایەتی وەستاونەتەوە و بەرگری لە مانەوە و شوناسی گەل و نەتەوەکەمان دەکەن، خوازیارین لەم ئەرکەشتاندا پێشەنگیتان بپارێزن و ڕۆڵی شیاوی خۆتان بگێڕن.
جارێکی دیکە پیرۆزبایی لە خۆمان و ئێوە وخوێنەرانتان دەکەین و هیوای سەرکەوتن و هەمیشە پێشەنگیتان بۆ دەخوازین.

**مەکتەبی سیاسی**
**پارتی دیموکراتی کوردستان**

# دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی لە گۆڤاری (گوڵان) دەکات

**هەڤاڵی بەڕێز فەرهاد محەمەد، سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان**
**هەڤاڵان، سکرتێری نووسین و تێکڕای ئەندامانی ستافی نووسین و هونەریی لە گۆڤاری (گوڵان)**

بە بۆنەی (٢٢)هەمین ساڵوەگەڕیی گۆڤاری گوڵان، پیرۆزباییەکی گەرم لە ئێوە و نووسەران و سەرجەم خوێنەرانی گۆڤارە ئازیزەکەتان دەکەین، سوپاس و دەستخۆشیمان بۆ هەوڵ و کۆششی بێ وچانتان لە پێناو پێشخستن و سەرکەوتنی ئەرک و پیشەی پیرۆزتان، هەر لە پێشکەوتندا بن.

دەرچوواندنی گۆڤاری (گوڵان) هەنگاوێکی تازە و گرنگ بوو لە کاروانی رۆژنامەوانیماندا و توانی لەو ماوەی تەمەنیدا بەپێی بەرنامەی کاری خۆی، پڕۆفیشناڵانە خزمەتێکی زۆر و جیای بوارەکە بکات و پێگەی شیاوی خۆی بگرێ و پتەوتریشی بکات.

ئەو خزمەتەی ئێوە لە رووی رۆژنامەوانییەوە بەردێکی دیکەی تەلاری ئەو ئەزموونەمانە و سەنگەرێکی دیکەی رەوا و داکۆکیکارە لە کێشەکەمان و پاراستنی ماف و دەستکەوتەکانمان نەخاسمە لەو هەلومەرجەی ئەمڕۆماندا، کە پێویستە هەموو لایەک بەو پەڕی لێبووردەیی و دڵسۆزییەوە کارەکانی رابپەڕێنێ و درێغی نەکات.

بەخشش و بەرهەمی ئەوەندە ساڵەی گۆڵان باشترین گەواهیدەری راست و دروستی پەیامی راستگۆی ئێوەیە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ وکەلتووری نەتەوەیی و رۆشنبیریمان، بەمەش پانتاییەکی بەرفراوانی گرتووە چ لەسەر ئاستی ناوخۆ، یا دەوروبەرو دەرەوە.

بەو بۆنەیەوە جارێکی دیکە پشتیوانی تەواوی خۆمان بۆ بەردەوامبوون و بەرەو پێش بردنی گۆڤارەکەتان دووپات دەکەینەوە و ئومێدەوارین بە هەمان گیانی بەرپرسانە و دڵسۆزانەی خۆتان و ئیتیکی راستەقینەی رۆژنامەوانی زیاتر برەو بە کار و پلانەکانتان بدەن بۆ پێشکەوتنی زیاتر و چاکتر.

هەمدیسان دەستخۆشی و پیرۆزباییتان لێ دەکەین ...

دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان

### پەیامی موحسین دزەیی بۆ گۆڤاری گوڵان:

# گوڵان شایەنی ئەوەیە مەدالیای بارزانی پێبدرێت

**بۆ سەرنووسەر و تەواوی کارمەندان و ستافی گۆڤاری گوڵانی خۆشەویست**

ساڵی پار بە تەلەفۆن پیرۆزبایی ساڵیادی گۆڤارەکەتانم لێکردن، بەڵام ئەمساڵ حەزمکرد بە چەند پەیڤێک ئەم بۆنەیەتان لێ پیرۆز بکەم.

گوڵان وەک دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و مەعریفی، بەرهەمێکی دیکەی ڕێبازی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستانە، کە بە یەک دوو ساڵ پاش ڕاپەڕین وەک سەکۆیەک بۆ دەربڕینی بیروبۆچوونی ئازاد و ڕەخنەی سەردەمییانە و دروستکردنی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن لە نێوان سەرجەم بۆچوونە جیاوازەکان دامەزراوە.

لە ساڵی ١٩٩٤ـەوە هەتا ئێستا گوڵان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەپێی گۆڕانکارییەکانی قۆناخە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردستان هەنگاوی بەرەو پێشەوە هەڵگرتووە و بەپێی ئەو گۆڕانکارییانە خۆی نوێ کردۆتەوە و بەردەوام هەفتانە بیروبۆچوونی تازەی پێشکەشی خوێنەرانی کردووە. هەر ئەمەش وایکردووە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گوڵان لای خوێنەرانی سەنگینتر بێت و بە چاوی بایەخەوە سەیر بکرێت.

ئەوەی لەم یادەدا پێویستە بگوترێت، گوڵان لەگەڵ ئەوەی گۆڤارێکە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەردەچێت، بەڵام خوێندنەوەی بۆ ڕووداوەکان و گۆڕانکارییەکان، خوێندنەوەیەکی واقیعییانە بووە و مۆرکی لایەنێکی دیاریکراوی پێوە نییە، شێوازی شرۆڤە و مامەڵەکردنی لەگەڵ بابەتەکان، تەعبیر لە واقیعی سیاسی کوردستان و شێوازی حوکمڕانی و ڕێزگرتنە لە مافەکانی مرۆڤ و بەها بەرزەکانی کۆمەڵگەی کوردستان.

من کە یەکێکم لە خوێنەرە بەردەوامەکانی گوڵان و هەموو هەفتەیەک ئەم گۆڤارە دەخوێنمەوە، لە هەموو ژمارەیەکدا بێجگە لەوەی ژمارەیەک وتاری زۆر بەپێز و ئاست بەرزی ڕۆشنبیران و نووسەرانی ناوخۆیی کوردستان و دەرەوەی کوردستانی بڵاوکردۆتەوە، لە هەمانکاتدا بۆ مامەڵەکردنی لەگەڵ ڕووداوە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، ڕاوبۆچوونی ژمارەیەک ئەکادیمی و پسپۆڕی ناوخۆ و جیهانی وەرگرتووە و بڵاوی کردۆتەوە.

لایەنێکی دیکەی ئەم گۆڤارە کە جێگەی سەرنجی من و تەواوی خوێنەرانیەتی، ئەوەیە ئەم گۆڤارە دوورە لە هەڵچوون و بەکارهێنانی وشەی زبر و بریندارکەر و بە شێوەیەکی زۆر هێمنانە و زانستییانە بێ



ئەوەی لایەنگیری هیچ لایەک بکات، موناقەشەیەکی ئاست بەرزی سیاسی و زانستییانە دەوروژێنێت، بۆیە کاتێک بابەتەکانی گوڵان دەخوێنینەوە هەست دەکەین بە شێوەیەکی واقیعییانە مامەڵە لەگەڵ رووداو و پێشهاتەکان دەکات. لە هەمانکاتدا گوڵان دەستی کردووە بە چاپکردنی زنجیرەیەک کتێبی بەسوود کە هاوشانی گۆڤارەکە هەم خزمەتێکی گەورەی رۆشنبیری دەکات، لە هەمانکاتدا کتێبخانەی کوردیشی دەوڵەمەند کردووە.

وەک خۆم کە زۆر کەم دەنووسم و باری تەندروستیم رێگەم نادات بنووسم، بەڵام ئەگەر بۆنەیەکی نیشتمانی هاتبێتە پێشەوە و حەزمکردبێت لەو بۆنەیەدا بە نووسینێک بەشداری بکەم، حەزمکردووە ئەو نووسینە لە گوڵاندا بڵاو بکەمەوە، ئەمەش لەبەر ئەوە بووە کە گوڵان رێز لەو بەها و ئاکارانە دەگرێت کە خزمەتی یەکڕیزیی نێوماڵی کوردستان و پێکەوە ژیان و لێبووردەیی و دیموکراتی دەکات، ئەم بەها و ئاکارانەشی کە ئێستا گوڵان رێزیان دەگرێت، هەموویان رەنگدانەوەی فیکر و رێبازی بارزانیی نەمر و پرانسیپەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

لەم بۆنەیەدا دەمەوێت سڵاو بۆ گیانی پاکی هەر دوو شەهیدی سەرکردە، برا و هاوڕێیانی بەڕێزم شەهیدان (فرانسۆ هەریری و شەوکەوت شێخ یەزدین) بنێرم، کە هەردووکیان خاوەنی ئیمتیازی گوڵان بوون و هەردووکیشیان بە دەستی تیرۆریستان شەهید کران، بەڵام ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە گوڵان لە ریزی پێشەوەی ئەو راگەیاندنانەیە کە لە سەنگەری دژایەتی تیرۆریستان چاونەترسانە بەردەوامە.

لە کۆتاییدا وێڕای ئەوەی هیوای سەرکەوتن بۆ ستافی گوڵان دەخوازم و داوایان لێدەکەم لەسەر ئەم میتۆد و پرۆگرامەی ئێستا بەردەوام بن، لە هەمانکاتدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، گوڵان لە مێژووی رۆژنامەگەری دوای راپەڕین، رۆڵێکی گرنگی لە خەباتی نیشتمانی و یەکڕیزی و لێبووردەیی و پێکەوەژیان و دیموکراتی گێڕاوە، بۆیە بە شایەنی ئەوەی دەزانم کە مەدالیای بارزانی پێ ببەخشرێت.

سڵاو لە گیانی شەهیدانی کوردستان و شەهیدانی گوڵان و سەروەری شەهیدان بارزانیی نەمر و ئیدریسی جوانەمەرگ

دڵسۆزتان
موحسین دزەیی

# رەواندنەوەی تارمایی هەڕەشە لەسەر چارەنووسی نەتەوەیەک







**والفانگ شنایگەر**
سەرۆکی کۆنگرەی ٥١ی میونیخ بۆ ئاسایش
شوباتی ٢٠١٥

«کاتێک هەموومان لە کۆنگرەی ٥١ی میونیخ بۆ ئاسایش کۆدەبینەوە، دەبینین ساڵێکی تایبەت و سەختمان لە سیاسەتی ئاسایشی نێودەوڵەتی تێپەڕاندووە، لە ماوەی ١٢ مانگی رابردوو کۆمەڵێک کێشە بوونە هەڕەشە و تەحەددیی جددی بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهانی و ئەم هەڕەشە و تەحەددییانەش بە جۆرێک بوون کە زۆربەی سیاسەتمەداران و شرۆڤەوانان پێشبینییان نەکردووە، لەمەش زیاتر ئەم کێشانە کەلێنی گەورەی لە سیستمی نێودەوڵەتی دروستکردووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو کەموکورتییانەی لە هەیکەل و میکانیزمی ئاسایشی بە کۆمەڵدا بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو تەنگژانە بوونی هەیە».

## ● کێشەی سەرەکیی نەتەوەکان
## نەبوونی سەرۆکێکە توانای پێشبینی هەبێت

پیترۆ پیرشینکۆ سەرۆکی ئۆکرانیا لە شوباتی ٢٠١٥ و لە بەردەم کۆنگرەی ٥١ی میونیخ بۆ ئاسایش رایگەیاند، کاتێك رووسیا کریمای داگیرکرد، سوپای دەوڵەتی ئۆکرانیا تەنیا ٧٠٠٠ سەربازی بووە و پێشتریش لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو ئۆکرانیا سەرجەم چەکە ستراتیژییەکانی بە شێوەیەکی ئاشتییانە لەناو بردووە، ئەم وتانەی پیرشینکۆ ئاماژەیە بۆ ئەوەی: نەك هەر ئەو وەك سەرۆکی ئۆکرانیا پێشبینی ئەوەی نەکردووە رووسیا بە هێزی سەربازی بەشێکی وڵاتەکەی داگیر بکات، بەڵکو هیچ سەرۆکێکی ئەوروپی و تەنانەت سەرۆکی ئەمریکا و تەواوی ناوەندەکانی فیکر و توێژینەوەش لەسەر ئاستی ئەوروپا و ئەمریکا پێشبینی ئەوەیان نەکردووە کە لە ساڵی ٢٠١٤ رووسیا کارێکی لەو جۆرە دەکات، لەمەش زیاتر ئەگەر سەیری راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا بکەین کە لە دوای ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ و داگیرکردنی موسڵ تیرۆریستانی داعش دامەزراندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامییان راگەیاند، دەبینین بێجگە لە بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە پێش داگیرکردنی موسڵ، نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراقی لەو مەترسییە ئاگادار کردۆتەوە، هیچ سەرۆکێك و هیچ ناوەندێکی توێژینەوە و فیکر لە سەر ئاستی جیهان ئاماژەی بەوە نەکردووە کە تیرۆریستانی داعش مەترسییەکەیان گەیشتۆتە ئەو ئاستەی لە بەشێکی فراوانی هەردوو وڵاتی سووریا و عێراقدا دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی رابگەیەنن. تەنانەت جیمیس جیفری باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە عێراق، لە موحازەرەیەکدا کە لە دوای داگیرکردنی موسڵ هەر لە مانگی حوزەیرانی ساڵی رابردوو پێشکەشی کرد، راشکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە کە دەزگای هەواڵگری ئەمریکاش لە داگیرکردنی موسڵ و راگەیاندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی خافڵگیر بووە و بە هیچ شێوەیەك پێشبینی ئەوەی نەکردووە کە تیرۆریستانی داعش بتوانن موسڵ داگیر بکەن و دوای ئەویش دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی رابگەیەنن.

تۆماس فریدمان رۆژنامەنووسی ناوداری جیهانی و خاوەنی کتێبی (جیهانێکی تەخت)، هۆکاری سەرەکیی بارودۆخی شڵەژاو پڕکارەساتی سووریا دەگێڕێتەوە بۆ کەم توانایی بەشار ئەسەدی سەرۆکی رژێمی سووریا لە پێشبینی بۆ رووداوەکان، لەبەر ئەوەی هۆکاری پشتگیری عەرەبی سوننەی سووریا بۆ تیرۆریستانی

داعش و بەرەی نوسرە، دەگەڕێتەوە بۆ کارەساتی وشکەساڵی لە ماوەی چوار ساڵی لەسەر یەك، ئەمەش وایکردووە جووتیارانی گوندەکان بە لێشاو بڕژێنە ناو شارەکان و پاشان نەبوونی بەرنامەیەك لەلایەن ڕژێمی سووریاوە بۆ ئەوەی ئەو بارودۆخە ڕێکبخات، ئەوەش بۆتە هۆکاری ئەوەی لەگەڵ دەرکەوتنی ئاڵا ڕەشەکەی داعش هەموویان پەیوەندی بە داعشەوە بکەن.

ئەگەر لەسەر ئاستی جیهان سەیری هەڕەشە و تەحەددییەکانی هەردوو ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ بکەین، دیسان ئەو ڕاستییە دەبینین کە پێشبینی بۆ ڕووداو و گۆڕانکارییەکان زۆر دەگمەنە و تەنانەت ئەو پێشبینییانەشی دەکرێن، هەر بۆ نموونە لە مردنی سیستمی نوێی جیهان و ڕۆچوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك ناوچەیەکی فاشیل لە جیهاندا، هەموویان کۆمەڵێك پێشبینین کە چاودێر و شرۆڤەوان و سیاسەتمەداران دەکاتە بینەری دیمەنێکی خراپتر، نەك هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕێگرتن لە سەرهەڵدانی ئاژاوە و قەیرانی زیاتر، لەمەش زیاتر ئەگەر لە بازنەیەکی فراوانتردا سەیری کاردانەوە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان بکەین، بە ئاشکرا ئەو ڕاستییە دەبینین کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ئیقلیمیش کاردانەوەکان جۆرێك لە شڵەژان و بێ بەرنامەیی پێوە دیارە، لەم ڕاستەدا ئەگەر سەیری کاردانەوەی ئەمریکا بەرامبەر بە تیرۆریستانی داعش لە حوزەیرانی ٢٠١٤ بکەین، هەموو جیهان ئاگادارە ئیدارەی سەرۆك ئۆباما بە ئاستێك شڵەژا بوو کە نەیدەتوانی هیچ بڕیارێك بدات، تورکیا بە بیانووی ئەوەی ٤٩ دیپلۆماتکاری لای داعش دەستبەسەرن، ڕۆڵی تەماشەکەری گێڕا، کۆماری ئیسلامی ئێرانیش لەبەر ئەوەی هەڕەشە کەتبووە سەر شیعە و داعش لە دەروازەکانی بەغدا نزیك ببووەوە، بۆیە پشتگیری بڕیارەکەی ئایەتوڵا سیستانی کرد و ڕاستەوخۆ هاتە ناو کێشەکەوە، لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبیش ئێستاشی لەگەڵدا بێت، نەیانتوانی هاوپەیمانییەکی عەرەبی دژی داعش دروست بکەن، بەڵام کاتێك پرسەکە گەیشتە ئەوەی حوسییەکان وەك هەڕەشەی شیعە دەربکەون، لە چاوترووکانێکدا هاوپەیمانی عەرەبی و ئیسلامی بە سەرۆکایەتی سعودیە دروست بوو، ئێستا هەوڵ بۆ ئەوە دەدرێت هێزێکی عەرەبیش بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەکانی فراوانبوونی مەددی شیعی لە (بابولمەندەب)ەوە بۆ کەنداوی عەقەبە دروست بکەن. ئەمانەش هەمووی ئاماژەن بۆ یەك خاڵی گرنگ، ئەویش ئەوەیە تەواوی ئەو کێشانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێستای جیهان ڕوو دەدەن، توانای پێشبینی و پێشپێگرتنی هەڕەشە و تەحەددییەکان بە ئاستێك دەگمەن بوون، لە مەحال نزیك بۆتەوە.

## ● پێشبینییەکانی سەرۆکی کوردستان و تێڕوانین و تەفسیری جۆراوجۆر

ڕۆژی ١٦ی نیسانی ٢٠١٥ بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نامەیەکی کراوەی ئاراستەی (پەرلەمان، حکومەت، حزب و لایەنە سیاسییەکان و جەماوەری کوردستان) کرد و تیایدا ڕاشکاوانە ئەو مەترسییەی پیشاندا کە هەڕەشە لە ئایندەی نەتەوەکەمان دەکات، ئەو هەڕەشەیەش لەباربردنی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی و یەکگوتاری نەتەوەکەمانە کە لە ئێستادا لە هەموو کاتێکی دیکە زیاتر نەتەوەکەمان پێویستی پێیەتی. سەرۆکی کوردستان دەستی خستۆتە سەر ئەو ڕاستییەی کە ئەو سەرکەوتنانەی هەتا ئێستا بەدەست هاتوون، دوای پشتیوانی خوا، بەرهەمی ئەو یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییە بووە کە تا ئێستا هەموو پێکهاتەکانی گەلی کوردستان پاراستوویانە و ئێستا هەنگاو بۆ دەستکەوتی زیاتر و سەرکەوتنی گەورەتر دەنێین، بۆ ئەمەش سەرۆکی کوردستان داوای لە پەرلەمان و حکومەت و حزبە سیاسییەکان کردووە، کە ڕێگەچارەیەك بۆ ڕێگرتن لەو هەوڵانە بدۆزنەوە کە هەوڵی لە باربردنی ئەو یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی و یەکگوتارییەی نەتەوەکەمان دەدات، هەروەها لە نامەکەیدا داوای کردووە ئەو ڕێگەچارەیەی کە پەرلەمان و حکومەت و حزبە سیاسییەکان دەستنیشانی دەکەن، بە ڕێگەی دەسەڵاتی دادوەری و لە چوارچێوەی سەروەری یاسادا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. ئەم نامەیە ئەگەر لە سۆنگەی بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانیی کوردستانەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت، دەبینین مەبەست و ئامانجی سەرۆکی کوردستان لەم نامەیە چییە و دەکرێت لێرەدا بە چەند خاڵێك ئاماژەی پێبکەین:

١. سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەم نامەیەی لەسەر ئەو پرەنسیپە نووسیوە کە هەموو کات و بە درێژایی تەمەنی پێشمەرگایەتی جەختی لەسەر کردۆتەوە، ئەو پرەنسیپەش ئەوەیە (ئەگەر نەتەوەکەمان یەکڕیز و یەکهەڵوێست بێت، هیچ هێزێك ناتوانێت تێکمان بشکێنێت)، لەسەر ئەم پرەنسیپە هەموو حزبەکانی کوردستان بە حزبەکانی ناو پەرلەمان و دەرەوەی پەرلەمان لەسەر ئەوە کۆکن کە بێجگە لە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی هیچ شتێك بە هانای ئەم قۆناخە هەستیار و پڕمەترسییەی نەتەوەکەمانەوە نایەت، ئەمەش مانای ئەوەیە کۆی حزبە سیاسییەکانی کوردستان هەمان ئامانج

■

**سەرۆک بارزانی لە نەورۆزی ٢٠١٢ بە هەموو جیهانی ڕاگەیاند، ئەگەر حکومەتەکەی نوری مالیکی لە بەغدا بەردەوام بێت لە تاکڕەوی و بەرەو دیکتاتۆریەت هەنگاو هەڵبگرێت، ئەوا کارەسات لە عێراق دروست دەبێت و نابێت کوردستان ببێتە بەشێک لەو کارەساتە**

■

**ئەوەی لە ئێستا سەرۆک بارزانی ترسی لێی هەیە دروستبوونی درز و کەلێنە لە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی و یەکگوتاری نەتەوەییمان، هەر بۆیە زۆر ڕاشکاوانە داوای هاوکاری لەسەرجەم گەلی کوردستان و حزبە سیاسییەکان و دامەزراوە شەرعییەکانی کوردستان دەکات کە هەموو پێکەوە هاوکار بن بۆ ئەوەی سنوورێک بۆ ئەو هەڕەشە و مەترسییانە دابنرێت کە هەڕەشە لە ئایندەی نەتەوەکەمان دەکات**

و مەبەستی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیان هەیە، بۆیە هەر کەسێك هەوڵبدات بە لێدوانی نابەرپرسیارانە ئەم یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییە بە لاڕێدا بەرێت، لێدوانی نابەرپرسانەی ئەو کەسە (ئەوجا هەر کەسێك و سەر بە هەر لایەنێکی سیاسی بێت) تەعبیر لە رای فەرمی حزبەکەی ناکات و دەبێت سنووری بۆ دابنرێت.

٢. ماوەی ١٠ مانگە شەڕێکی سەخت و نەخوازراو یەخەی کوردستان و تاك بە تاکی نەتەوەکەمانی گرتووە، ماوەی هەشت مانگیشە سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆی وەك پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی پێشەوەیە و بڕیاری (شەڕی مان و نەمان)ی داوە، بەڵام بارودۆخی نائاسایی لە کوردستان رانەگەیاندووە، دیارە رانەگەیاندنی باری نائاسایی لەو روانگەیەوە بووە کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان قەناعەتێکی لە بن نەهاتووی بە هەموو حزبە سیاسییەکان و دامەزراوە شەرعییەکانی کوردستان هەیە، بەوەی هەست بە بەرپرسیاریەتی ئەم بارودۆخە ناسکە دەکەن و پێویست نییە بارودۆخی نائاسایی رابگەیەندرێت، ئاکامی ئەم سیاسەت و بڕیارانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان جێگەی شانازییە بۆ مێژووی نەتەوەکەمان و وێڕای ئەوەی لە شەڕێکی سەخت و دژوار و نابەرانبەردا سەرکەوتنی گەورە بەدەستهاتوون، بەڵام باری نائاسایی رانەگەیەندراوە و نەتەوەکەمان هێندە هۆشیارە کە لە ئاستی بارودۆخە ناسك و هەستیارەکاندا بێت.

٣. لە ماوەی ١٠ مانگی رابردوودا لەگەڵ ئەوەی لە شەڕدا بووین، بەردەوام کادرە سیاسییە ناکامڵەکان لە ناو هەموو حزبەکانی کوردستاندا لێدوانی نابەرپرسیارانەیان بە رێگەی هۆیەکانی راگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بڵاو کردۆتەوە، هەروەها وەڵام و وەڵامدانەوەش هەبووە و زۆر جار قسەی زبریش لە رووی یەکتریدا کراوە، هەموو ئەمانە وەك دەرهاویشتەی کاردانەوەی لابەلای حزبییانە و تێنەگەیشتنی هەندێك کادری سیاسی سەیر کراوە، بەڵام سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەم نامەیەدا راشکاوانە روو لە هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان دەکات و ئاگاداریان دەکاتەوە، ئەو دەنگ و هەوڵانەی ئێستا بۆ تێکدانی یەکڕیزی کورد دەردەکەون، پەیوەندی بە سیاسەتی حزبەکانی کوردستانەوە نییە و هەندێك کەسن کە حزبەکانی خۆیان کردووە بە چەتر بۆ ئەوەی مەرامی خەڵکانی دیکە جێبەجێ بکەن، هەر بۆ نموونە ئەگەر کادرێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەموو شێوازێك ببەزێنێت و سەرکۆنەی کادرێکی پارتی بکات، بەوەی پارتی وەك پێویست لە بەرەیەکی شەڕدا بەرگری نەکردووە، ئەمە جیاوازە لەوەی کەسێك لە ناوی (یەکێتی)یەوە بڵێت: شنگال کوردستان نییە، یان کادرێکی پارتی ئەگەر هەموو شێوازێك ببەزێنێت و سەرکۆنەی کادرێکی یەکێتی بکات، بەوەی لە بەرەیەکی شەڕدا یەکێتی باش بەرگری نەکردووە، ئەمەش جیاوازە لەوەی لە ناو (پارتی)یەوە بڵێت: جەلەولا کوردستان نییە، ئەمە لە کاتێکدا نە جەلەولا و نە شنگال موڵکی پارتی و یەکێتی نین، هەموو تاکێکی کوردستان بەو قسانە هەستی بریندار دەبێت، بۆیە ئەگەر بە وردی نامەکەی بارزانی بخوێندرێتەوە، هەست دەکەین ئاستی نامەکە لەوە بەرزترە کە وا پیشان بدرێت، ئەم نامەیە کاردانەوەی هەندێك لێدوانی نابەرپرسانەی کادیرانی پارتی و یەکێتییە، بەڵکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان راشکاوانە دەستنیشانی کردووە ئەو جۆرە هەوڵانە خیانەتن، بەکارهێنانی وشەی خیانەت لە نامەکەی سەرۆکی کوردستاندا، هەروا مەسەلەیەکی سانا نییە بەسەرماندا تێپەڕێت، پێویستی بەوە هەیە هەموومان پرسیار لە ویژدانی خۆمان بکەین: ئایا لە ویژدانی هەر تاکێکدا خیانەت چ مانایەکی هەیە؟ با پرسیار لە خۆمان بکەین: ئایا ئەگەر کادرێکی گۆڕان لە روانگەی حزبی خۆیەوە گەورەترین تەشهیر بە پارتی بکات و بەپێچەوانەوەشەوە کادرێکی پارتی گەورەترین تەشهیر بە بزووتنەوەی گۆڕان بکات، ئایا بەمە دەگوترێت خیانەت؟ بێگومان نەخێر، لەبەر ئەوەی رۆژانە لە هۆیەکانی بیستراو، نووسرا و بینراو، هەروەها بە رێگەی تۆڕەکانی ئینتەرنێتیش، هەموو حزبەکان هەموو شتێك بە یەکتری دەڵێن، کەسیش نەیوتووە ئەوە خیانەتە، راستە ناخۆشە ئەو شەڕە دەنووکە هەبێت، بەڵام شەڕە دەنووکی حزبایەتی ئاساییە و بە خیانەت هەژمار ناکرێت و ئەو وشەیەشی بۆ بەکار نایەت، بۆیە گرنگە لەسەر بەکارهێنانی وشەی خیانەت لە خۆمان بپرسین: مانای خیانەت چییە؟ بێگومان خیانەت ئەوەیە کوردێك خۆی بە سیاسەتمەدار و تێکۆشەر بزانێت و جورئەتی ئەوە بکات بڵێت: (شنگال، یان خانەقین، یان کەرکووك) کوردستان نییە، جورئەتی ئەوە بکات و بەیاننامە دەربکات و بڵێت: (جیاوازی لە نێوان حەشدی شەعبی و هێزی پێشمەرگە) نییە، کادری سیاسی هەبێت ناڕاستەوخۆ و بەناوی ئازادی رادەربڕینەوە شەرعییەت بە پارچەپارچەبوونی کوردستان بدات، ئایا ئەمانە ئازادی رادەربڕینن، یان خیانەتی نیشتمانین؟!

٤. هەندێك لە سیاسەتمەداران جۆرێك لە سەرسوڕمان سەبارەت بە نامەکەی بارزانی پیشاندەدەن و بەوجۆرە تێڕوانینی خۆیان لەسەر ئەو نامەیە دەخەنەڕوو، وەك

**لە ماوەی ١٠ مانگی رابردوودا لەگەڵ ئەوەی لە شەڕدا بووین، بەردەوام کادرە سیاسییە ناکامڵەکان لە ناو هەموو حزبەکانی کوردستاندا لێدوانی نابەرپرسیارانەیان بە رێگەی هۆیەکانی راگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بڵاو کردۆتەوە**

**کاتێک بەڕێز مسعود بارزانی هەڵوێستی هەرێمی کوردستانی بە نامەیەک لە رۆژنامەی برایەتی لە ٢٠٠٣ بڵاوکردەوە و تیایدا رایگەیاند: «دەبێت سوپای تورکیا بەسەر لاشەی ئێمەدا کوردستان داگیربکات»، بووە هۆکاری ئەوەی هەموو هاوسەنگییەک لەسەر ئاستی ناوچەکە بگۆڕێت**

**هەڵوەستەکردن لەسەر باکگراوەندی سەرکردە مێژووییەکانی جیهان، رێگەمان بۆ ئاسان دەکات بەوەی باشتر لەسەر پێشبینییەکانی سەرۆک بارزانی هەڵوەستە بکەین**

ئەوەی نەزانن مەبەست لە ناوەڕۆکی نامەکە چییە!
ئەم هەڵوێستەی سیاسەتمەداران لەسەر ئەم پرسە دوو لایەنی هەیە، ئەگەر واز لە لایەنە سلبییەکەی بهێنین و تەنها لەسەر لایەنە ئیجابییەکەی هەڵوەستە بکەین، ئەم سەرسوڕمانەی هەندێك سیاسەتمەدار لە روانگەی پەرۆشی و دڵسۆزییانەوەیە، راوەستانە لەسەر ئەو وشانەی لە نامەکەدا هاتوون وەك: (بانگەشەکردن بۆ شەڕی ناوخۆ، دووبەرەکی، زیندووکردنەوەی پەرتەوازەیی و دووئیدارەیی) بەکارهێنانی ئەم وشانە لە کاتێکدان کە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پشتگیری لە یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە و چاکسازی لە دامەزراوەکانی حکومەت و سڕینەوەی ئاسەواری دوو ئیدارەیی دەکەن، بۆیە لەم حاڵەتەدا هەقی خۆیانە هەڵوەستە بکەن، کاتێك سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەم نامەیە ئاراستەی حکومەت و پەرلەمان و هەموو حزبەکان و هەموو جەماوەری کوردستان دەکات، لەخۆڕا ئەم وشانەی بەکار نەهێناوە، لەمەش زیاتر سەرۆکی کوردستان قەناعەتی تەواوی هەیە بەوەی ئەو کەسانەی هەوڵی لەو جۆرە دەدەن، یان پیلانی وادەگێڕن، هەتا ئەگەر لەناو پارتی دیموکراتی کوردستانیشدا بن، یان هەر حزبێکی دیکە، ئەوانە سیاسەتی پارتی، یان حزبەکەی خۆیان جێبەجێ ناکەن، بەڵکو ئەجێندای خەڵکی دیکە جێبەجێ دەکەن، کەواتە گرنگە هەموو حزبەکانی کوردستان لەم قۆناخە هاوکاری سەرۆکی کوردستان بن بۆ ئەوەی ئەو ئەجێندایانە ئاشکرا بکەن و بە یاسا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

**● بە درێژایی مێژوو، پێشبینییەکانی بارزانی جێگەی سەرسوڕمان و مشتومڕ بووە**

لە مێژووی هەموو نەتەوەکانی جیهاندا، ئەو سەرۆکەی توانای پێشبینی بۆ هەڕەشە و مەترسییەکان هەبێت، هەروەها بەرنامەی هەبووبێت بۆ ئەوەی ئەو هەڕەشە و مەترسییانە لەسەر نەتەوەکەی دوور بخاتەوە، وەك باوکی نەتەوە، یان باوکی دامەزرێنەری ئازادی لە مێژووی نەتەوەدا ناوی تۆمار کراوە، شکۆی ئەم جۆرە سەرکردانە پەیوەندی بە پۆستەکەیانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەو قۆناخە هەستیارەی مێژووی نەتەوەوە هەیە کە سەرۆك دەیگەیەنێتە کەناری ئارامی، هەر بۆ نموونە لە ئەمریکا هەندێك سەرۆك نازناوی باوکی دامەزرێنەریان پێدەدرێت، ئەم نازناوە تەنها بۆ جۆرج واشنتۆن و هاوەڵاکانی نییە کە کۆماری ئەمریکایان دامەزراندووە، بەڵکو بۆ ئەو سەرۆکانەشە کە لە قۆناخە جیاوازەکانی مێژووی ئەمریکا توانیویانە پارێزگاری لە دەستوور و کۆماری ئازادی ئەمریکا بکەن، لەوانە ئەبراهام لنکۆڵن کە ئێستا لە مێژووی ئەمریکا پێی دەگوترێت (میراتی ئازادی) کاتێك بڕیاری شەڕی دا لە دژی دیاردەی کۆیلایەتی، کۆنگرێس دەسەڵاتی شەڕی پێنەدا، بەڵام لینکۆڵن لە کاتی شەڕدا بینایەکی تازەی بۆ کۆنگرێس دروستکرد، بۆ ئەوەی دوای شەڕ لەناو ئەو بینایە تازە وەڵامی کۆنگرێسمانەکان بداتەوە. هەروەها رۆزفلت لە ماوەی شەڕی دووەمی جیهانیدا کە پێویست بوو ئەمریکا بەشداری ئەو شەڕە بکات، دیسان زۆر کەس لە پێشبینییەکەی رۆزفلت تێنەدەگەیشتن، بۆیە ناچار بوو پەنا بەرێتە بەر گەلەکەی بە رێگەی لێدوانە هەفتانەییەکانی رادیۆ رای گشتی بگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کە پێویستە ئەمریکا بەشداری شەڕەکە بێت، ئەم حاڵەتە لە ژیانی وینستۆن چەرچلی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیاش هەبووە، کاتێك باسی مەترسیی نازییەتی دەکرد و لەسەری دەنووسی، خەڵك لایان سەیر بوو، چەرچڵ بەو ئاستە نازییەت بە مەترسی دەزانێت، ئەمە لە مێژووی فەرەنساشدا لەدوای شەڕی دووەمی جیهانی دیاردەیەکی دیکەیە، کاتێك دیگۆل ویستی بنەمایەك بۆ سیستەمێکی بەهێز لە کۆماری چوارەم بۆ ئایندەی فەرەنسا دابڕێژێت، بەڵام پێشنیارەکەی دیگۆل سەرنەکەوت و لە ماوەی ١٢ ساڵدا سیستەمە لاوازەکەی کۆماری چوارەم نەك هەر بووە هۆی ئەوەی فەرەنسا زۆر شوێن لە جیهاندا لەدەست بدات، بەڵکو لە ساڵی ١٩٥٦ کار گەیشتە ئەوەی مۆسکۆ هەڕەشەی سووتاندنی پاریس بکات، بۆیە لە ١٩٥٨ گەلی فەرەنسا پشتگیری دیگۆلیان کرد و فەرەنسا دووبارە شکۆی بۆ گەڕایەوە.

هەڵوەستەکردن لەسەر باکگراوەندی سەرکردە مێژووییەکانی جیهان، رێگەمان بۆ ئاسان دەکات بەوەی باشتر لەسەر پێشبینییەکانی سەرۆك بارزانی هەڵوەستە بکەین و ئەوەمان بەلاوە سەیر نەبێت لەگەڵ هەر پێشبینییەکی بەڕێزیان جۆرێك لە سەرسامی و تەفسیری جۆراوجۆر و هەندێك جار قسەی لابەلاش دێنەئاراوە، لەمەش زیاتر لەناو پارتی دیموکراتی کوردستانیشدا بیروبۆچوون و شرۆڤەی جیاواز لەسەر پێشبینی و هەڵوێستەکانی سەرۆك بارزانی دێنەئاراوە و زۆر جار بە جۆرێك لە مەترسی لەسەر ئایندە لێکدراونەتەوە، هەر بۆ نموونە ئەگەر سەیری ١٠-١٢ ساڵی رابردوو بکەین، دەبینین کاتێك بەڕێز مسعود بارزانی هەڵوێستی هەرێمی کوردستانی بە نامەیەك لە رۆژنامەی برایەتی لە ٢٠٠٣ بڵاوکردەوە و تیایدا رایگەیاند: «دەبێت سوپای تورکیا بەسەر لاشەی ئێمەدا کوردستان داگیربکات»، بووە هۆکاری ئەوەی

**لە مێژووی هەموو نەتەوەکانی جیهاندا، ئەو سەرۆکەی توانای پێشبینی بۆ هەڕەشە و مەترسییەکان هەبێت و هەروەها بەرنامەی هەبووبێت بۆ ئەوەی ئەو هەڕەشە و مەترسییانە لەسەر نەتەوەکەی دوور بخاتەوە، وەك باوکی نەتەوە، یان باوکی دامەزرێنەری ئازادی لە مێژووی نەتەوەدا ناوی تۆمار کراوە**

**خیانەت ئەوەیە کوردێك خۆی بە سیاسەتمەدار و تێکۆشەر بزانێت و جورئەتی ئەوە بکات بڵێت: (شنگال، یان خانەقین، یان کەرکووك) کوردستان نییە، یان جورئەتی ئەوە بکات و بەیاننامە دەربکات و بڵێت: (جیاوازی لە نێوان حەشدی شەعبی و هێزی پێشمەرگە) نییە**

**بەکارهێنانی وشەی خیانەت لە نامەکەی سەرۆکی کوردستاندا، هەروا مەسەلەیەکی سانا نییە بەسەرماندا تێپەڕێت، پێویستی بەوە هەیە هەموومان پرسیار لە ویژدانی خۆمان بکەین: ئایا لە ویژدانی هەر تاکێکدا خیانەت چ مانایەکی هەیە؟**



**ئەو دەنگ و هەوڵانەی ئێستا بۆ تێکدانی یەکڕیزی کورد دەردەکەون، پەیوەندی بە سیاسەتی حزبەکانی کوردستانەوە نییە و هەندێک کەسن کە حزبەکانی خۆیان کردووە بە چەتر بۆ ئەوەی مەرامی خەڵکانی دیکە جێبەجێ بکەن**

هەموو هاوسەنگییەك لەسەر ئاستی ناوچەکە بگۆڕێت، ئەوەی تورکیا چاوەڕێی نەدەکرد، ئەو نامەیەی بەڕێز مسعود بارزانی بوو، لەبەر ئەوەی یەك دوو ساڵ پێش ئەوە تەنها سوپای تورکیا هەڕەشەی لە حکومەتەکەی حافز ئەسەد کرد، سووریا لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا تەسلیم بوو، داواکەی تورکیای جێبەجێ کرد، لەسەر ئەم نامەیە نەك هەموو سیاسەتمەداران پێیانوا بوو موجازەفەیە، بەڵکو لەناو پارتیشدا بە حەزەرەوە ئەو هەڵوێستانە دووبارە دەکرانەوە، بۆ شاهیدی مێژووش لە مارتی ٢٠٠٣ و بە چەند رۆژێك پێش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی ئازادی عێراق لەلایەن هاوپەیمانانەوە، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا کە نوێنەری زۆربەی هەر زۆری میدیا جیهانییەکانی تێدا ئامادە بوون، بەڕێز مسعود بارزانی زۆر بە توندی داکۆکی لە هەڵوێستی هەرێمی کوردستان دەکرد و وەڵامی رۆژنامەنووسانی دەدایەوە، بەڵام کاتێك لەلایەن ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتییەوە ئەو قسانە دەکرانە ئینگلیزی، بەهەمان شێوە و توندی وەرنەدەگیران، بۆیە بارزانی دوای کرد، وەرگێڕە تایبەتیەکەی خۆی بێت و قسەکانی وەك خۆی بکات بە ئینگلیزی و میدیاکانی جیهان بە هەمان توندی بە رای گشتی جیهانی بگەیەنن. لەمەش زیاتر پرۆفیسۆر براندن ئۆلێری کە راویژکارێکی دەستووری نیودەوڵەتی بوو بۆ پرۆژەی دەستووری عێراق، خۆی بۆ نووسەری ئەم دێڕانەی گێڕایەوە بەوەی ئەمریکییەکان هەولیاندابوو گوشار بخەنە سەر بەڕێز مسعود بارزانی بۆ ئەوەی لە پرۆژەی نووسینەوەی دەستووری عێراقدا زۆر پێدانەگرێت، ئەو پێی گوتین: «من بە ئەمریکییەکانم گوت گوشار مەخەنە سەر بەڕێز مسعود بارزانی لەبەر ئەوەی نە خۆی لەسەر مافەکانی کوردستان لە دەستووری عێراق سازش دەکات و نە گەلەکەشی لێی قبووڵ دەکات». پاشانیش هەر لە ٢٠٠٥ پرۆفیسۆر براندن ئۆلێری لە وتارێکیدا لە رۆژنامەی فاینشیال تایمز، هەمان مەسەلەی بۆ رای گشتی ئەمریکا خستەڕوو بە ئیدارەی ئەمریکیشی راگەیاند، گوشارەکانتان بۆ سەر مسعود بارزانی سوودی نییە.



لەمەش زیاتر سەرۆك بارزانی لە نەورۆزی ٢٠١٢ بە هەموو جیهانی ڕاگەیاند، ئەگەر حکومەتەکەی نوری مالیکی لە بەغدا بەردەوام بێت لە تاکڕەوی و بەرەو دیکتاتۆریەت هەنگاو هەڵبگرێت، ئەوا کارەسات لە عێراق دروست دەبێت و نابێت کوردستان ببێتە بەشێك لەو کارەساتە، ئەوکاتیش زۆر کەس پێیان سەیر بوو لەو کاتەدا سەرۆك بارزانی ئەم هۆشدارییە بە کوردستان و عێراق و جیهان دەدات، کەچی پاشان بینیمان عێراق چی بەسەر هات و دەرکەوت پێشبینییەکانی سەرۆك بارزانی چەند لە جێگەی خۆیدا بووە.

لێرەدا گرنگە ئاماژە بە کۆنگرەی ٥١ی میونیخ بۆ ئاسایش بکەین، کە بەرنامەی سەرەکی کۆنگرەکە بۆ دوو پرسی سەرەکی بوو، (یەکەمیان پرسی ڕووسیا و ئۆکرانیا، دووەمیان پرسی تیرۆریستانی داعش)، هەموو ئامانجی ئەم کۆنگرەیە ئەوە بوو کە ڕێگەچارەیەك بۆ مانەوەی سنوورەکان بدۆزنەوە، بەڵام سەرۆك بارزانی بە هەموویانی ڕاگەیاند سنوورەکانی سایکس پیکۆ هەڵەن و دەبێت ئەو هەڵەیە ڕاست بکرێتەوە.

### ● خەمی بارزانی
### یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی نەتەوەییە

ئەوەی لە ئێستا سەرۆك بارزانی ترسی لێی هەیە دروستبوونی درز و کەلێنە لە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی و یەکگوتاری نەتەوەییمان، هەر بۆیە زۆر ڕاشکاوانە داوای هاوکاری لەسەرجەم گەلی کوردستان و حزبە سیاسییەکان و دامەزراوە شەرعییەکانی کوردستان دەکات کە هەموو پێکەوە هاوکار بن بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ ئەو هەڕەشە و مەترسییانە دابنرێت کە هەڕەشە لە ئایندەی نەتەوەکەمان دەکات، بۆیە لە ئێستادا زۆر ڕاشکاوانە دەستی خستۆتە سەر برینەکان و هۆشداری دەداتە هەموو گەلی کوردستان بۆ ئەوەی ڕێگە لەم هەوڵانە بگیرێت و سەرلەنوێ ئەو درز و کەلێنانە پڕبکرێنەوە، لەبەر ئەوەی تەنها ڕێگە بۆ پاراستنی سەرکەوتنەکان و هەنگاو هەڵگرتن بۆ ئایندەیەکی گەشتر، لە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی و یەکگوتاریی نەتەوەییمانەوە دەست پێدەکات.

**هەموو حزبەکانی کوردستان بە حزبەکانی ناو پەرلەمان و دەرەوەی پەرلەمان لەسەر ئەوە کۆکن کە بێجگە لە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی هیچ شتێک بە هانای ئەم قۆناخە هەستیار و پڕمەترسییەی نەتەوەکەمانەوە نایەت**



شێروان حەیدەری

سکرتێری لیژنەی نووسینەوەی پرۆژەی دەستووری کوردستان بۆ گوڵان:

# لەناو دەستەبژێری سیاسیی کوردستاندا تێنەگەیشتنێکی گەورە لە سەر سیستمی پەرلەمانی بوونی هەیە

بۆ ئەوەی هیچ ئیشکالیەتێك لەسەر رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان نەمێنێت و سازانێکی نیشتمانی لەسەر دروست بێت، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەرلەمانی کوردستانی راسپاردووە کە پێداچوونەوە بە رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان بکرێت و ئەو بڕگە و ماددانەی بیروبۆچوونی جیاوازی لەسەر هەیە، سازانی نیشتمانی لەسەر بکرێت، یەکێك لەو خاڵانەی ئیشکالیەتی لەسەر هەیە، پرسی سیستمی حوکمڕانییە کە لە رەشنووسی دەستوورەکە بە سیستمی پەرلەمانی دەستنیشان کراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەپێی رەشنووسی ئەو دەستوورە سەرۆکی هەرێمی کوردستان راستەوخۆ لەلایەن گەلی کوردستانەوە هەڵدەبژێردرێت، هەندێك بۆچوون دروست بووە کە پێیانوایە ئەو سیستمە، یان سەرۆکایەتییە، یان تێکەڵاوە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەو پرسانە ئەم دیدارەمان لەگەڵ یاساناس شێروان حەیدەری سکرتێری لیژنەی نووسینەوەی پرۆژەی دەستووری کوردستان ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکان گوڵانی دایەوە.

*** بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە سکرتێری لیژنەی نووسینەوەی پڕۆژەی دەستوور کوردستان بووی، ئایا ئەو لیژنەیەی ئێوە لەسەر چ بنەمایەك پڕۆژەکەی ئامادە کردووە؟**

- پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، تەنها باسی ئەمڕۆ نییە، بەڵکو لە دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ئەمە پرسێك بووە بەردەوام باسی لێکراوە، هەتا لە ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٩ پەرلەمانی کوردستان پەسەندی کردووە، سەبارەت بە پرسیارەکەشتان دیارە هەر سیستمێکی سیاسی کە خواستی دیموکراتی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ هەبێت و بڕوای بە لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان هەبێت، ئەوا هەر لەسەر ئەم بنەمایانەش دەستوورەکەی دادەڕێژێت و دەستووریش وەك یاسای بنەڕەتی شکۆی ئەو وڵاتە لەو چوارچێوەیەدا دەپارێزێت. بۆیە سێ خاڵی گرنگ لە داڕشتنی ئەم دەستوورەدا رەچاو کراوە کە بریتین:

١. ئەم دەستوورە پێچەوانەی دەستووری عێراق نەبێت، بەو سیفەتەی لە عێراقدا سیستمێکی فیدراڵی هەیە و کوردستان هەرێمێکی نێو ئەو سیستمە فیدراڵییەیە.

٢. پێویستە ئەم دەستوورە رەچاوی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و مافی ئافرەت و منداڵ بکات و هەموو ئەو بنەمایانەی کە لە جیهانی سەردەمدان رەچاو بکرێت.

٣. ئەم دەستوورە رێز لە فرەیی ئایینی و نەتەوەیی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان بگرێت.

ئەگەر سەرنج لە پڕۆژەی دەستوورەکەش بدەین، هەست دەکەین ئەم بنەمایانەی هەمووی رەچاو کردووە، راستە هیچ دەستوورێك بێ کەموکوڕی نییە، بەڵام کەموکورتییەکان بەو ئاستە نین کە ڕێگە لە راپرسی، یان ریفراندۆم بگرێت، ئێمە وەك لیژنەی نووسینەوەی دەستوور کە لەگەڵ جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبووینەوە، ئەم راستییانەمان بە جەنابی راگەیاندووە، بەڵام سەرۆك بارزانی پێی باش بوو لەسەر ئەو بڕگانەی جیاوازی هەیە، لە خولی چوارەمی پەرلەمان پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و کارێك بکرێت هەموو لایەك بگەنە سازانێکی نیشتمانی و ئومێدەوارین پەرلەمان لەم خولەدا بە خێرایی ئەم ئەرکە راپەڕێنێت.

*** ئەگەر سەرنج لە پرۆسەی دەنگدان لەسەر رەشنووسی دەستوورەکە بدەین، دەبینین لە ٢٠٠٩ لە کۆی ٩٦ پەرلەمانتار ٩٥ پەرلەمانتار دەنگی بە دەستوورەکە داوە، بەڵام ئەمجارە بۆ دامەزراندنی لیژنەیەك بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور ٧٧ پەرلەمانتار دەنگی داوە، پێتوا نییە ئەم ریژەیە کەمترە لە سازانی نیشتمانی؟**

- ئێمە وەك لیژنەی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان بیروبۆچوونی هەموو لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی کوردستانمان وەرگرتووە و سەردانی کەسی یەکەمی ئەو حزبە سیاسییانەشمان کردووە کە لە پەرلەماندا کورسییان هەبووە، هەربۆیە دەستوورەکە رەنگدانەوەی بۆچوونی هەموو لایەك بووە، هیچ لایەکیش پێش دەنگدان لەسەر پڕۆژەی دەستوورەکە رەخنە و تێبینی نەبووە، هەربۆیە کە خرایە دەنگدانەوە لە کۆی ٩٦ پەرلەمانتاری ئامادەبوو، ٩٥ پەرلەمانتار دەستوورەکەیان پەسەند کردووە و دەنگیان بۆداوە، بەڵام ئەمجارە تەنها ٧٧ پەرلەمانتار دامەزراندنی ئەو لیژنە پەرەلەمانیان بۆ پێداچوونەوە بە دەستوور پەسەند کردووە، من هیوادارم لەم بۆچوونەم و لەم بەراوردکردنە بە هەڵەدا چووبم، بەڵام ئەم ڕێژەیە جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، لەبەر ئەوەی ئێمە کاتێك باسی سازانی نیشتمانی دەکەین و ٧٧ دەنگیش بە پرۆسەکە دەدرێ، ئەمە سەرەتایەکی باش نییە.

*** ئەوەی زۆر قسە و باسی لەسەر دەکرێت لەبارەی پرسی دەستوور، پرسی شێوازی سیستمی حوکمڕانیی کوردستانە، بەوەی داوادەکرێت بکرێتە پەرلەمانی، ئایا لە پڕۆژەی دەستوورەکە بە چ شێوازێك سیستمی حوکمڕانیی کوردستان دیاریکراوە؟**

- لە ماددەی یەکەمی پڕۆژەی دەستووری کوردستان نووسراوە، سیستمی حوکمڕانی لە کوردستان سیستمێکی پەرلەمانییە، بەڵام لەسەر ئەم پرسە تێنەگەیشتنێکی هەڵە لە ناو کۆمەڵگە بەگشتی و لەناو دەستەبژێری سیاسیی کوردستان بوونی هەیە، بۆیە ئەم بۆچوونەی کە پێی وایە ئەم سیستمە پەرلەمانی نییە، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەڵێن: مادام سەرۆك راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێرێت، ئەوا سیستمەکە یان سەرۆکایەتییە، یان تێکەڵاوە، بەڵام ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە و چەندین وڵاتی دیموکراتی هەن کە سیستمەکەیان پەرلەمانییە و سەرۆکیش راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت، خاڵێکی دیکە کە باسی لێوە دەکرێت، مەسەلەی ئەو دەسەڵاتانەیە کە لە دەستوورەکە بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان دیاریکراوە، لەسەر ئەمەش بۆچوونێك هەیە دەڵێن: لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی سەرۆکی کۆمار لە عێراقدا رەمزی و تەشریفاتییە، نابێت سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی رەهای هەبێت، من پێموایە لە دەستووری کوردستانیشدا سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی رەهای نییە، بۆچوونێکی دی هەیە دەڵێن: ئەگەر سەرۆك لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرێت، زەمینە بۆ دیکتاتۆریەت دروست دەبێت، بەڵام ئەم بۆچوونەش

**وەک یاساناسێک لەگەڵ ئەوەم سەرۆک راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرێت و متمانەی پێبدرێت، ئەمەش وەک فراوانکردنی پانتایی دیموکراتی و بەشداریی زیاتری هاووڵاتییان لە پرۆسە سیاسییەکە دەبینم**

**گرنگە ئێمە بەپێی باروودۆخی ئێستای کوردستان و بەپێی گونجاوی بۆ کوردستان سیستمێک بۆ خۆمان هەڵبژێرین، نەک لاسایی ئەم و ئەو بکەینەوە**

**چەندین وڵاتی دیموکراتی هەن کە سیستمەکەیان پەرلەمانییە و سەرۆکیش راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت**

ڕێژەییە، چونکە لە عێراقدا سیستمێکی پەرلەمانیش هەبوو، بەڵام سەرۆك وەزیران نوری مالیکی بووە گەورەترین دیکتاتۆر، لەم چوارچێوەیەدا گرنگە ئێمە بەپێی بارودۆخی ئێستای کوردستان و بەپێی گونجاوی بۆ کوردستان سیستمێك بۆ خۆمان هەڵبژێرین، نەك لاسایی ئەم و ئەو بکەینەوە.

*** لەکاتی نووسینەوە، یان ئامادەکردنی پڕۆژەی دەستوور لە زۆر وڵات بیروبۆچوونی جیاواز لە نیوان یاساناسان هەبووە، چۆن ئەو بۆچوونانەتان لە پرۆژەکە یەکلایی کردەوە؟**

- ئێمە یەکەم وڵات نین کە بۆچوونی جیاواز لەسەر پڕۆژەی دەستوور دێتەئاراوە، هەر بۆ نموونە ئێمە وەك لیژنەی نووسینەوەی دەستوور رای خۆمان بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان گەیاندووە بەوەی دەستوورەکە هەموو رێکاری یاسایی خۆی تەواو کردووە و پێویستە بخرێتە ریفراندۆمەوە، لەبەرامبەردا بۆچوونێکی دیکە هەبووە، بە باشی زانیوە پێداچوونەوەی پێدابکرێت و سازانی لەسەر بکرێت، سەرەنجام سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو بۆچوونە بووە کە پێداچوونەوە و سازانی لەسەر بکرێت بۆ ئەوەی یەکریزی ناو کورد بپارێزرێت و دەستووریش وەك پرسێکی نیشتمانی جێگەی رەزامەندی هەموو لایەك، یان زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان بێت، بەڵام هەمان کێشە لە ساڵی ١٩٧٠ لە میسر لەسەر دەستوور هاتەئاراوە، گرووپێك لە یاساناسان داوایان دەکرد دەستوورەکە بگەڕێتەوە و پێداچوونەوەی پێدابکرێت، گرووپێکیش داوای دەکرد دەستوورەکە بخرێتە ریفراندۆمەوە و پاشان هەموار بکرێتەوە، لەوێ رای ئەو گرووپە سەرکەوت کە داوای دەکرد بخرێتە ریفراندۆمەوە، دەستوورەکەش خرایە ریفراندۆمەوە و دەنگی لەسەر درا. بۆیە دەستوور مەسەلەیەك نییە کە خرایە دەنگدانەوە نەتواندرێت هەموار بکرێت، یان دەستکاری بکرێت، دەستوور بەپێی گۆڕانکارییەکان دەستکاری دەکرێت، هەر بۆ نموونە دەستووری ئەمریکا دوای دوو ساڵ هەموار کراوەتەوە. ئێمەش دەتوانین کەی پێویست بێت دەستووری خۆمان هەموار بکەینەوە، هەتا ئەگەر ئەو دەستوورە بخرایەتە دەنگدان و گەلی کوردستانیش پەسەندی بکردایە.

*** لەسەر پرسی هەڵبژاردنی سەرۆك لەلایەن گەلەوە، دیارە ئەمەش شێوازێکە لە کۆمەڵگەی دیموکراتی، لە بەرامبەردا شێوازێکی دیکە هەیە کە لەپەرلەمانەوە سەرۆك هەڵدەبژێرێت، ئایا کام لەم دوو شێوازە پانتایی دیموکراتی و بەشداری هاووڵاتیان لە پرۆسە سیاسییەکە فراوانتر دەکات؟**

- بێگومان لە کۆمەڵگەی دیموکراتی هەردوو شێوازەکە پیادە دەکرێت، بۆیە تێڕوانینی جیاواز لەسەر هەردوو شێوازەکە هەیە، من خۆم وەك یاساناسێك لەگەڵ ئەوەم سەرۆك راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرێت و متمانەی پێبدرێت، ئەمەش وەك فراوانکردنی پانتایی دیموکراتی و بەشداریی زیاتری هاووڵاتیان لە پرۆسە سیاسییەکە دەبینم، لەبەر ئەوەی ئەگەر سەیری پەرلەمانی کوردستان بکەین، هەست دەکەین لە چەند فراکسیۆنێك پێکهاتووە، راستە ئەم فراکسیۆنانە بە دەنگی خەڵك بوونەتە ئەندامی پەرلەمان، بەڵام لایەنی دیکەش هەیە کە نەیتوانیوە کورسی پەرلەمانی بەدەست بهێنێت، لە هەموویان دیارتر بێلایەنەکان، کە لە ئێستادا لەناو پەرلەمانی کوردستان کورسییان نییە، بۆیە ئەگەر سەرۆك لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت، بوارێك دروست دەبێت بۆ ئەوەی خەڵك زیاتر بەشداری بکات و دەنگ بە سەرۆکی خۆی بدات، ئەمەش زەمینەیەکی فراوانتر بۆ دیموکراتی و بەشداریی خەڵك دروست دەکات.

*** زۆر جار جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە دەستووری کوردستان پێویستە وەك دەستووری عێراق وابێت، ئایا مەبەست لەمە چییە؟**

- دەستووری کوردستان بە هاوشێوەی دەستووری عێراق لەسەر بنەمای سیستمی پەرلەمانی دارێژراوە، بەڵام بە قەناعەتی من ئەوەی زیاتر جەختی لەسەر دەکرێتەوە، بەراوردکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمارە لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و داوا دەکەن دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم بە هاوشێوەی سەرۆك کۆماری عێراق رەمزی و تەشریفاتی بێت، خاڵێکی دیکە کە باس دەکرێت، ئەوەیە دەڵێن: دەبێت سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش وەك سەرۆك کۆماری عێراق لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، بێجگە لەم دوو پرسە هیچ مەسەلەیەکی دیکە نییە، بەڵام خاڵێکی گرنگ هەیە و دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم، ئەویش ئەوەیە من مەزندە ناکەم دوو دەستوور لەم جیهانە هەبن کۆپی یەکتری بن، ئەگەر دستووری کوردستان کۆپی دستووری عێراق بێت، کەواتە ئێمە دەستوورمان بۆچییە؟ دەستوور بەپێی واقیعی سیاسی و کۆمەڵگە دادەنرێت، ئێمەش وەك هەرێمی کوردستان بەپێی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان دەستووری خۆمان دادەڕێژین و لە رووی پرەنسیپەوە لەگەڵ دەستووری عێراق هاودژ نییە، چەند پرەنسیپێك هەیە لە نووسینەوەی دەستوور رەچاو دەکرێت، بۆیە دەبێت ئەم لیژنەیەش کە بۆ پێداچوونەوەی دەستوور دانراوە لەسەر ئەو بنەمایە کار بکات و پرسەکان یەکلایی بکاتەوە.

**لە ماددەی یەکەمی پڕۆژەی دەستووری کوردستان نووسراوە، سیستمی حوکمڕانی لە کوردستان سیستمێکی پەرلەمانییە، بەڵام لەسەر ئەم پرسە تێنەگەیشتنێکی هەڵە لە ناو کۆمەڵگە بەگشتی و لەناو دەستەبژێری سیاسیی کوردستان بوونی هەیە**

**هیچ دەستوورێک بێ کەموکوڕی نییە، بەڵام کەموکورتییەکان بەو ئاستە نین کە رێگە لە راپرسی، یان ریفراندۆم بگرێت**

**مەزندە ناکەم دوو دەستوور لەم جیهانە هەبن کۆپی یەکتری بن، ئەگەر دستووری کوردستان کۆپی دستووری عێراق بێت، کەواتە ئێمە دەستوورمان بۆچییە؟**



رۆمیۆ هەکاری سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی بەیت نەهرێن بۆ گوڵان:

# ئەگەر پشتگیری سەرۆک بارزانی نەبووایە، ئێمە وەک کلد و سریان و ئاشووری لە پڕۆژەی دەستووری کوردستاندا پارچەپارچە کرابووین

دەستوور یەکێکە لەو پرسە نیشتمانییانەی کە بۆ هەر هەموو پێکهاتەکانی گەلی کوردستان دەنووسرێت و تایبەت نییە بە پێکهاتەیەك، یان لایەنێکی دیاریکراو، هەربۆیەش نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکان و تەواوی پێکهاتەکانی کوردستان بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە، ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی ئەو پڕۆژەدەستووره بوون کە لە ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٩ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کرا و بۆ راپرسی ئامادەکرا، بەڵام پاشان بە هۆی کاریگەی فشاری حزبی و دەرەکی نەتواندرا بخرێتە راپرسییەوە. سەبارەت بە گرنگیی دەستوور بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان، ئەم دیدارەمان لەگەڵ رمیۆ هەکاری سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی بەیت نەهرێن و نوێنەری کلد و سریان و ئاشووری لە پرۆسەی نووسینەوەی دەستوور ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

*** دەستوور بۆ هەموو گەلی کوردستانە بە جیاوازی نەتەوە و ئایینەوە، ئێوە وەك پێکهاتەیەکی سەرەکی نەتەوەیی و ئایینی جیاواز لە کوردستان، چۆن سەیری بایەخی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان دەکەن؟**

- پێش هەموو شت کە باس لەوە دەکەین خۆمان خۆمان بەڕێوەبەرین و باس لەوە دەکەین لە ئایندەیەکی دوور، یان نزیك خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان بین، ئەوا دەبێت پێش هەر شتێك خاوەنی دەستووری خۆمان بین، لەبەر ئەوەی دەستوور وەك دایکی هەموو یاسان کۆڵەگەی سەرەکییە بۆ ڕێکخستنی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە و هەروەها ڕێکخستنی پێکەوەژیان و لێبووردەیی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا، بۆیە دەستوور سەرچاوەیەکی گرنگ و هەنگاوی یەکەمە بۆ ئەو ڕێکخستنە.

*** یەکێك لە ئەندامانی لیژنەی نووسینەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بوویت و دەزانیت ئەو پرۆژەیە هەموو ڕێکارە یاساییەکانی خۆی تەواو کرد و پەرلەمان پەسەندی کرد و ئامادەکرا بۆ ڕاپرسی، ئایا باشتر نەبوو ئەو دەستوورە بخرێتە دەنگدانەوە؟**

- من وەك یەکێك لە ئەندامانی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور و هەروەها نوێنەری کلد و سریان و ئاشووری لەو پرۆسەیەدا، هەروەها وەك ئەندامێکی پێشووی پەرلەمان و ئێستاش وەك هاووڵاتییەکی کوردستان، هەموو کات لەگەڵ ئەوە بووم کە هەموو هەوڵەکان بخرێنەگەڕ بۆ ئەوەی دەستوور بە زووترین کات بخرێتە ڕاپرسییەوە، بەتایبەتی ئەم پرۆژەی دەستوورەی کە پەرلەمان پەسەندی کردو نێردرا بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و لای بەڕێزیشیان پەسەند کراوە، بە هەر حاڵ بە هۆی کێشە و گرفتی ناوخۆ و هەروەها کێشەکانی نێوان بەغداو هەرێم و کاریگەری دەوروبەر ئەو پرۆژەیە ڕاپرسی لەسەر نەکرا و نەمانتوانی ببین بە خاوەنی دەستووری خۆمان، لێرەدا نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت، ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە وڵاتێکدا دەژین کە ناوی عێراقە و هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لەو دەوڵەتە و لەم دەوڵەتەشدا هەموو شتێك لە سەر بنەمای تەوافق بەڕێوەچووە، هەرچەندە وەك ڕای شەخسی خۆم پێموایە تەوافق واتە خنکاندنی دیموکراتی، بەڵام بمانەوێت، یان نەمانەوێت، بەشی زۆری حزبە سیاسییەکانی کوردستان لە هەموو پرسەکاندا داوای تەوافق دەکەن، بێگومان دەستووریش یەکێکە لەو پرسانە، لە ئێستادا شتێکی باشە نیمچە تەوافقێك لە نێوان لایەنە سیاسییەکان دروست بووە، بەڵام گرنگە زیاتر پەلە بکەن بۆ ئەوەی ئەم پرسە زوو یەکلایی بکەنەوە، ئەوەی لە ئێستا گرنگە و دەبێت هەموو لایەنە سیاسییەکان پێوەی پابەند بن دوو مەسەلەیە:

١. دەبێت هەموو لایەك بگەنە ئەو قەناعەتەی کە دەستوور زەرورەتە بۆ خەڵکی کوردستان و دەبێت لەسەر ئەم پرسە ڕێکبکەون و بسازێن.

٢. ئەگەر بارودۆخەکە لە دوای پرۆسەی نووسینەوەی دەستوور گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و پێویستە ئێستا هەندێك مادده و بڕگەی گۆڕانکاری تێدا بکرێت، ئەوا دەبێت ئەم پرۆسەیە بە خێرایی جێبەجێ بکریت و لە ماوەیەکی دیاریکراودا دەستوورەکە بخرێتە ڕاپرسییەوە.

*** تاچەند کارێکی خراپە پرۆژەی دەستوور وەك پرسێکی نیشتمانی لەگەڵ موزایەداتی سیاسی و بەرژەوەندی حزبی تێکەڵ بکرێت؟**

- نەبوونی دەستوور، یان دواکەوتنی دەستوور، ناتەبایی و لێکتێنەگەیشتن لەنێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان زیاتر دەکات، زۆر جاریش لە کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، جۆرێك لە ئیشکالیەت و لێکتێنەگەیشتنی لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دروست کردووە، بۆیە چەند دەستوور دوا بکەوێت و چەند درەنگتر بخرێتە دەنگدانەوە، هێندە زیاتر کێشەی نێوان لایەنە سیاسییەکان کەڵەکەتر دەبێت، بۆیە مەسەلەی حزبایەتی و تێڕوانینی حزبایەتی بۆ پرسەکە مەسەلەیەکە و مەسەلەی دەستوور وەك پرسێکی نیشتمانی پرسێکی دیکەیە. ئەگەر لە ڕوانگەی بەرژەوەندی حزبییەوە سەیری دەستوور بکرێت، ئەوا ئێمە هەرگیز نابینە خاوەنی دەستووری خۆمان و بە دڵنیاییەوە زیاتر لەم پرسە نیشتمانییە دوور دەکەوینەوە، بۆیە دەبێت پرسی دەستوور وەك پرسێکی نیشتمانی لە هەموو بەرژەوەندییەکی حزبی و شەخسی بەرزتر سەیر بکرێت، ئێستاش کە جۆرێك لە تەوافق دروست بووە و پێویستە پەرلەمان لیژنەیەك پێکبهێنێت، بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بە دەستوورەکە بکرێت، بەڵام گرنگە لە سەرووی بەرژەوەندی حزبییەوە لەگەڵ پرسی دەستوور مامەڵە بکرێت.

*** تا چەند لە پرۆژەی دەستووری کوردستاندا مافی ئێوە وەك نەتەوەی کلد و سریان و ئاشووری دەستەبەر کراوە؟**

- بێگومان بەشێکی زۆری مافی ئێمە وەك کلد و سریان و ئاشووری لەم دەستووردا بوونی هەیە، ئەمەش نەك تەنها مافی ئێمە، بەڵکو مافی تورکمان و هەروەها مافی تەواوی نەتەوە و ئایینەکانی دیکەش کە لە کوردستاندا دەژین ملزمە و لەم دەستوورە نووسراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی پرۆسەی دەستوور بۆ هەموو لایەکە و تەنها بۆ نەتەوەیەك نییە، هیچ لایەك ١٠٠٪ مافەکانی نەهاتووە، تەنانەت بە نەتەوەی کوردیشەوە، بەڵام هەر لایەك بەشی زۆری مافەکانی دیاریکراوە.

*** لە ئێستادا کە باسی پرۆژەی دەستوور دەکرێت، پرسی**

> **هەموو لایەنە سیاسییەکان و هەموو خەڵکی کوردستان بیریان لە زەرووڕەتی بوونی سەرۆك بارزانی بۆ ئەم قۆناخە کردۆتەوە و بۆ ئەم پرسەش چەندین کۆبوونەوە لە نێوان لایەنە سیاسییەکان کراوە**

> **ئەگەر لە ڕوانگەی بەرژەوەندی حزبییەوە سەیری دەستوور بکرێت، ئەوا ئێمە هەرگیز نابینە خاوەنی دەستووری خۆمان و بە دڵنیاییەوە زیاتر لەم پرسە نیشتمانییە دوور دەکەوینەوە**

> **بە هۆی کێشە و گرفتی ناوخۆ و هەروەها کێشەکانی نێوان بەغداو هەرێم و کاریگەری دەوروبەر ئەو پرۆژەیە ڕاپرسی لەسەر نەکرا و نەمانتوانی ببین بە خاوەنی دەستووری خۆمان**



سەرۆك بارزانی لەگەڵ شاندی سەرۆكی كەنیسەی ڕۆژهەڵاتی ئاشووری لە جیهان

**پۆستی سەرۆكی هەرێمی كوردستانیشی لەگەڵ تێكەڵ دەكرێت، ئایا ئێوە وەك نەتەوەیەكی جیاواز لە كوردستان، چۆن سەیری زەرەوورەتی سەرۆك بارزانی بۆ ئەم قۆناخە دەكەن؟**

- وەك پێشتریش ئاماژەم پێكرد، پرسی دەستوور مەسەلەیەكی نیشتمانییە و نابێت تێكەڵی هیچ پرسێكی دیكە بكرێت، ئێستاش من گەشبینم كە هەموو لایەنەكان تا ڕاددەیەك گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی كە بە شێوەیەكی دیكە لەگەڵ پرسی دەستوور مامەڵە بكەن، سەبارەت بە زەرووڕەتی جەنابی كاك مسعود بارزانی بۆ ئەم قۆناخە، ئاشكرایە هەموو لایەنە سیاسییەكان و هەموو خەڵكی كوردستان بیریان لە زەرووڕەتی بوونی سەرۆك بارزانی بۆ ئەم قۆناخە كردۆتەوە و بۆ ئەم پرسەش چەندین كۆبوونەوە لە نێوان لایەنە سیاسییەكان كراوە و ئەم پرسە باسكراوە، ئێمە ئەگەر واقیعییانە سەیری باروودۆخی ئێستا بكەین، دیارە ئێمە لە قۆناخێكی هەستیار و پڕمەترسی و لە حاڵەتی شەڕداین و ڕووبەڕووی دوژمنێك بووینەتەوە كە زۆر دڕندەیە، بۆیە لەم قۆناخە ئەركی سەرشانی هەموو لایەكمانە پشتگیری لە جەنابی كاك مسعود بارزانی بكەین، بەتایبەتی كە لەم قۆناخە هەستیار و پڕمەترسییەدا ڕۆڵێكی بەرز و باڵای بۆ ڕاگرتنی باڵانس لە نێوان تێكڕای لایەنە سیاسییەكان گێڕاوە، سەركردایەتی بەڕێزیان لەم قۆناخە وایكردووە هەموو جیهان بە ڕێز و تەقدیرەوە سەیری هەرێمی كوردستان بكەن، بۆیە پێمانوایە مانەوەی سەرۆك بارزانی وەك سەرۆكی هەرێمی كوردستان بۆ دەربازكردنی كوردستان لەم قۆناخە هەستیار و پڕمەترسییە زەرووڕەتە و دەبێت بمێنێتەوە.

*** ئاماژەت بە ڕۆڵی سەرۆك بارزانی كرد لە ڕاگرتنی باڵانس لە نێوان لایەنە سیاسییەكان، ئایا تاچەند بۆ چەسپاندی مافی پێكهاتە نەتەوەیی و ئایینەكانی دیكەی كوردستان ڕۆڵی كاریگەری هەبووە؟**


- من لە یادمە كاتێك ئێمە وەك نوێنەری پێكهاتەكان بەشداری بەشێكی نووسینەوەی دەستووری عێراقمان كرد لە بەغدا، سەرۆك بارزانی و مام جەلال ڕۆڵێكی كاریگەریان هەبوو لە چەسپاندنی مافی پێكهاتەكانی دیكە، بەڵام لەسەر ئاستی دەستووری كوردستان ڕۆڵ و پشتگیری سەرۆك بارزانی گرنگ و مێژوویی بووە بۆ ئێمە وەك نەتەوەی كلد و سریان و ئاشووری و شوێن پەنجەیان دیارە، لەبیرمە پێش چەند كاتژمێرێك لەوەی پەرلەمانی كوردستان بۆ پەسەندكردنی پرۆژەی دەستوور كۆببێتەوە، هەوڵێك هەبوو دەیانویست نەتەوەی ئێمە پەرتەوازە بكەن و بیكەن بە چەند پارچەیەك، بەڵام بە ڕۆڵ و پشتگیری سەرۆك بارزانی توانیمان لە یەكێك لە ماددەكانی دەستووری هەرێمی كوردستان ئەوە بچەسپێنین كە ئێمە نەتەوەیەكی یەكگرتووین بە ناوی گەلی سریان و كلد و ئاشووری، بەڕاستی ئەمە بۆ مێژووی ئێمە گرنگە و ناكرێت هەرگیز ئەو ڕۆڵ و پشتگیرییەی جەنابی سەرۆك بارزانی لەیاد بكەین.



# ئایندەی ڕۆژنامەوانی لەناو پێشکەوتنە خێرا و گەورە و بەردەوامەکانی تەکنەلۆژیادا


Menu
Home
Channels
Browse
Settings
Settings
Messages
Camera
Organizer
Internet
Search
10:08
+25°C

«لە ئێستادا چیدیکە راگەیاندن لە واقیع ئاگادارمان ناکاتەوە، بەڵکو ئەگەر دەربڕینەکە دروست بێت لەناو ئەو واقیعە دەمانتوێنێتەوە، لە بارودۆخی ئێستا دەمانهێڵێتەوە و لە ناویدا نوقممان دەکات، لە بری ئەوەی وامان لێبکات لە چوارچێوەی رەهەندی مێژوویی و مانا جیاوازەکانی لە رووداوەکان تێبگەین، لە ناو شتە لاوەکییەکاندا ونمان دەکات، لەمەش زیاتر رووداوەکان خۆیان ون دەبن و لەبەریەک هەڵدەوەشێن و پەرت دەبن، هەر بۆیە راگەیاندن بۆتە ئامێرێک بۆ پەرتکردنی واقیع، ئامێرێکە بۆ تواندنەوەی رووداو و شیکردنەوەی کیمایی و وەرچەرخانی بۆ بەرهەمهێنانی ماددەی دیکە، وەرچەرخانی شەڕەکانە بۆ جەنگی لێرە و لەوێ، وەرچەرخانی هەڵوێستە بۆ کاردانەوەی ناجێگیر، گۆڕینی هزرە بۆ تێڕوانینی نیگەرانی، گۆڕینی کودەتاکانە بۆ زنجیرەیەک فیتنە، گۆڕینی داگیرکارییە بۆ هەوڵەکانی چاکسازی، هەروەها وەرچەرخانی خودی هەواڵە بۆ زنجیرەیەک قسەڵۆک کە هەر یەکەیان ئەوەی پێش خۆی بە درۆ دەخاتەوە.»



**عەبدولسەلام بن عەبد عالی**
کتێبی (ضد الراهن)

## ● راگەیاندن
## لەناو جیهانێکی تەختدا

ئەگەر جیهانگیری جیهانی کردبێتە گوندێکی بچووک، ئەوا پێشکەوتنە خێرا و گەورە و بەردەوامەکانی تەکنەلۆژیا، جیهانی بۆ راگەیاندن کردۆتە جیهانێکی تەخت، راشکاوانەتر چیدیکە شەو و رۆژ لە بەردەم کاری راگەیاندندا نابێتە لەمپەر بۆ ئەوەی هەموو جیهان لە یەك کاتدا ئاگاداری سەرجەم رووداوەکان نەبێت لە تەواوی سەر گۆی زەوی، لەمەش زیاتر کێبڕکێی رۆژنامەوانی بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بۆ هاووڵاتیان، چیدیکە خەڵك چاوەڕێی ئەوە ناکات سەرلە بەیانی لە رۆژنامەکان بیخوێنێتەوە، هەروەها چیدیکە چاوەڕێی نووسینی هەواڵی بەپەلەی سەر شاشەکانی تیڤی ناکەن، ئەگەرچی پەیامنێری کەناڵەکان زۆر بە خێراییش رووداوەکان بگوازنەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە چەند پەیامنێرەکە خێرا و دەستوبرد بکات لە گواستنەوەی رووداوەکان و چەند راستەوخۆ بە رێگەی ئێس ئێن جی پەخشی بکات، هێشتا گرتنی وێنە و ڤیدیۆ بە رێگەی مۆبایلەکان و راستەوخۆ پەخشکردنی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەهەموو پەیامنێرێك خێراترە، واتە چیدیکە هیچ کەناڵێکی راگەیاندن ناتوانێت ببێتە سەرچاوەی گەیاندنی هەواڵ و زانیاری خێرا بۆ هاووڵاتیان و هاووڵاتیان خۆیان دەبنە سەرچاوەی هەواڵ بۆ خۆیان و زانیاری و وێنە و ڤیدیۆکان بڵاو دەکەنەوە، بەمەش جۆرێك لە مانۆڕی نمایشکردنی گەیاندنی هەواڵی بەپەلە و زانیاری هەرەمەکی دروست بووە و زۆر جار کەناڵەکانی راگەیاندن و بەتایبەتی کەناڵە ئاسمانییەکان و تۆڕەکانی هەواڵ لە سەر ئەنتەرنێت، کێبڕکی لەگەڵ خێرایی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لاپەڕە تایبەتییەکانی هاووڵاتیان لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن، ئەمەش وایکردووە لە پێناوی گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بە خێرایی، رۆژنامەنووس بیر لە هەندێك ئیتیکی رۆژنامەوانی و بڵاونەکردنەوەی هەندێك لایەنی رووداو و زانیارییەکان نەکاتەوە و راستەوخۆ بێ ئەوەی زانیارییەکان بە فلتەری ئیتیکی رۆژنامەوانیدا بڕۆن، یان بەبێ ئەوەی بیر لە راستی و دروستی هەواڵەکە و کاریگەری لەسەر دەروونی هاووڵاتی بکەنەوە، هەموو شتێك وەك خۆی بڵاو دەکرێتەوە! ئەمە ئەو حاڵەتەیە کە پرۆفیسۆر عەبدولسەلام بن عەبد عالی لە کتێبی (ضد الراهن) راشکاوانە ئاماژەی پێدەکات و هەڵوەستە لەسەر ئەوە دەکات بەوەی چیدیکە راگەیاندن ناتوانێت واقیعەکەمان بۆ بگوازێتەوە، بەڵکو لەناو واقیع و بارودۆخی ئێستا ونمان دەکات و لە شتە لاوەکی و

لابەلاکاندا دەمانتوێنێتەوە، زیاد لەمەش بن عەبد عالی ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات ئەم پێشکەوتنەی تەکنەلۆژیا، هەموو کۆمەڵگەکانی کردۆتە کۆمەڵگەیەکی نمایشکار و هێندەی لەسەر رووکاری پرسەکان هەڵوەستە دەکرێت، هەوڵنادرێت رووداوەکان لە سیاقی رەهەندی مێژوویی و مانا جیاوازەکانی بخوێندرێتەوە.

### ● کاری رۆژنامەوانی نەریتی و پەروەردەکردنی نەوەیەکی نوێی رۆژنامەنووسان

هەموو پسپۆڕان و ئەکادیمیستەکانی کۆلێژەکانی رۆژنامەوانی لە جیهاندا، کۆکن لەسەر ئەوەی کە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا تەحەددییەکی گەورەی بۆ رۆژنامەوانی سەر کاغەز دروستکردووە و خەڵکی چیتر پێویستیان بەوە نییە لە رێگەی رۆژنامەی کاغەزەوە سەر لەبەیانییان ئاگاداری هەواڵ و رووداوەکانی ناوخۆیی و جیهانی بن، هەروەها کۆکن لەسەر ئەوەی بە ئاستێکی کەمتر پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا تەحەددای بۆ رۆژنامەنووسانی کەناڵەکانی سەتەلایت و رادیۆ و ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکانیش دروستکردووە، بە جۆرێك بۆتە هۆکاری ئەوەی پێشکەوتنە گەورە و خێرا و بەردەوامەکانی تەکنەلۆژیا بە جۆرێکی دیکە پیشە و رەفتاری رۆژنامەنووسان پێناسە بکاتەوە و هەموو ئیتکی رۆژنامەوانی لە خێراییدا کورت بکاتەوە، سەبارەت بەم تەحەددایە پرسیاری ئەوە هاتۆتەگۆڕێ کە ئەگەر چیتر نەتواندرێت لەسەر بنەمای رۆژنامەوانی نەریتی کاری رۆژنامەوانی ئەنجام بدرێت و چیدیکە هۆیەکانی راگەیاندن نەتوانن وەك پێویست سوود لە نووسینگەکانیان لە سەرانسەری جیهان وەربگرن، ئایا شێوازی نوێ بۆ پەروەردەکردنی نەوەیەکی نوێی رۆژنامەنووسان کە بتوانن وەڵامدەرەوەی ئەم پێشکەوتن و گۆڕانکارییە گەورە و بەردەوام و خێرایە بن، چۆن دەبێت؟ یان بە دیوێکی دیکەدا چۆن دەتواندرێت نەوەیەکی تازەی رۆژنامەنووسان پەروەردە بکرێت، کە شێوازی گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییەکانیان لە گواستنەوەی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جیاواز بێت و زانیارییەکانی رۆژنامەنووسان جێگەی متمانە و پشت پێ بەستنی هاووڵاتیان بن؟ ئایا ئەگەر هاووڵاتی متمانەی بە سەرچاوەی هەواڵ و زانیارییەکان نەما، چۆن دەتوانێت پشتی پێ ببەستێت و بۆچوونی تایبەتی خۆی لەسەر گەڵاڵە بکات و بەشداری پرۆسەی سیاسی بکات؟ لەمەش زیاتر و پرسیاری گرنگتر ئەوەیە: ئەگەر سەرچاوەی زانیاری متمانەی لەدەست دا، ئایندەی ئازادی و کۆمەڵگەی دیموکراتی بەرەو کوێ هەنگاو هەڵدەگرێت؟ ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری دیکە تەحەددی و ئاستەنگن لە بەردەم کاری رۆژنامەگەری لەم قۆناخەی ئێستادا و ئەگەر بیرمەندان و پسپۆڕانی بواری رۆژنامەوانی نەتوانن چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە، ئەوا هابرماس گوتەنی ئایندەی دیموکراتی دەکەوێتە مەترسییەوە. هابرماس ئەم قسەیەی چەندساڵێك پێش ئێستا کردووە، ئەو مەترسی لەو تەحەددییانە بووە کە رووبەڕووی کۆمپانیاکانی راگەیاندن بوونەتەوە و ئەو کۆمپانییانە ناچار بوون بۆ ئەوەی بتوانن بەردەوام بن، وەك شمەك مامەڵەیان لەگەڵ هەواڵ و زانیاری کردووە بۆ ئەوەی خەڵك بیخوێنێتەوە و بەرهەمەکەیان لێبکڕێت، بەڵام لەو ماوەیەی هابرماس ئەو قسەیەی لەسەر تەحەددییەکانی راگەیاندن کردووە، بایەخی زانیاری بۆ هاووڵاتیان لە بایەخی سووتەمەنی و وزە بۆ هاووڵاتیان کەمتر نەبووە، بۆیە لە کاتێکدا راگەیاندن رووبەڕووی ئەو تەحەددییانە دەبێتەوە، پێویستە حکومەتەکان دەستێوەردان بکەن و رێگەچارەیەك بۆ دابینکردنی سەرچاوەی زانیاری دروست بدۆزنەوە، بۆ ئەوەی هاووڵاتی لە بەشداریکردنی پرۆسەی سیاسیی دانەبڕێت، بەڵام لەماوەی ئەو چەند ساڵەی دوای ئەم هۆشدارییەی هابرماس پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا هێندە گەورە و خێران کە هەر ساڵێك بە نزیکەی ٧٥ ساڵی سەدەی بیستەم گۆڕانکاری و پێشکەوتن دروست دەکات، راشکاوانەتر ئێستا پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا لە چوار چێوەی یاسای مۆرسدایە کە بەپێی ئەم یاسایە هەموو شتێك دوو هێندەی خۆی زیاد دەکات، ئەوجا گۆڕانکارییەکە چەند گەورە بێت، لەیەك کاتدا دوو هێندەی خۆی زیاد دەکات.

ئەگەر کاری رۆژنامەگەری بە مانا نەریتییەکەی وەك دەسەڵات و هێزێك سەیر بکەین، ئەوا وەك پرۆفیسۆر جۆزیف نای لە کتێبی (ئایندەی هێز) راشکاوانە جەختی لەسەر کردۆتەوە، چۆن وەرەچەرخانی سەرچاوەی هێز لە نێوان دەوڵەتاندا گۆڕاوە بۆ وەرچەرخانی سەرچاوەی هێز لە دەوڵەتانەوە بۆ کاراکتەری غەیرەدەوڵەتی، ئەوا بەهەمان شێوە لە بری ئەوەی سەرچاوەی هێز و دەسەڵاتی رۆژنامەوانی لە نێوان کەناڵە رۆژنامەوانییەکاندا ئاڵوگۆڕ بکات، ئێستا سەرچاوەی هێز و دەسەڵاتی رۆژنامەگەری وەرچەرخاوە بۆ دەستی خەڵکانێکی نارۆژنامەنووس و هاووڵاتیانی ئاسایی، لەمەش خراپتر وەرچەرخاوە بۆ دەستی کەسانێکی تیرۆریست و مافیا، کە هۆیەکانی بڵاوکردنەوە و سەرچاوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ کاری تیرۆریستی و مافیایی بەکار دەهێنن، لەمەش زیاتر کە جۆزیف نای وەك هەڕەشەیەك بۆ گواستنەوەی هێز بۆ کاراکتەری غەیرەدەوڵەتی ئاماژەی پێکردووە، داشکانی گەورە و بەردەوام لە

**ئێستا سەرچاوەی هێز و دەسەڵاتی رۆژنامەگەری وەرچەرخاوە بۆ دەستی خەڵکانێکی نارۆژنامەنووس و هاووڵاتیانی ئاسایی، لەمەش خراپتر وەرچەرخاوە بۆ دەستی کەسانێکی تیرۆریست و مافیا، کە هۆیەکانی بڵاوکردنەوە و سەرچاوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ کاری تیرۆریستی و مافیایی بەکار دەهێنن**

**پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا هیندە گەورە و خێران کە هەر ساڵێک بە نزیکەی ٧٥ ساڵی سەدەی بیستەم گۆڕانکاری و پێشکەوتن دروست دەکات**

**بایەخی زانیاری بۆ هاووڵاتیان لە بایەخی سووتەمەنی و وزە بۆ هاووڵاتیان کەمتر نەبووە، بۆیە لە کاتێکدا راگەیاندن رووبەڕووی ئەو تەحەددییانە دەبێتەوە، پێویستە حکومەتەکان دەستێوەردان بکەن و رێگەچارەیەک بۆ دابینکردنی سەرچاوەی زانیاری دروست بدۆزنەوە، بۆ ئەوەی هاووڵاتی لە بەشداریکردنی پرۆسەی سیاسیی دانەبڕێت**



نرخی ئەنتەرنێت و ئامێرەکانی گەیاندن وەك (مۆبایل و ئایپاد و لاپتۆپ، ئەندرۆید)، هەر یەك لەم ئامێرانە هێندەی پێداویستییەکانی کەناڵێکی وەك CNNی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردووی زیاتر لەبەر دەستە، ئێستا هاووڵاتییەکی ئاسایی دەتوانیت زۆر خێراتر لە کەناڵی CNN لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو، هەواڵ و زانیاری بە سەرانسەری جیهاندا لە چاوترووکاندنێکدا پەخش بکات، لەمەش زیاتر ئەگەر هەر وەك نموونە سەیری نرخی پەیوەندیکردن بە ڕێگەی مۆبایل بکەین کە لە چەند ساڵێك لەمەوپێش خولەکی بە دۆلارێك بووبێت، ئەوا ئێستا بە ڕێگەی ڤایبەر و بەهەمان ئامێری مۆبایل دەتوانی ٢٤ کاتژمێر قسە بکەیت بە نرخی دۆلارێك کەمتر و هەمان کوالیتی و زیاتر لە مۆبایلی یەك دوو ساڵ لەمەوپێشیشی هەیە.

## • ئایندەی ڕۆژنامەگەری کوردی لە ناو ئەم گۆڕانکارییە گەورەیەی تەکنەلۆژیادا

لەوانەیە هیچ نەتەوەیەك هێندەی نەتەوەی کورد قەرزداری پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن و ڕاگەیاندن نەبێت، لەبەر ئەوەی هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوەی جیهان بە دەنگی کوردەوە بێت لە کۆڕەوەکەی بەهاری ١٩٩١، زوومی سەرشانی کامێرای ڕۆژنامەنووسان بوو، گواستنەوەی ئەو دیمانانە بوو کە بووە هۆکاری ئەوەی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایش دەرچێت و ناوچەی ئارام لە سەرووی هێڵی ٣٦ بۆ پاراستنی کورد دابمەزرێت، بۆیە لەم خاڵەوە پێویستە تێڕوانین و مامەڵەی کورد وەك نەتەوە و ڕۆژنامەنووسانی کوردستان وەك ڕۆژنامەنووسانی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت، لە ڕۆژنامەنووسانی هەموو جیهان جیاواز بێت. وەك (بیل کلینتۆن)ی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا ئاماژەی پێدەکات، دەکرێت پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بکرێتە هۆکارێك بۆ چارەسەرکردن و بنبڕکردنی هەژاری و بناخەی پەرەپێدان و حوکمڕانیی باش، ئەگەر لە ڕووە ئیجابییەکەیەوە سەیری ئەم پێشکەوتنانە بکەین و بە لایەنە ئیجابییەکەی بۆ بەرژەوەندی پرسە مرۆڤایەتییەکان بەکاربهێندرێت، بۆ ئێمەش لە ڕوانگەی ئەم تێڕوانینەی (بیل کلینتۆن)ـەوە، دەکرێت پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا لە بواری گەیاندن و کاری ڕۆژنامەوانی بە لایەنە ئیجابییەکەی بۆ خزمەتی کێشەی نەتەوەکەمان و کورتکردنەوەی ڕێگەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بەکار بهێنین و کاری ڕۆژنامەوانی وەك توخمێکی سەرەکی تێکەڵاوی هەموو جومگەکانی حوکمڕانی لە کوردستان بکەین و ڕاگەیاندنی کوردستان بکەینە هۆکارێکی گرنگ بۆ زیاتر داکۆکیکردن لە مافە نەتەوەییەکانمان لەسەر ئاستی جیهان، کاری ڕۆژنامەوانی ئێمەش تەنها لاساییکردنەوەی شێوازی کاری ڕۆژنامەوانی و گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بەپەلە نەبێت، بەڵکو پرسی نەتەوەکەمان وەك پرسێکی نیشتمانی لە ناو پیشەسازی ڕۆژنامەوانیدا بیکەینە بەرهەمێك و سەرنجی جیهان بۆ بەرهەمە ڕۆژنامەوانییەکانی خۆمان ڕابکێشن، ئەمەش بەو مانایەی لە بری ئەوەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا ببێتە تەحەددا بۆ کاری ڕۆژنامەنووسیمان و کۆمەڵگەکەمان بکەینە کۆمەڵگەیەکی نمایشکاری ڕووکارانە، ئەوا دەکرێت پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بکەینە هۆکارێك بۆ بەرهەمهێنانەوەی خۆمان وەك نەتەوە لە سیاقی ڕەهەندە مێژووییەکانی نەتەوەییمان و پیشاندانی مانای جیاوازەکانی ئیرادەی تاکی کورد لە هەموو بوارە جیاوازەکاندا.

**دەکرێت پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا لە بواری گەیاندن و کاری ڕۆژنامەوانی بە لایەنە ئیجابییەکەی بۆ خزمەتی کێشەی نەتەوەکەمان و کورتکردنەوەی ڕێگەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بەکار بهێنین و کاری ڕۆژنامەوانی وەک توخمێکی سەرەکی تێکەڵاوی هەموو جومگەکانی حوکمڕانی لە کوردستان بکەین**

**ماگی زانگەر**

**ڕۆژنامەنووس و ئەکادیمی لە زانکۆی ئەریزۆنا بۆ گوڵان:**

# پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا تەحەددای بۆ کاری ڕۆژنامەوانی دروستکردووە و دەبێت ڕۆژنامەنووس وریا بێت چۆن هەواڵ دەگوازێتەوە



**خاتوو ماگی زانگەر ئوستادی ڕۆژنامەوانییە لە زانکۆی ئەریزۆنا و تایبەتمەندە لە بوارەکانی ڕۆژنامەگەری نێودەوڵەتی و رووماڵی تەنگژە و کارەساتە مرۆییەکان، هەروەها تایبەتمەند و پسپۆڕە لەسەر میدیا لە کوردستانی باشوور و لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی رابردووە کاری لە سەر هەرێمی کوردستان کردووە و شارەزایە لەسەر ئاستی ڕۆژنامەگەری لە کوردستان. بۆ قسەکردن لەسەر ڕۆژنامەگەری لە ئێستای جیهان و چۆنیەتی رووبەڕووبوونەوەی تەحەددی و گرفتەکان، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای زانیاری و میدیای دیجیتال ئاڵوگۆڕی راستەقینەن کە لە بواری ڕۆژنامەگەری پرۆفیشناڵدا روو دەدەن. هەروەها بەربەستێکە بۆ ڕۆژنامەنووس بۆ نووسینی راپۆرتێك کە سەرچاوەی راستەقینەی زانیاری بەکار بهێنێت کە جێی متمانەپێکردن بێت. بە بۆچوونی ئێوە ئایا ئایندەی ڕۆژنامەگەری لەم جیهانەی ئێستادا چی دەبێت؟**

- ئاشکرایە ڕۆژنامەگەری لە نێو جەرگەی

گۆڕانکارییەکی گەورەدایە، یاخود پێویستە بڵێم ڕۆژنامەگەری لە گۆڕانکاریدا نییە، بەڵکو تەکنەلۆژیا لە گۆڕانکاریدایە، هەروەك هەموومان دەزانین، ڕۆژنامەگەری بەردەوامە، بەڵام ئامرازەکان جیاوازن. واتە نووسین و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان هەروەك خۆیانن و ڕۆژنامەنووسان بۆ چەند سەدەیەکە ئەم کارە دەکەن. هەموو کەس باوەڕی وابوو ڕۆژنامەگەری کۆتایی دێت، کاتێك تەلەفزیۆن هاتەئاراوە، بەڵام کۆتایی نەهات و هەر بەردەوام بوو، بۆیە هەموو شتێك لە گۆڕاندایە، ڕەوشەکە و دۆخەکە لە گۆڕاندان و باوەڕم وایە ئەمە شتێکی تەندروستە. حاڵی حازر کێشە هەیە، بەڵام دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین ئایندە چی بۆ هەڵگرتووین. ڕۆژنامەگەری ناگۆڕێت، هەمیشە تەکنەلۆژیا لە گۆڕانکاریدایە، بەڵام ڕۆژنامەگەری نا. خەڵکی هەواڵی دەوێت و هەمیشە خەڵکی پێویستی بە هەواڵە، پێموایە هەمیشە پێویستمان بە نووسین و بڵاوکردنەوەی زانیاری دەبێت، ئیدی لە ڕێی ڕادیۆوە بێت، یاخود تەلەفزیۆن، یان ڕۆژنامەوە، ئەوانە تەنها ئامرازێکن، بەڵام ڕۆژنامەگەری هەروەك خۆیەتی، ئەو ئامرازانەی بەکار دەهێندرێن بۆ کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەیان دەگۆڕێن. هەر لەبەر ئەوەیە ئێمە لە ساتەوەختداین و شڵەژانێك دروست بووە. لەبەر ئەوەی هەموو کەس دەستی بە ئامرازەکانی ڕۆژنامەگەری ڕادەگات. دەبینین داعش زۆر بە باشی ئامرازەکانی ڕۆژنامەگەری بەکار دەهێنێت، بەڵام داعش پێویستی بە ڕۆژنامەنووس نییە، هەر لەبەر ئەوەشە ڕۆژنامەنووس دەکوژێت لەبری ئەوەی هەوڵ بدات چیرۆکی خۆیان بەو ڕۆژنامەنووسە رابگەیەنن. ئەمە لە کاتێکدا زۆر گرنگە بۆ کورد کە چیرۆکەکەیان بە جیهان بگات، لەبەر ئەوە هاوکاری لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا دەکەن و بانگهێشتیان دەکەن و زۆر بە باشی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، چونکە دەیانەوێت ڕۆژنامەنووسان ڕەوشی ئەوان بە جیهان بگەیەنن، ئێستاش خۆتان دەتوانن ئەو کارە بکەن، کەناڵی ئاسمانیتان هەیە و لە تویتەر چەندەها کورد هەن کە لە ڕێیانەوە دەزانم چی لە کوردستاندا دەگوزەرێت. بەڵام ئەو تەکنەلۆژییە لە هەندێ ڕووەوە دەبێتە هۆی ئەوەی جیهان مەترسیدارتر بێت، لەبەر ئەوەی گرووپێکی وەك داعش دەتوانن زانیارییەکانی خۆیان لەو ڕێگەیەوە بڵاو بکەنەوە، کە ڕەنگە دروست بن و ئەگەری ئەوەش هەیە نادروست بن.

*** یەکێك لەو لایەنانەی کە سەرنجێکی بەربڵاوی لەسەرە لە ڕەوتی ڕۆژنامەگەری ئێستادا بریتییە لە هەواڵی بەپەلە و هەواڵی ڕاستەوخۆ، لەلایەکی دیکەوە دەبینین کە خەڵکانی ئاسایی هەواڵ و ڤیدیۆ لەسەر تۆڕەکانی سۆشیال میدیا و یوتیوب بڵاو دەکەنەوە. لە دەرئەنجامدا، وێنە دەدوێت و هەرگیز گوێبیستی ڕووداوەکان نابین. بەپێی بیروبۆچوونی ئێوە، ئایا ڕۆژنامەنووس چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕووداوە خێراکاندا بکات و لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسی ئەنجام بدات؟**

- ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە، ئەمەش مایەی کێشەیە، لە بەر ئەوەی کەسێکی ئاسایی ناتوانێت جیاوازی بکات لە نێوان زانیاری ڕاست و دروست و قسە و قسەڵۆکدا. لە ڕابردوودا قسەوقسەڵۆك و باسی پیلانگێڕی دەکرا و بە سەرزارەکی دەگوازرایەوە، بەڵام ئێستا ئەو شتانە لەسەر ئەنتەرنێت دەبینین، لەبەر ئەوە مایەی کێشەیە بۆ ڕۆژنامەنووس و دەبێت ڕۆژنامەنووس وریا بێت. بەڵام هەمیشە ڕێسای بنەڕەتی هەبووە بۆ ڕۆژنامەگەری کە ڕۆژنامەنووسان بتوانن باشترین سەرچاوە بەکار بهێنن کە هەمیشە بزانیت سەرچاوەی زانیاریەکانی کێن و بچێتە بنج و بنەوانی ئەو زانیارییانە و هەمیشە هەوڵ بدات سەرچاوەی دووەم و بگرە سەرچاوەی سێیەمی هەبێت. ئەوەی ئێوە دەیڵێن ڕاستە کە هەندێ نووسینی بایەخدار هەن لەلایەن چالاکوانە سوورییەکانەوە کە دەیانەوێت زانیاری بە جیهان بگەیەنن لەبارەی شەڕەکە و لەبارەی ڕەوشی سووریاوە، کارێکی زۆر مەترسیدارە کە ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ لەوێدا کار بکات و پێموایە زانیارییەکی زۆر لەو خەڵکانەوە دێن کە لەوێدان، ئەمەش تەحەددییەکە بۆ ڕۆژنامەنووس کە متمانە بە کامیان بکەن و متمانە بە کامیان نەکەن، - واتە ئەو خەڵکە ئاساییانەی زانیاری دەگوازنەوە-، لەبەر ئەوە دژوارییەکی زیاتر تووشی ڕۆژنامەنووسان دەبێت بۆ ئەوەی ئەوە یەکلا بکەنەوە کە ئایا سەرچاوەکانیان کێن؟ پێموایە بڕێکی زۆری زانیاری خراپ بڵاو بوونەتەوە کە کاری ڕۆژنامەنووسانە تەئکیدیان لێبکەنەوە، دەبێت بزانن بۆ زانیارییەکانیان قسە لەگەڵ کێ دەکەن و متمانە بە کێ دەکەن. کەواتە لە ئێستادا کارەکە قورستر بووە، لەبەر ئەوەی سەرچاوەیەکی زۆری زانیاری لە ئارادان، لە فەیسبوك و لە تویتەر و.. تاد، بۆیە دەبێت ڕۆژنامەنووس زۆر وریا بێت لەوەی وەك سەرچاوەی زانیاری متمانە بە کێ دەکات.

***پاراستنی ئیتیك و بەهاکانی ڕۆژنامەگەری یەکێکە لە پرەنسیپەکانی پاراستنی ئازادی و کۆمەڵگەی دیموکراتی، بەڵام تەکنەلۆژیا بۆتە هۆی ئەوەی پاراستنی ئیتیکی ڕۆژنامەگەری کارێکی زەحمەت بێت. ئایا ڕێگەی نوێی پاراستنی ئیتیك و بەهای ڕۆژنامەگەری چین؟**

**داعش پێویستی بە ڕۆژنامەنووس نییە، هەر لەبەر ئەوەشە ڕۆژنامەنووس دەکوژێت لەبری ئەوەی هەوڵ بدات چیرۆکی خۆیان بەو ڕۆژنامەنووسە رابگەیەنن**

**زۆر گرنگە بۆ کورد کە چیرۆکەکەیان بە جیهان بگات، لەبەر ئەوە هاوکاری لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا دەکەن و بانگهێشتیان دەکەن و زۆر بە باشی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن**

- دووبــارەی دەکەمەوە کاتێــك خەڵکانێك هەن کە پڕۆفیشــناڵ نیــن و زانیاری بڵاو دەکەنــەوە، ئەمە تەحەددییەکی راســتەقینەیە بۆ ئەو کەسانەی هەواڵ دەخوێننــەوە، لەبەر ئەوەی کەســانێکی زۆر لەوانەی زانیــاری بــڵاو دەکەنــەوە، پابەند نین بــە ئیتیکی رۆژنامەگەری و کەسانی پڕۆفیشناڵ نین و زەحمەتە کە خوێنەر، یان بینەر ئەوە بزانێت. واتە دەبێت ئاستێکی ســەرەتایی لە خوێندەواری راگەیاندن هەبێت، هەروەك چۆن کەســێك بۆ ئەوەی بتوانێــت بخوێنێتەوە دەبێت ئاســتێکی ســەرەتایی لە خوێندەورای هەبێت، ئاواش دەبێت خوێندەواری راگەیاندنت هەبێت. لەبەر ئەوە دەبێت رۆژنامەنووس، رۆژنامەنووسی پڕۆفیشناڵ، هەمیشە پابەندبێت بە ئیتیکی کاری رۆژنامەوانی و ئاستێکی بەرزی ئیتیکی بپارێزێت، بەو شــێوەیە دەتوانێت کارێك بــکات خوێنەران و بینەرانی روو نەکەنە ســەرچاوەی دیکە، چونکە دەزانن ئەو سەرچاوەیەکی متمانەپێکراوە و سەرچاوەیەکی پڕۆفیشناڵە.

***لە نێو هەموو ئەو گۆڕانکارییانەدا، گۆشکردنی نەوەی نوێی رۆژنامەنووسان لەسەر شێوازە تەقلیدییەکە ســەرکەوتوو نابێت. ئایا شــێوازی نوێی گۆشکردنی رۆژنامەنــووس چییە بۆ ئەوەی بتوانێت لە ئاســتی گۆڕانکارییەکانــی پەیوەســت بە پاراســتنی بەها و بەدەستهێنانی متمانەی خەڵك بێت؟**

- هــەر لەبەر ئەوەیە کە هێشــتا بــاوەڕم وایە کە گرنکە راهێنانی پڕۆفیشــناڵانە بە رۆژنامەنووســان بکرێت، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشــە کە لە کۆلێژەکانی رۆژنامەگەری زۆر گرنگە کە رۆژنامەنووسان لەسەر ئیتیکی گونجاو و لەســەر یاسا و لەسەر ستانداردی بەرزی پڕۆفیشــناڵ بوون راهێنانیان پێکرابێت، بەڵام رۆژنامەنووس دەتوانێت فەیســبووك بەکار بهێنێت وەك ســەرچاوەیەك، بۆ نموونە دوێنێ من بە قوتابییەکانم راگەیاند کە بۆ ئەوەی کەسانێك بدۆزنەوە کە کێشەیان لەگەڵ بینای باڵەخانەیەکی دیاریکراودا هەبێت، کە بە خراپی ئەو باڵەخانەیە دروست کراوە و ئەگەر بە دوای ئەو کەســانەدا دەگەڕێن کە لە نێو ئــەو باڵەخانەیەدا دەژین، ئەوا رێگەیەکی باش بۆ دوزینەوەی ئەو خەڵکانە بریتییە لە فەیســبووك، یان تویتــەر، بەوەی پەیامێك لە فەیســبووك بڵاو بکەیتــەوە و رایبگەیەنیت کە بە دوای کەســێکدا دەگەڕێم کە لەو باڵەخانەیەدا بژێیت و تکایە هەر کەســێك زانیــاری هەیە ئەوا با لە رێی فەیسبووکەوە ئیمەیڵم بۆ بکات، ئەو کاتە خەڵکانێکی زۆر وەڵام دەدەنــەوە، ئەمە رێگەیەکی نوێیە بۆ ئەوەی رۆژنامەنووســان زانیاری بەدەست بێنن، بەڵام تەنانەت دوای ئەوەی کەســێکیش پەیوەندیت پێوە دەکات، ئەوا دەبێــت رۆژنامەنووس لەوە بکۆڵێتەوە ئایا ئەو کەســە ســەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوە، ئایا ئەو کەسە بەڕاستی لەو باڵەخانەیــەدا دەژێیت؟ کەواتە تەکنەلۆژیای نوێ دەرفەت بۆ رۆژنامەنووســەکان دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی بە شێوەی جیاواز کاری خۆیان بکەن، لەبەر ئەوە دەبێت بەردەوام بین و بەرپرسیارێتی دەزگاکانی راگەیاندنیشە کە ئەو کەسانە دابمەزرێنن کە خاوەنی بەرزترین ئیتیك و باشترین ستانداردن، دەکرێت ئامرازی نوێی راگەیاندن بەکار بهێنن، بەڵام هەر دەبێت بە شێوەیەکی پڕۆفیشنال و ئیتیکانە بەکار بهێندرێن.

***حاڵی حازر، تیرۆریســتان، سوودێکی زۆریان لە راگەیاندنی تەقلیدی و دیجیتاڵ وەرگرتووە، سەرەڕای سۆشیال میدیا، بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان و بۆ ئەوەی کاریگەری تەواویان هەبێت لەسەر رای گشتی. چۆن رۆژنامەنووسان دەتوانن رووبەڕووی تیرۆریستان ببنەوە لە پەیوەندی بە بەکارهێنانی راگەیاندن وەك ئامرازێك بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان؟**

- باوەڕم وا نییە کەس بتوانێت رێگریان لێبکات، وتە کۆنەکە دەڵێت: زانیاری دەیەوێت ئازاد بێت و هەمیشە رێگەیــەك هەیە خەڵکی لــە رێیــەوە زانیاری بڵاو بکەنــەوە، ئیدی زانیاری ورد بێت، یان نا، باش بن یان خراپ. پێموایە هەندێ لە کۆمپانیاکانی راگەیاندنی وەك گووگڵ، یان یوتیوپ هەن کە ئەگەر من بوومایە لە جێی ئەوان - بۆ نموونە یوتیوب- ئەوا رێگەم نەدەدا ڤیدیۆی سەربڕین، یان ئەشکەنجەدانی کەسێکی مەدەنی بڵاو بکرێتەوە، پێموایە هەندێکیشیان ئەم کارەیان کردووە و رێگەیــان نەداوە. باوەڕم وایە نابێت رێگە بدرێت ئەو ئامــرازی پەیوەندییانەی راگەیاندن بەکار بهێندرێن بۆ بڵاوکردنــەوەی دیمەنەکانی پێشــێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و دەبێت ئەمــە رابگیرێت، لەبەر ئەوەی ئەمە وەك ئامرازی کەسبکردنی خەڵکی دیکە بەکار دەهێنن. دەکرێت رێگــری لە ڤیدیۆیەك بکرێت، یان لاببردرێت، کە داعش دایناوە، بەڵام زەحمەتە فەیسبووك و تویتەر رابگریــت، دواتــر کــێ ئەمانە رادەگرێــت جگە لە کۆمپانیاکان خۆیان نەبێت، ئەو کۆمپانییانەش نایانەوێت بڵاوکردنەوەی زانیاری ســنووردار بکەن، لەبەر ئەوەی ئەگەر داعش ســنووردار بکەن، ئەوا دەتوانن کەسانی دیکەش ســنووردار بکــەن، ئێمــەش نامانەوێت ئەو بوارەیان پێ بدەین. ئەمە کێشەیەکی زۆر دژوارە، لەبەر ئــەوەی نامانەوێت گرووپە توندڕەوەکان ئەو زانیارییانە بڵاوبکەنەوە، بەڵام رێگریکردن لە توندڕەوەکان زەحمەتە بۆ ئەوەی نەتوانن زانیارییەکانیان بڵاو بکەنەوە.

**وتە کۆنەکە دەڵێت: زانیاری دەیەوێت ئازاد بێت و هەمیشە رێگەیەک هەیە خەڵکی لە رێیەوە زانیاری بڵاو بکەنەوە**

**نابێت رێگە بدرێت ئەو ئامرازی پەیوەندییانەی راگەیاندن بەکار بهێندرێن بۆ بڵاوکردنەوەی دیمەنەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و دەبێت ئەمە رابگیرێت**



**جامیس هامیلتۆن**

بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی رۆژنامەوانی لە زانکۆی ستانفۆرد بۆ گوڵان:

# تەکنەلۆژیا بووەتە تەحەددی بۆ کاری رۆژنامەگەری و بڵاوکردنەوەی زانیاریی نادروست

**پرۆفیسۆر جامیس تی هامیلتۆن ئوستادی هۆیەکانی پەیوەندیکردن و بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی رۆژنامەوانییە لە زانکۆی ستانفۆرد و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە هەموو بوارەکانی راگەیاندن بە نووسراو، بینراو و بیستراویەوە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەو تەحەددییانەی رووبەڕووی رۆژنامەگەری لە ئێستای جیهاندا دەبێتەوە، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی.**

«رۆژنامەگەری ئاشکراکردنی رووداوێك و گێڕانەوەی و بڵاوکردنەوەی دەگرێتەوە. تەکنەلۆژیا بووەتە تەحەددی بۆ هەر سێ بەشەکەی (نووسراو، بینراو و بیستراو)ی ئەم پرۆسەیە، رەنگە ئەو تەحەددییەش بۆ هەتاهەتا بێت. لە ئێستادا مومکینە کە زانیاری بەکار بهێنیت بۆ



**وایەن گراشیا**

رۆژنامەنووس و ئەکادیمی لە زانکۆی فلۆریدا بۆ گوڵان:

# ئایندەی رۆژنامەگەری بریتییە لە پەروەردەکردنی خەڵک بۆ ئەوەی لە رووی راگەیاندنەوە خوێندەوار بن

**پرۆفیسۆر وایەن گراشیا ماوەی ٢٥ ساڵ کاری رۆژنامەنووسی کردووە، هەروەها ئوستادی رۆژنامەنووسیشە لە زانکۆی فلۆریدا و تایبەتمەندە لە بوارەکانی رۆژنامەگەریی سیاسی و لێکۆڵینەوەی رۆژنامەنووسی و راپۆرت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو گۆڕانکارییانەی لە ئێستادا بواری رۆژنامەگەری گرتۆتەوە، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی خستەڕوو.**

«ئەمە ساتەوەختێکە کە دژیەکییەکی گەورە لە خۆدەگرێت بۆ هەواڵ و رۆژنامەگەری. هیچ کاتێك وەك ئێستا پیشە تەقلیدییەکە و شێوازی بەکارهێنراوی کارکردن بۆ بەدەستهێنانی دارایی و بڵاوکردنەوەی هەواڵ، لە گیروگرفتدا نەبووە، هەروەها هیچ کاتێکیش هێندەی ئێستا خەڵکی بەو ئاسانییە و بەو ئەندازە

دەستنیشانکردنی شێوازەکانی گەندەڵی، بۆ دروستکردنی وێنە و هاوبەشیکردن لە لینکەکاندا لە ڕێی ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە (سۆشیال میدیا). بە چەشنی ئەو گۆڕانکارییانەی لە ڕابردوودا لە بواری تەکنەلۆژیدا ڕوویان دا، ئەوا زیادبوونی مەودا و خێرایی- ئەویش لە ڕێی پێشکەوتنی توانای کۆمپیوتەرەوە- کاریگەری کردووە مومکین بێت زیان و قازانجیان لێبکەوێتەوە. ئەوەی ئێوە دەیلێن ڕاستە کە ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا) دەتوانێت ئەو زانیارییانە بڵاو بکاتەوە کە بە فلتەری کەسانی پرۆفیشناڵدا نەڕۆیشتوون و لە ململانێی نێوان «بلۆگەکان»دا بایەخ بەوە دەدرێت یەکەم لایەن بن زانیاری بڵاو بکەنەوە، نەك ئەوەی وردترین زانیاری بڵاو بکەنەوە. بەڵام هێشتا زۆرێك لە لایەنەکان- لە بواری ڕاگەیاندن- پاڵنەری ئەوەیان هەیە زانیاریی ڕاست و دروست بڵاو بکەنەوە.

مەسەلەی سەرەکی بۆ دەزگای ڕاگەیاندن بریتییە لە ڕەوچاکردنی خەسڵەتی وردبینی و متمانە و دەستوبردی و پەیوەندیدار بوونی ئەو زانیارییەی بڵاوی دەکاتەوە. لە مەودای کورتدا دەستکەوتێك هەیە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت نیوەی ڕاستی بڵاو بکەنەوە، ئەویش لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیا و بە ئامانجگرتنی ترس، بەڵام لە مەودای دووردا، بڵاوکردنەوەی زانیاریی ڕاست و دروست کاریگەری باشی دروست کردووە لەسەر گۆڕینی هزر و سیاسەتەکان.»

گەورەیە دەستیان بە هەواڵ و زانیاری نەگەیشتووە، هەروەها بە ئەندازەی ئێستا بژاردەی زۆریان لە بەردەمدا نەبووە لە ڕووی سەرچاوەکانەوە. بەلای منەوە پرسی گەورەتر لە ئایندەی ڕۆژنامەگەری، بریتییە لە ئایندەی پەروەردەکردنی خەڵك بۆ ئەوەی لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە خوێندەوار بن لەم ڕۆژگارە گۆڕاوەدا. ئایا ئەوانەی لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت بڵاو دەکرێنەوە، کامەیان ڕاستن و چۆن ئەمە یەکلا بکەمەوە؟ ڕۆژنامەگەریش ڕووبەڕووی هەمان کێشە دەبێتەوە. لەم ڕەوتە خێرایەی تەکنەلۆژیا و پەلەکردن بۆ کۆکردنەوەی هەواڵ، ئەو دەزگا ڕاگەیاندانەی داراییەکی باشیان هەیە و ئاستێکی پەروەردەیی باشیان هەیە، دەبنە نێچیری فریودان و زانیاریی ناڕاست. ئەمە هەم کێشەیە بۆ ئەوانەی ناوەڕۆکی هەواڵ و زانیارییەکان دادەڕێژن وەك ڕۆژنامەنووس و .. تاد، هەم کێشەیە بۆ ئەوانەی ناوەڕۆکی زانیاری و هەواڵ دەخوێننەوە، کە هەردووکیان دەبێت بە ئاستی کارامەیی خۆیاندا بچنەوە لە ڕووی ئەوەی چۆن هەواڵ و زانیاری دەخوێننەوە و چۆن بڵاوی دەکەنەوە.

یەکێك لەو مۆدێلانەی لە سەروبەندی دروستبووندان و من بە باشی دەزانم، پێیوایە بیرۆکەی داڕێژەری ناوەڕۆکی هەواڵ و زانیاری و خوێنەری ناوەڕۆکی هەواڵ و زانیاری چیتر بیرۆکەیەك نییە کە لایەنێك زانیاری بنێرێت و لایەنێکیش تەنها وەرگری بێت، چونکە ئێستا هەموو کەس هەم خوێنەرە و هەم و داڕێژەر و بڵاوکەرەوەیە، ئەمەش وایکردووە سیستمەکە جێی بایەخپێدانی زۆر بێت، هەروەها زۆر قورسیش بێت لێی تێبگەیت و بەکاری بهێنیت.

# چی بکرێت پرۆگرامی (سەلەفییە داعشەکان) چیتر لە کوردستان بەرهەم نەهێنرێت؟

## نەخشە رێگایەک بۆ ئەو مەبەستە



د. حەسەن خالید موستەفا موفتی
پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

سەرەتا پێویستە بڵێین: ئاشکرایە کە باندی تیرۆریستی داعش دروستبووی ئەمڕۆ و دوێنێ نییە، بەڵکو کارو هزرو هەڵسوکەوتی ئەو باندە درێژەپێدەری مێژوویەکی پڕ لە توندڕەوی و تاریکی تاقمگەلێکی ناسراون لە مێژووی ئیسلامدا بەناوی (الخوارج ) واتە: (دەرچووەکان). کە سەریان هەڵداو لە ڕەوتی ئاسایی میانڕەوی تێکڕای موسڵمانان لەسەردەمەکانی حەزرەتی عەلی یەوە (ر.خ) جیابوونەوە. پاشان ئەو کۆمەڵە دەرچووە لە ڕێڕەوی ڕاستەقینەی ئایینی پڕ لە لێبووردن و خۆشەویستی ناو بە ناو پەیدا دەبوونەوە بەپێی هەلومەرج و ژینگەی تایبەت، واتە هەر کاتوساتێك لەباربوایە بۆ بیری توندڕەوی (دەرچووەکان) دەمەودەست دەیانقۆستەوە و وەك قارچکی مارانەی بەهاران زیندوو دەبوونەوە بەخۆیانەوە خەڵکی نەفامی سادەیان هەڵدەخەڵەتاندو بەرەو هەڵدێری هەتا هەتایی دەیانبردن.. وەك گوتراوە (ئای ئەمڕۆش چەندە لە دوێنێ دەچێت!)، وەختێك کە (دەرچووەکانی سەردەم) لە ئایینی ڕاستەقینەی ئیسلام هەلومەرجیان بینییەوە بۆ ڕاگەیاندنی بیری توندڕەوی خۆیان، دیسان بەربوونەوە گیانی خەڵکی بە تێکڕاو جیهانی ئیسلامی بەتایبەت، ناشیرینترین و قێزەوەنترین کاریان ئەنجام دا بەتایبەتی خوێنمژەکانی ڕێکخراوی بە نێو (دەوڵەتی ئیسلامیی لە عێراق و شام)، کەلە ڕاستیدا نە ئەرکان و پایەکانی دەوڵەتیان تێدا هاتۆتەجێ، نە هەڵسوکەوتیشیان لەگەڵ بنەماکانی ئیسلامی راستەقینەدا یەك دەگرێتەوە . بەڵام ئاشکرایە بۆ ئامانجە سیاسیەکانی خۆیان ئیستیغلالی دروشمەکانی ئیسلامیان کردووە. لێرەدا ئەوەی پێویستە بزانرێت دوو جۆر لە (داعش ) بوونی هەیە:

جۆری یەکەم: لە دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان شەڕی ستەمکارانە لە دژی میللەتی کورد بە موسڵمان و تێکڕای کەمایەتییەکانی دیکە ئەنجام دەدەن. کە دوژمنێکی ئاشکران و شەڕی ئاشکرا لە دژی ئیرادەی میللەتێکی ئازاو ئازاددا دەکەن، ئاکامەکەشی بە یارمەتی پەروەردگار پاشان بە هیممەتی بازووی پێشمەرگە هەر شکستی تیرۆریستانە، ئەوەتا وردە وردە هەر لە دنیادا بە ئاگری دۆزەخ دەسووتێن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەپووکێنەوە.

جۆری دووەم: لە ناوەوەی سنووری هەرێمی کوردستاندا بوونیان هەیە و لەچوارچێوەی برێك هەلپەرستی توندڕۆی سەلەفیدا خۆیان دەبیننەوە، ئەمانە تابووری پێنجەمن و لە سەرەوە بە دەم لەگەڵ پێشمەرگەدان و لە ژێریشەوە بە کردەوە بەردەوام کار بۆ داعشەکانی دەرەوەی سنووری پێشمەرگە دەکەن، بە ئاشکرا لە ڕێگەی چالاکییەکانیانەوە ئابوونەو هێزی مرۆیی بۆ تیرۆریستان دەنێرن و ڕاگەیاندنەکانیان بەردەوام بیرو مەنهەج و عەقیدەی توندڕەویی سەلەفی داعشی بڵاو دەکاتەوە و گەنجانی کوردستان بەرەو دەرەوەی سنووری هەرێم دەنێرن یاخود هانیان دەدەن لە دژی ئەزموونی کورد کاربکەن کە لە چوارچێوەی دەزگا شەرعییەکانی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەتی کوردستاندا خۆی دەبینێتەوە. بەردەوام بە ناوی حەڵاڵ و حەرامەوە بیری سەلەفی داعشی بڵاو دەکەنەوە خەڵکێکی سادەش بە زمانی لوسی درێژی پڕ مەکرو خیانەت و فیتنە و دەجەل و شەعوەزەیان سەرگەردان دەبێت. بەڵام جێگەی سەرسوڕمان و نەنگییە کە هەندێك لەو توندڕەوانە تا ئەمڕۆش شوێن و پێگەی خۆیان هەیەو تەنانەت لە پەنا یاسا و لە بەرچاو دەزگاکانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەست واڵاکراون و کاریان مەیسەرە و پۆستیان پێدەدرێت و چالاکییە هەمەچەشنەکانیان درێژە پێدەدەن!.

هەر ئەوانەی تا دوێنێ پەرلەمان و حکومەت و پێشمەرگەیان بە کافرو لادەرو موشریك و زەندیق لە قەڵەم دەدا، ئەمڕۆ لە دەستگاکانی ئەم هەرێمەدا لە پێگەی هەستیاردان و باس لە مافی مرۆڤ و دیموکراسی دەکەن!! واتە ١٨٠ پلە (بە تاکتیك) لە بیرو باوەڕی ئەوسای خۆیان هەڵگەڕاونەتەوە، کە سەدان گەنجیان لە سەری بە کوشت دا وسەدانی دیکەیشیان تیرۆر کرد، نەشمانبیست لە دەزگایەکی فەرمی یان نافەرمیدا ئیدانەی رابردووی قێزەوەنی خۆیان بکەن، کەواتە ئەمەش جۆرێکە لە تاکتیك و بۆ هەلی گونجاو دەگەڕێن کە هەرکات دەستیان کەوت ئەم میللەتە لە سەر بیروڕا قەتلوعام بکەن! بەڵێ ئێستا رۆژیان نییە و بە بارودۆخی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بەستراونەتەوە، ئەگەر نا گومان لەوەدا نییە تەوبەکارێکی ساختەن و دەچنەوە سەر کەسابەتی جارانی خۆیان لە پێناو ئاغاکانیاندا خوێنی میللەت و پێشمەرگەو حکومەتیش ئەرزشی قیمەتی چەند فیشەکێکی نییە بۆیە بە شمشێر لە گەردنیان دەدەن!.

ئەوە کێ بوو ئێستا خۆی کڕ کردووە و ئەوسا دەیگوت و دەینووسی هەر کەسێك بچێتە پەرلەمانەوە ئەوە کافر دەبێت؟! کێ بوو دەیگوت حکومەتی کوردی حکومەتی دووەمی ئیسرائیلەو بەشداری کردن تێیدا کوفرو هەڵگەڕانەوەیە لە ئیسلام؟! کێ بوو دەیگوت سەگی سپی و رەش هەر سەگەو نەجسولعەینەو کوفرە و تەنیا وتەنیا پێویستە ئێمە پێشمەرگەی ئیسلام بین؟! کێ بوون دەیانگوت ئیتیحادی عولەما ئیلحادی

**ئەوانەی تا دوێنێ پەرلەمان و حکومەت و پێشمەرگەیان بە کافرو لادەرو موشریک و زەندیق لە قەڵەم دەدا، ئەمڕۆ لە دەستگاکانی ئەم هەرێمەدا لە پێگەی هەستیاردان و باس لە مافی مرۆڤ و دیموکراسی دەکەن**

عومەلایەو چوونە نێو ئەو یەکێتییە عەمالەتە بۆ پارتی و یەکێتـــی و کاری بۆ ئەوان کوفرو هەڵگەڕانەوەیە لە ئیســـلام؟! کێ بوون و کێ بوون؟! بەڵام هەر بۆ خۆیان کە چوونـــە نێو پەرلەمان و حکومەتـــەوە ئیدی ١٨٠ پلەوە بۆ ١٨٠٠ پلە وەرگەڕانەوەو فەتواکانیشیان چووە زبڵدانی مێژووەوە؟ بەڵێ راســـتیان گوتووە (دروغگوو محافەزە نەدارەد!). بەڵام ئەدی قەبرو قیامەت؟ ئەدی موحاســـەبەی خوێنـــی رژاوی گەنجانی ئەم میللەتە چۆن وەڵام دەدەنەوە؟.

ئـــەوەی پێویســـتە ئەمـــڕۆ دەزگا پەیوەندیدارەکان لەلایەك و خەڵکی دڵسۆزی کوردستان لەلایەکی دیکەوە بیگرنەبەر بۆ ئەوەی چی دیکە داعشـــی سەلەفی بە بەرهەم نەیەت بریتییە لـــە پەیڕەوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١- ڕێگەنەدرێت چی دیکە دەزگاکانی راگەیاندن بکرێنـــە مینبـــەری داعشـــخوازانی کوردســـتان، چ تاکەکانیان وەك بە ناو (بانگخواز). چ دەزگاکانیان یان باندەکانیان وەك تەوژم و ئایدۆلۆژیا، چ لە چوارچێوەی فەرمی بوون، چ لە دەرەوەی سیاســـەت و دەســـەڵاتی ئاشکرا .

٢- لیژنەیەکی زانستیی شارەزا لە مێژووی ئێستای ســـیفەت و ســـەرچاوەکانی بیری توندڕەوی سەلەفی داعشـــی لـــە تێکـــڕای پارێزگاکانی کوردســـتان بە کەرکوکیشەوە پێکبهێنرێت بە مەبەستی:

أ۔ ســـەرلەنوێ دارِشـــتنەوەی مەنهەجی خوێندنی ئیسلامیی لە تێکڕای قۆناغەکانی خوێندندا .

ب ۔ هەر وتاربێژو بە ناو بانگخوازێك کە رابردوویەکی روونی نەبێت پێویستە بە فلتەری ئەو لیژنەدا تێبپەڕێت و تاقیکردنەوەی پێویستی (ئازمایشگایی) فیکری و مەزهەبی و عەقیدەیی و زانســـتی و نیشتمانپەروەری و رادەی دڵســـۆزیی بۆ خاك و نیشـــتمان و ئەزموونی کوردســـتان بـــۆ ئەنجام بدرێت و دوو مامۆســـتای بە ئەزموونی ناسراوی رابردووپاکیش پشتگیری لێ بکەن بە دوور لە مەحسوبییەت و حیزبایەتی و تاد. بە هەمان شێوەش بۆ دامەزراندن و گواستنەوەی راژەو ..تاد.

ج ۔ چاو خشاندنەوە بکرێت بە تێکڕای ئەو مۆڵەتانەی کـــە بە فەرمـــی وەرگیراون لـــە دەزگا فەرمییەکانی کوردستان ســـەبارەت بە کاری میدیاو رۆژنامەوانی و نەقابەو رێکخراوەیی بەمەبەستی پاکسازی و چاکسازی و دانانـــی میکانیزم و مەرجی شایســـتەو گونجاو لە تەك هەلومەرجی ئەمڕۆی کوردســـتاندا بە مەبەستی پارێزگاری کردن لە ئاسایشـــی نیشتمانی کوردستان. کە هێڵی ســـوورە، ئەمەش ســـنووردانانە بۆ بەرەڵڵایی راگەیاندن نـــەك ئازادیی بیـــرو ڕا، چونکە بێگومان بەرژەوەنـــدی و ئیرادەی میللەتێك لە پێش بەرژەوەندیی تاك و گروپ و تەنانەت حیزبەکانیشەوەیە. ئەم حاڵەتەش لە تەواوی وڵاتانی شارستانییەتی ئەمڕۆدا کاری پێ دەکرێت.

د ۔ سنوورێك بۆ دەزگاکانی بڵاوکردنەوەو لە چاپدانی کتێب دابنرێت، بەتایبەت ئەو دەزگایانەی کە ســـاڵانە لە پێشـــانگای نێودەوڵەتیی کتێب لە هەولێر بەشداری دەکەن.

**با چی دیکە دەزگاکانی راگەیاندن نەکرێنە مینبەری داعشخوازانی کوردستان، چ تاکەکانیان وەک بە ناو (بانگخواز). چ دەزگاکانیان یان باندەکانیان وەک تەوژم و ئایدۆلۆژیا**

٣- گرنگە دەزگا پەیوەندیدارەکان، چاوکراوەتر بن بە تایبەتی بەرامبەر ئەو ســـەدان هەزار بەناو ئاوارەی کە ئەمڕۆ بە هەر مەبەستێك کوردستانیان کردووەتە ئامانج و بوونەتە هۆی بارگرانیی ئابووری و زۆربوونی تاوان و کاری نابەجـــێ و بڵاوبوونـــەوەی بیری توندڕەویش، شوبهەی دروستیان لە هەر کەسێك هەبوو لێپرسینەوەی یاســـاییان لەگەڵدا بکەن و بەشـــیوازێکی دادپەروەرانە مامەڵەیان لە تەکدا بکـــەن و پاش لێکۆڵینەوە بیاندەنە دەســـت دادگاکان بەمەبەســـتی یەکلاییکردنـــەوەی فایلەکانیـــان، پاش بەربوونیشـــیان لەژێـــر چاودێریی یاساییدا بەپێی پێویست بهێڵدرێنەوە. چونکە زۆرێك لەو گیراوانە بەتایبەتی لە کەرکوك و ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان پاش بەربوونیان بەرەو داعش هەڵاتوون .

٤- گرنگە سنوورێك بۆ ئەو دەیان تەن کتێب و نامیلکەو بڵاکراوانەی کە لە ڕێگەی فرۆکەخانەکانەوە بە ئاشکرا بەناوی عەمرەو عەمرەکارانەوە دەهێندرێنە کوردســـتان دیـــاری بکرێت، لە وڵاتانی کەنـــداوەوە و بەتایبەتیش لە وڵاتی (ســـعودیە)، کە بیری توندڕەویی سەلەفی تەکفیـــری تەبدیعی تەشـــریکی بڵاودەکاتەوە، چونکە زۆرێك لەو کتێبانە ســـەلەفی و داعشی نووسیویەتی و بیری تیرۆر وتوندڕەوی بەرهەمدەهێنن .

٥- پێویســـتە گرنگیـــی زیاتر بـــە لیژنەی باڵای فەتوای کوردستان بدرێت، بە مەبەستی گێڕانی ڕۆڵی شایســـتە بە خۆیان لەم هەلومەرجەدا و بڵاوکردنەوەی فەتوای پێویست بە دژی فەتوا بێ بنەماکانی داعشە ســـەلەفییەکان. چونکە بە راستی پێویستە بیرو هزری چەوت بە بیرو هزری راست و دروست بەرپەرچ بدرێتەوە، ئـــەوەش تەنها لیژنەی باڵای فەتوای کوردســـتان بە پاڵپشـــت بە دڵســـۆزانی دیکە توانای راپەڕاندنی ئەو ئەرکەیان هەیە ئەگەر هەلیان بۆ بڕەخسێنرێت و لەلایەن بەرپرسانەوە گوێیان وەك پێویست بۆ ڕابگیرێت، چونکە جێگەی داخە وەك هەســـتی پێدەکرێـــت ۔ بە زانین یان نەزانین ۔ بەربەســـت و ئاستەنگی ماددی و مەعنەوی لە رێگەی تواناکانی ئەو لیژنەیەدا دانراوە!.




٦- دیاری کردنی مەرج و سنووری یاسایی بۆ ئەو لێشاوە خوێندکارەی کە بە چاك و خراپ، بە یاسایی و نایاسایی،بە پاکی و ناپاکی، لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان خوێندنی باڵا تەواو دەکەن و دام و دەزگا ئایینییەکان دەکەنە ئامانج، بەشێکیان لە دەرەوە مێشکشۆریان بۆ ئەنجام دەدرێت کە دێنەوە دەبنە باندی توندڕەوی و بیری داعش و سەلەفییەت بەرهەم دەهێنن. بەشێکی دیکەیشیان مرۆڤی باشن، بەڵام بە تەواوەتی بنەما زانستییە یاسایەکانی خوێندنی باڵایان تێدا نەهاتووەتە جێ، هەردوو بەشەکەش بە هۆی کاریگەرییە نا یاساییەکان و گەندەڵی ئیداری نێو خودی هەندێك لە وەزارەتەکان پۆستی جۆراوجۆر وەردەگرن. هەندێکیش کەمیشیان مرۆڤی شایستەو بە توانان سوودمەندن بۆ ئاییندەی میللەتەکەمان، بۆیە گرنگە ئەم سێ جۆر قوتابییە لە یەکتر جودا بکرێنەوە و پۆلێن بکرێن.

٧- گرنگە چی دیکە حکومەتی هەرێم بە واتا گشتییەکەی بۆ دەستەواژەو دروشمی بێ بنەمای سەلەفییەکان ملکەچ نەبێت کە تێیدا وەها بانگەشە دەکەن گوایە ئەوان لە سیاسەت دوورن و حوکمڕانییان مەبەست نییە! بێگومان ئەمەش پێچەوانەکەی بە تەواوەتی راستە، چونکە ئەزموونی سەلەفییەکانی پێنج وڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (واتە: میسر و یەمەن و سوریا و عێراق و جەزائیر) ئەو راستییەی سەلماندووە کە هەرکات سەلەفیەکان هەلومەرجی حوکمڕانییان بۆ هەڵکەوت دەمەودەست لە دروشمەکانیان پاشگەز دەبنەوە و حزبی سیاسیی توندڕەو رادەگەیەنن و خۆیان بۆ پەرلەمان کاندید دەکەن و دروشمی خەیاڵپڵاوی (خیلافەت و حاکمییەت و ..تاد) بەرز دەکەنەوە و کۆمەڵگا بە تێکڕا کافرو بێ باوەڕ دەکەن، فەتوای هەڵگەڕاوە لە ئیسلام بۆ (راعیی و رەعییە) دەردەکەن، ئەوکاتیش حکومەت و دەسەڵات کاڵەك بە ئەژنۆ دەشکێنێت و ساویلکەیی خۆی و پاشقوولی سەلەفییەکانی بۆ روون دەبێتەوە، بەڵام وەك گوتراوە

**پێویستە بە تەواوەتی میدیا و سایت و پێگە و سنوورەکان کۆنترۆڵ بکرێن و سنوورێک بۆ هەوڵی نەزۆکی بە سەلەفیکردنی میللەتی کورد لە لایەن وڵاتانی کەنداو و گوێلەمشتەکانیان لە کوردستان دابنرێن**

**گرنگە دەزگاکانی حکومەتی هەرێم چاوتیژتر بنوارنە ئێستاو رابردوو و داهاتووی کوردستان، بە دروشمی بێ بنەما هەڵنەخەڵەتێن، چاو بە پەیوەندییەکانیان لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمدابخشێننەوە**

(ولات حین مندم). راستیان گوتووە عاقڵ ئەو کەسەیە کە لە چواردەور ئامۆژگاری وەردەگرێت و دووجاریش لە یەك کوندا ناگەزرێت. ئایا (ئەنسارولسوننەو جوندولئیسلام و هێزی لێدەرو هێزی ئیبن تەیمیە و هێزی سەید قوتب و ..تاد ئەو گروپە توندڕەوانەی پێشوو کە هەورامانی سەرکەشیان کردبوویە ئامانج و بێحورمەتیی گەورەیان نواند بەرامبەر بە ئارامگای پیرۆزی زاناو شێخانی نەقشبەندی لە بیارەو باخەکۆن و ناوچەکانی تری دەڤەرەکە ئایا تێکڕایان گروپی سەلەفی نەبوون؟! ئایا بە فەتوای ئیبن تەیمیە و ئیبن عەبدلوەهاب و ..تاد ئەو کارە قێزەوەنانەیان ئەنجام نەدا؟ ئایا تەواوی ئیسلامییە سەلەفییەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان بەو تاوانانە خۆشحاڵ نەبوون؟ ئایا بیستمان تا ئەمڕۆش سەلەفییەك یان ئیسلامییەکی توندڕەو بێتە گفت و ئیدانەی راستەوخۆی عەقیدەی ئەو گروپانە یان کردارەکانیان بکات، لە ساڵیادی ئەو بێحورمەتیانەیاندا یان هەر بۆنەیەکی دیکە؟ بۆیە دووپاتی دەکەینەوە کە ئەوانەو زۆری دیکەیش هەموو بەڵگەن لە سەر ئەوەی کە سیاسەتنەکردنی ئاشکرای ئێستای هەندێك لە سەلەفییەکان تەنیا تاکتیکە نەك ستراتیژ،ئەم راستییانەش لای دانشمەندان و رۆشنبیران و زانایان ئاشنان، پێویستیشە لای بەرپرسانی دڵسۆزی خاك و میللەت و نیشتمانیش ئاشکرابن..

٨- گرنگە دەزگاکانی حکومەتی هەرێم چاوتیژتر بنوارنە ئێستاو رابردوو و داهاتووی کوردستان، بە دروشمی بێ بنەما هەڵنەخەڵەتێن، چاو بە پەیوەندییەکانیان لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا بخشێننەوە، (ناکرێت و ناگونجێت و سەریش ناگرێت و قەبوڵیش ناکرێت کوردستان بکرێتە عەرەبستانی سعودییە)، خەڵکی ئەمڕۆ کاغەزی سپی دەخوێنێتەوە، بێگومان هەر یەکێك بیەوێت ئەو ئەزموونە بگوازێتەوە ئەوە ئینتیحاری بە ئێستاو داهاتووی خۆی کردووە. پێویستە بە تەواوەتی میدیا و سایت و پێگە و سنوورەکان کۆنترۆڵ بکرێن و سنوورێك بۆ هەوڵی نەزۆکی بە سەلەفیکردنی میللەتی کورد لە لایەن وڵاتانی کەنداو و گوێلەمشتەکانیان لە کوردستان دابنرێن.

١٠- پێویستە میللەتی کورد بە گشتی و بەرپرسانیش بەتایبەتی بزانن ئەوە چ بیرو هزر و تەوژمێکی میانڕەو بوو کە لە رابردوودا هەموو پێکهاتەکانی میللەتی کوردی لە سەر یەك سفرەو خوان کۆکردبوویەوە؟ چ رێبازێکی فریشتە دەرون بوو کە سەدان گەورە پیاو لە زاناو دانا و ئەدیب و شاعیری بە بەرهەم هێنا لە نموونەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی و مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و شێخی سیراجەددین و مەولەوی و کوردی و مەحوی و نالی و وەفایی و مەلا سەعیدی نوورسی و مەلاعەبدولکەریمی بیارە و مەلا باقری باڵەك و هەزارانی تریش؟ کە بە هۆی بیری میانڕەویی پڕ لە هەست و شعوری مەردایەتی و کوردایەتی و عەشقی ئیلاهی ئەوانەوە میللەتی کورد تا رۆژی قیامەت سەربەرز و رووسوورە لە هەردوو دنیاداو لە بەردەم تەواوی میللەتانی دنیادا. بەڵێ تا بیری پڕ لە حیکمەتی ئەوان گرنگی پێدەدرا نەبیسترا رۆژێك لە رۆژان هیچ نەتەوەو ئایدیاو ئایینزایەك لە کوردستاندا هەست بە پەراوێزخستن بکات یان خوانەخواستە بەجێی بهێڵێت. ئایا ئەو قوتابخانانەی ئەو کەڵە پیاوانەی بە بەرهەم هێنا چ جۆرە قوتابخانەیەك بوو؟ کە جێگەی رێزو حورمەتی تێکڕای میللەتی کورد بوون بە درێژایی ١٤٠٠ ساڵ لە مێژووی کوردستان، کە بە هۆی رەوشتی بەرز و گوفتاری جوان و شیرینیان هەموو میللەت پێکەوە دەژیاو بیری توندڕەوی سەلەفی تێدا نەبوو؟ ئایا ئەو کەڵە مەردانەی کە تێکڕای شۆڕشەکانی میلەتی کوردیان هەڵگیرساند لە هەر چوار پارچە داگیرکراوەکەی کوردستاندا لە چ قوتابخانەیەکی پەروەردەیی سلووکی دەرچوون؟ بەڵێ تێکڕای ئەو سەرکردە ئایینی و رۆشنبیری و شۆڕشگێڕانە تەنیا و تەنیا لە مەدرەسەی عیلم و عیرفانی تەصەووف تێگەشتن و پێگەشتن و بوونە چرای پرتەوبەخش، بۆ خۆیان سووتان لە پێناو روناکیی رێگای ئاییندەی میللەتەکەیان بە بێ بەرامبەر، وەك سەربازی وون تێکۆشان و نەسرەوتن، گیانی برایەتی و خۆشەویستی و لێبووردەیی و گفتوگۆیان بە نێو خەڵکدا بڵاوکردەوە، دڵی خەڵکیان ئاواشتەکردەوە بە رەوشتی جوان و کردەوەی موسڵمانێکی بە سوودی پڕ ئەوین، نەك ئیسلامییەکی توندڕەوی دڵپڕ لە قین..

با بەس بێت خۆدزینەوە لە مێژوو . بەس بێت خۆ هەڵەکردن لە واقیع . بەس بێت هەڵخەڵەتان بە دروشمی بریقەدار. بەس بێت خوێندنەوەی نادروست بۆ مێژوو وئێستاو داهاتوو. دەست لە دەست و هێزیش لە خودا بەرەو ئاییندەیەکی گەشتر. بەرەو دنیای ئەویندارى و لە یەکتر بووردن، بەرەو هەڵکردنی پەرچەمی دەوڵەتی کوردستان لە سنووری چیا تا ئێستا داگیرکراوەکانی حەمرین، دەوڵەتێك تێیدا رۆحی زانا و داناو سەرکردەو شاعیر و ئەدەبدۆستانی میللەتەکەمان ئاسوودەبێت، (دەرچووان) و توندڕەوان و تیرۆریستان و رەشبینان و دووڕووەکانیش ریسواترو نامۆتر ببن، و بیری قێزەوەنیان بچێتە زبڵخانەی مێژووی مرۆڤایەتییەوە. خوای گەورە یارمەتیدەری دڵسۆزانە.

# چۆن تیرۆر جێ پێی خۆی لە ناو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا کردەوە؟



دکتۆر محەمەد شەریف*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

دەستپێکی هەر توێژینەوەیەکی زانستی یان لۆژیکی دانوستان یان تەنانەت خودی دانووستانیش، بە پرسیار یان بە لێپرسینەوە دەست پێ دەکات. ئەمەش پێویستی بەو ڕاستەواژە (المسلمات) و ئەو ڕاستییانەوە (البدیهیات) هەیە کە توێژەر لە ئەوێڕا دەست پێ دەکات بۆ ئەوەی بگاتە ئەو وەڵامانەی کە دەربارەی ئەو تەگەرە هزرییانەی لە قۆناخە جیاوازەکاندا هاوژینی مرۆڤ بووە و قەناعەتی پێی هەیە. هەر وەك گوتراوە ئەگەر ئەو ڕاستەواژە و ڕاستییانە نەبان، هەرگیز مشتومڕ نەدەبڕاوە و دانوستانیش سوودی نەدەبوو.

لە سەرەتادا هەموو لەو باوەڕە داین کە مرۆڤ تاکە ڕاستییەکە، مرۆڤ مرۆڤە، خەڵکیش هەر خەڵکن. لە ئەنجامی ئەو پێشکەوتنە زانستییەی کە مرۆڤ وەك

موعجیزە بە دەستی هێناوە، گەلەك لەو گەلەستێرە زەبەلاحانەی ناسیوە کە لە ئاسۆیە دوورەکانی گەردووندا لەهاتوچۆدان و توانیویەتیشی گەردیلە بناسێ و بزانێ چ چەشنە سەرچاوەیەکی گەورەی وزەیە؛ لێ هێشتا نەیتوانیوە خودی خۆی بناسێ، مرۆڤ بناسێ! هەر لەبەر ئەوەش بووە کە هەموو ئەو بیردۆزە هزری و فەلسەفی و هەموو زانستەکانی تر نەیانتوانیوە بە لێکدانەوەیەکی ڕاست و دروست گەشەکردنی مرۆڤ پێشکێش بکەن و بتوانن ڕەفتاری بەرزەفت بکەن. هەر لەبەر ئەوەشە کە هیچ ئایین و ئایینزا و ئاراستە، نەیتوانیوە مرۆڤ لە یەك گۆی «چاکە یان خراپەدا – کۆبکاتەوە و – تا ئێستاش هەر ناکۆکن.»

دژوارترین دوژمنی مرۆڤ، مرۆڤ خۆیەتی؛ چونکە ئەو غەریزە توندەی لەلای مرۆڤدا هەیە، هانی دەدات مرۆڤی بەرامبەری بە قوربانی بەرژەوەندی یان ڕابواردنێکی خۆی بکات؛هەر وەك قابیل بە هابیلی کرد و تا دواتر. هەر بەو غەریزە بەهێزەشیەتی مرۆڤ دەتوانێ کاریگەری ئەو غەریزانە سەرکوت بکات کە داوای لێ دەکەن دادپەروەربێت؛ تاکە ڕێگر لەو غەریزانەی مرۆڤ، بەربەستە کۆمەڵایەتییە کاراکانی وەك یاساو ئایین و نەریتن. مرۆڤ بە درێژایی دیرۆکی لەبەر چەپەڵۆکی هاوڕەگەزە ستەمکار و خودان دەسەڵاتەکانیدا ژیاوە. کە ئایینەکان هاتن بەزەییان بۆ مرۆڤ هێنا، لێ مرۆڤ توانی کەمۆیان بکات و بۆ ئەو مەبەستانەیان بەکار بێنێ کە پێچەوانەی میهرەبانین. چیرۆکی ئەوەی کە کەنیسە لە چەرخەکانی ناڤیندا بە مرۆڤی کرد دیارە و ئیسلامیش کە هات بۆ ئەوەی مرۆڤ لە تاریکی دەربێنێ و بیخاتە نێو ڕووناهی و لە ستەمەوە بۆ دادپەروەری ببات، «انا أرسلنا رسلنا بالبینات لیقوم الناس بالقسط – واتا – ئێمە پەیامبەرەکانمان بە بەڵگەوە ناردن، بۆ ئەوەی خەڵك لە سەر بنەمای دادپەروەری ڕەفتار بکەن.» لە ڕقەوە بۆ میهر بچن، «وما أرسلناك الا رحمة للعالمین – واتا – ئێمە تۆمان تەنیا بۆ ئەوە نارد تا ببیە میهر بۆ خەڵکی.» جا ئەرکی ئیسلام ئەمەیە کە ڕێگە بە خەڵکی نیشان بدات و پاکی بکاتەوە و فێری ئەو کتێبەی بکات کە بابەتەکانی ئەم باوەڕ و ئەو حیکمەتە دیار دەکات کە هزر بۆ بیرکردنەوە ساز دەدات. ئەرکی مرۆڤیش نییە هزری هیچ مرۆڤێك بە تۆبزی بگۆڕێ، ئاخر ئایین ڕوون کردنەوەیە نەك تێگەیاندنی هزرێك بێ. بێ ئەوەی قەناعەتی پێ هەبێ، قورئانی مەزن ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەفەرموێ، « فذکر انما أنت مذكر لست علیهم بمصیطر – واتا –ئەرکی تۆ تەنیا وەیاد هێنانەوە و گەیاندنە و پێویست ناکات ناچاریان بکەی کە پێی قایل بن.» بۆ ئەوەش ڕەوشەنتر بێ، ئەم ئایەتە پیرۆزەی سورەتی الإنسان بخوێنەوە، « انا هدیناه السبیل اما شاکرا واما کفورا – واتا – ئێمە ڕێگەمان پێی نیشان داوە، جا یان سوپاسگوزارە یانیش کوفرانە دەکات»، بەڵام ئۆباڵی ئەوەی کە لە چەرخەکانی ناڤیندا ڕوویدا لە ئەستۆی کەنیسەیە؛ چونکە کەنیسە ڕێنماییە مرۆییەکانی حەزرەتی عیسای تایبەت بە دروست کردنی مەملەکەتی ڕۆح بەو شێوەیە لێکداوە کە بناغەی دەوڵەتێکی دنیائامێزی ئاوا پێك دێنێ کە ئامانجەکانیان وەدی دێنێ نەك ئامانجەکانی خودی مەسیح، تیرۆر پەیڕەو دەکات و میهر ناناسێ. دادگاکانی پشکنینی کەنیسە لە هەموو شوێنێك ڕاوەدووی کریستیانە ئازادیخوازەکانی دەنا و هەر سەربەستێکی لە فەرمانیان دەردەچوو فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەردەکرد. قەشە برۆنۆ لەبەر ئەوە سووتێندرا، چونکە لەسەر ئەوەی مکوڕ بوو کە زەوی سەنتەری گەردوون نییە و ئەمەش بە پێچەوانەی ئەو بیردۆزەیان بوو کە لە گەردووونناسانی گریکیان وەرگرتبوو کە دەڵێن، «زەوی سەنتەری گەردوونە.» خۆ نەخودی عیسا ئەمەی گوتووە و نە هاوشێوەی ئەم قسەیەشی کردووە و نە ئەمەی مەرام بووە، چونکە ئەو هەر میهر و ئاشتی بووە و چیتر نەبووە. بە هەمان شێوە ئایینی ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە مێشك تێر بکات و ویژدان خاوێن بکاتەوە و لە خەڵکی بگەیەنێ کە هەموو لە یەك قوڕ دروستکراون و ئەرکی هەموانە لە چاکە و خواترسییەوە هاوکاریی یەکتری بکەن بۆ ئەوەی ئاشتی لە نێوانی مرۆڤدا باڵا دەست و بەرپا بێ. بەڵام مرۆڤ هەر ئەو مرۆڤە ماوە کە خودا دایهێناوە یان سوپاسگوزارە یانیش یاخییە. بە مێژووی موسوڵماناندا بچۆوە، ئەرێ چیان لە دینەکەیان کردووە؟ ئایا دین وەك چۆن هاتووەتە خوارەوە ئاوا نێوچەوان پاك ماوەتەوە؟ یان ئەوەتا بە بیانووی پێویستی گوێڕایەڵی بوونی وەلی ئەمران یان بە بیانووی ژیرزانینی (اجتهاد) خۆویستیگەلی مرۆڤی تێهاتووە؟.

لێرەوە بۆ یەك ساتیش بێ، گومانی ئەوەمان نییە کە نابێ ئەو تیرۆرەی لەو شوێنانە تەشەنەی کردووە کە موسوڵمانی لێ هەن، بە هیچ جۆرێك بە ئیسلامەوە بنووسێندرێ. ئەو ئایینەی دابەزیوە لەوان بێ بەرییە، بەڵام مێژووی موسوڵمانان نا. بە هەمان شێوە ژیرزانینییەکانی (إجتهادات) بواری فیقهی ئیسلامی لە

**مرۆڤ بە درێژایی دیرۆکی لەبەر چەپەڵۆکی هاوڕەگەزە ستەمکار و خودان دەسەڵاتەکانیدا ژیاوە. کە ئایینەکان هاتن بەزەییان بۆ مرۆڤ هێنا، لێ مرۆڤ توانی کەمۆیان بکات و بۆ ئەو مەبەستانەیان بەکار بێنێ کە پێچەوانەی میهرەبانین**

**ئەرکی مرۆڤ نییە هزری هیچ مرۆڤێک بە تۆبزی بگۆڕێ، ئاخر ئایین ڕوون کردنەوەیە نەک تێگەیاندنی هزرێک بێ. بێ ئەوەی قەناعەتی پێ هەبێ، قورئانی مەزن ئاماژە بۆ ئەوە دەکات**

هۆکارەکانی کات و شوێن دەستپاك نییە. موسوڵمانە سادە و ساکارەکان وا خەیاڵدەکەن کە ئەوەی لە سەرچاوەیەکی زانستی ئایینی لە کاتێکدا دەرچووە، شێوەکان و پێویستەکانی گۆڕاوە، وەك ئەوەی سرووش بێت و دابەزیبێ. فیقهی ئیبن تەیمییە تاکە نموونەی بەرنامەی توندڕۆیی نییە کە تیرۆری پەیدا کرد یان بووبێتە پاساوێك بۆ بڵاوبوونەوەی بەرنامەی تیرۆریستی لە نێوان موسڵمانان ئەوانەی هەڵگری ئایینزاکەی دەبن.

ئەو فیقهە مێژووییەی کە تا ئێستاش سەرچاوەی گرنگی توێژینەوەی فیقهی ئیسلامییە و قوتابییانی زانستە ئیسلامییەکان فێری هزرەکەی دەکات، لەو سەردەمانەدا نووسراوەتەوە کە ئایین نیشتمان بووە کە پێوەری هاووڵاتیبوون بووە و پەیوەندیی نێوان نەتەوەکان نە بە پێی یاسا نووسراوەکان و نە بە گوێرەی نەریتە کۆنەکان و نە بە ڕێنماییە سەپێنراوەکان بەڕێوە چووە. ڕێبازی هەموو نەتەوەکان ڕێی داوە ئەوانی تر داگیر بکەن و کۆیلەبەندیان بکەن؛ ئاخر هێز سەرپشك بووە. کەچی ئەو پرەنسیپەی قورئانی پیرۆز بۆ دروست کردنی پەیوەندی نێوان کۆمەڵگە جیاوازەکان چەسپاندی، یەکتر ناسین و پەسند کردنی لایەنی بەرامبەرە وەکو مرۆڤ. ئەمەش ئەو بنەما پرشنگدار و نەمرەیە کە کۆمەڵی نێونەتەوەیی شارستانی پابەندی پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان و پەیماننامەکانی تری مافەکانی مرۆڤ دەبێ، کە کۆمەڵگەی هاوچەرخ پێیەوە پابەندە، هیچ سیفەتێکی تایبەت و هیچ بەش و بڕگەی بۆ دانەناوە، لەم فیقهە مەزنەدا ئەم پەیوەندییانە ڕێك دەخرێن، بەمەش بە چەندین سەدە وەپێش چەرخی دروست کردنی شارستانی دەکەوت. بەڵکو هەر بەپێی نەریتەکان بەڕێوە چووە کە پێشترەکان دایانڕشتبوو. هەرچەندە نوێخوازی گەورە لە بوارەکانی فیقهـ و هزری ئیسلامی هەوڵیان داوە لە دەقاکان دەربچن، داهێنانیان لە بواری ئامانجەکانی شەریعەت کردووە و لەو جێگانەش کە دەق دەگەڵ عەقڵ دژ بە دژی یەکترین پشتیان بە لێکدانەوە بەستووە. لەوانە ئیمامی شاتبی و ئیمامی توفی. بەڵام شوێن پێ کەوتنی فیقهی ئەوەی پشت بە ئەو کاتی پاشکەوتووی موسوڵمانان دەبەستێ هێشتا توندتر و بەهێز تر بووە و ئێستاکەش هەر وەسایە. لەمەش پتر، سەلەفی جیهادی هاوچەرخ ئەو ژێرزانینە توندانەیان زیندووکردووەتەوە کە تژی کتێبە فیقهی و فەرموودە و دیرۆکی ئیسلامین و بۆشایی نێوان هەردوو لایان تا ئەو ڕادەیە بەرین کردووە کە نکوڵی لە یەکتری بکەن و خۆی لێ بێ پەیوەند بگرن؛ لەوانە حەرام کردنی ملکەچیی موسوڵمان بۆ فەرمانی کەسێکی ناموسوڵمان. واتا نە حوکمی کافر پەسندە و نە گەواهیدانی لێ وەردەگیرێ. بەڵکو سەلام و ماندوونەبوونیشی لێ حەرامە؛ وڵاتیان وڵاتی کافر و شەڕە، جا نابێ هەڵسوکەوتی دەگەڵدا بکرێ ئەگەر بەپێی جزیە و ئاگر بەست نەبێ کە ئەمەشیان نابێ لە دە ساڵان ڕەت بدات.

سەرهەڵدانی ئەم توندڕۆییە پڕ مەترسییە ناکەوتە سەر ڕێی ڕاست و ئەگەر هەموو لە هەمووی نەتەوە بە ڕوویدا نەوەستێ، خۆی و جیهانیش دەگەڵ خۆی، تێك و لێك دەدات.

ئەو هەموو توندڕۆییەی کە میهری مرۆڤ دەبڕێتەوە و هەموو هیوایەکانی یەکبوونی مرۆڤایەتی ئەوەی لە سەر بنچینەی یەکتر ناسین و هاریکاریی نێوان مرۆڤدا هاتووە دەبڕێتەوە، لە سەر بناغەیەکی هەڵەی ئایەتی ژمارە ١٤٠ لە سوورەتی النساء دا هاتووە، کە دەڵێ، « ولن يجعل الله للكافرين على المؤمنين سبيلا — واتا — خودا هیچ ڕێگەیەك بۆ کافران ناهێڵێتەوە تا لەوێڕا پێشبەندی موسوڵمانان بن.»

ڕاستیش ئەوەیە کە ئەم ئایەتە بڕیاری ئەو وەسفە نادات کە لە دنیادا بێت، بەڵکو ئەمە تایبەتە بە ڕۆژی قیامەت. ئەمەشم لە کتێبەکەمدا ڕوون کردووەتەوە کە ناوی «دروس في الانفتاح على الرأي الآخر» ە.

دەگەڵ ئەمەشدا، ئەی ئەمە قورئانی پیرۆز نییە کە لە چەندین ئایەتدا داوادەکات بە شوێن چاکتریندا بگەڕێ؟ ئایا خۆی نییە دەڵێ، «خذ العفو وأمر بالعرف وأعرض عن الجاهلين — واتا — بەخشندە بە و فەرمان بە قسە و بە ڕەفتاری چاك بکە و خۆت لە نەزانان لادە.»

لێرەڕا دەگەڕێینەوە بۆ سەرەتا و دەڵێینەوە کە مرۆڤ خۆی مرۆڤە، بە سرووشتی خۆی ڕووەو توندیی دەڕوا؛ جا تەنانەت ئەگەر ئایینیش بێ. زۆربەی دنیای ئیسلامی نەخوێندەوارن، واتا ناشارستانین و ئەگەر ئەم چەشنە هزرانەیان لێ بار بکرێ کە گوایا هزری ئیسلامن، و فەقیهە ڕووناکبیرەکانی ئەزهەر یان ئەوانەی لە کوردستانن، ئەوانە زانایانی دەسەڵاتن و ئامۆژگارانی سوڵتانەکانن و خەڵکی متمانە بە قسەکانیان ناکەن، جا چۆن دەکرێ ئیرهابی داعش شوێن پێی خۆی لەم ژینگە ئیسلامییەدا نەدۆزێتەوە؟ چارەسەریش ڕاست کردنەوەی ژینگەکەیە!

---

**ئەو فیقهە مێژووییەی کە تا ئێستاش سەرچاوەی گرنگی توێژینەوەی فیقهی ئیسلامییە و قوتابییانی زانستە ئیسلامییەکان فێری هزرەکەی دەکات، لەو سەردەمانەدا نووسراوەتەوە کە ئایین نیشتمان بووە کە پێوەری هاووڵاتیبوون بووە**

**ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە مێشک تێر بکات و ویژدان خاوێن بکاتەوە و لە خەڵکی بگەیەنێ کە هەموو لە یەک قوڕ دروستکراون و ئەرکی هەموانە لە چاکە و خواترسییەوە هاوکاریی یەکتری بکەن بۆ ئەوەی ئاشتی لە نێوانی مرۆڤدا باڵا دەست و بەرپا بێ**

---

* سەرۆکی کۆڕبەندی هزری ئیسلامی

# سەرەتاكانی دەركەوتن و قووڵبوونەوەی قەیرانی دارایی لە عێراق و هەرێمی كوردستاندا



دكتۆر بێوار خنسی*

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی كردووە

لە نێـــوان حكومەتی فیــدراڵ و حكومەتی هەرێمی كوردستان و بە بەشداریی ئەنجومەنی نوێنەران، ڕێككەوتنێك بۆ دیاریكردنی بودجەی ساڵی ٢٠١٥ی عێراقی فیدراڵی و بە پشـــت بەستن بە ڕێژەی فرۆشـــتنی نەوت بە بڕی ٣,٣سێ ملیۆن و سێسەد هەزار بەرمیل لە ڕۆژێكدا واژۆ كرا، بــە خەمڵاندنی دانانی نرخێك بــە بڕی ٥٦ دۆلار بۆ هــەر بەرمیلێك نەوتی خاو، داهاتــی نەوت نزیكەی ٩٣٪ ی بودجــەی عێراقیی ســاڵی ٢٠١٥ پێكدەهێنێت، ئەو ٧٪ـەی تریش لە داهاتەكانی تری ناوخۆی دەوڵەتەوە وەدەست دەهێندرێت، بەم شێوەیە بودجەی عێراقی فیدراڵ بە ١١٩ ترلیۆن دینار دەخەمڵێنرێت، كە دەكاتە ١٠٤ ملیار دۆلار بۆ ئەمساڵ.

**● كاریگەریێتی و لێكەوتەكانی فرۆشتنی نەوت لەسەر بودجەی عێراق و هەرێمی كوردستان بریتین لە:**

١. حكومەتــی عێراق بە دەســت كورتهێنانی داراییەوە دەناڵێنێ، كە بە نزیكەی ٢٠ ترلیۆن دینارێك دەقرسێنرێت، واتــە نزیكەی ١٨ ملیار دۆلار، ئەمــەش بارگرانییەكی گەورە دەخاتە ئەستۆی بودجەی ساڵی ٢٠١٥ی وڵاتەكە. كە بە ١١٩ ترلیــۆن دینار دەخەمڵێنرێت، كە دەكاتە ١٠٤ ملیار دۆلار.

٢. بودجەی ســاڵی ٢٠١٥ی عێراق كە بە ١٠٤ ملیار دۆلار خەمڵێنراوە، داهاتــی نەوتی خاو نزیكەی ٩٣٪ی كۆی بودجەكەیە، كە دەكاتە ٩٦,٧٢ ملیار$، ئەو بەشەی تری كە دەمێنێتەوە بریتیە لە (٧,٢٨ ملیار دۆلار)، بەشی هەرێمی كوردســـتان بە ١٤,٨ترلیۆن دینار دادەنرێت، كە دەكاتە ١٢,٥ ملیار دۆلار.

٣. ئەگەر ڕۆژانە ٣,٣ ســێ ملیۆن و سێ سەد هەزار بەرمیل لە ٣٦٥ ڕۆژەكانی ســاڵدا نەوت و بە نرخی ٥٦ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك نەفرۆشرێت، كەواتە ڕەنگە كۆی داهاتی عێراق لە فرۆشـــتنی نەوتی خاو بگاتە ٦٨,٤٥٢ ملیـــار دۆلار، ئینجا بۆ ئەوەی دەوڵەت گۆڕمەی ٩٦,٧٢ ملیار دۆلارەكە مســـۆگەر بكات، پێویســـتە لەسەری بۆ ماوەی ٣٦٥ ڕۆژی ســاڵ ئەو ســێ ملیۆن و سێســەد هەزار بەرمیــل ڕۆژانەیە بە نرخی ٨٠,٣٣ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك بفرۆشـــێت، واتا تێكڕای خەمڵێنراوی ئێستا كە ڕۆژانە ٥٦ دۆلارە بۆ هەر بەرمیلێك نەوتی خاو، بۆ ٣٦٥ ڕۆژەكەی ســاڵ، داهاتی عێراق لە فرۆشتنی نەوت ٣,٣ ملیۆن بەرمیل لە هەر ڕۆژێكدا دەهێنێتە ســەر ٦٧,٤٥٢ ملیار دۆلار، ئەو جیاوازییەی لێرەدا دروست دەبێت، بریتییە لــە ٢٩,٢٦٨ ملیار دۆلار، ئەم فاكتــەرەش دەبێتە هۆی قووڵكردنەوەی قەبــارەی كورتهێنانی دارایی لە عێراقدا، كاریگەرییە ڕاســـتەوخۆكەی زیاتر لە بودجەی ٢٠١٦شدا ڕەنگ دەداتەوە.

٤. بۆ ئەوەی گۆڕمەی ٩٦,٧٢ ملیار دۆلارەكە بەو نرخە چاوەڕوانكراوە كە ٥٦ دۆلارە وەدەســت بهێنرێت، پێویستە ئاستی ڕەوانەكردنی ڕۆژانەی نەوت لە سێ ملیۆن و سێ ســەد هەزار بەرمیلەوە بەرز بكرێتـــەوە بۆ چوار ملیۆن و حەوتسەد و سی و نۆ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێكدا، ئەمەش مەحاڵە بۆ ئێســتا، چونكە تا ئێســتاش لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوو ڕێژەی فرۆشتنی نەوت نەگەیشتۆتە سێ ملیۆن و سێسەد هەزاریش، وێڕای دابەزینی نرخی نەوتی خاویــش بۆ ٤٥-٥٠ دۆلارێك بەرانبــەر هەر بەرمیلێك، بە واتای دابەزینێك بە ڕێژەی١١- ٢٠٪ لە نرخە خەمڵێنراوەكە كە ٥٦ دۆلارە بۆ هەر بەرمیلێك نەوت.

٥. وەزارەتــی نەوتــی عێراقی ڕایگەیانــد كە ڕێژەی هەناردەكردنــی نەوت بۆ ٢٨ ڕۆژەكەی مانگی شــوبات

گەیشتۆتە ٧٢ ملیۆن بەرمیل، واتا بە ڕێژەیەك كە نزیكەی ٢,٥٧١ بەرمیل لە ڕۆژێكدا كە دەكاتە ٧٧,٩١٪ی ڕێژەی هەناردەكراوی داواكراو، لێرەشدا نزیكەی ٧٢٩ هەزار بەرمیل نەوت ڕۆژانە كورتی هێناوە، كە دەبوایە لەو ٢٨ ڕۆژەی مانگی شوبات بەپێی خەمڵاندنەكە ڕێژەی ٩٢,٤٠ ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێكدا بفرۆشرایە، ڕێژەی كەمهێنان بە ٢٢,٠٩٪ دادەنرێت، ئەم كەمترهێنانەش لە ڕێژەكەدا كاریگەریی خراپی هەیە لە بودجەی خەمڵێنراو، جگە لەوەی كە هەر بەرمیلێك نەوت بە ٥٠ دۆلار فرۆشراوە، نەك بە ٥٦ دۆلار.

٦. ئەگەر هەموو لایەنە پێوەندیدارەكانی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوت لەسەر ئەو پلانە بڕۆیشتنایە كە بودجەی عێراق پشتی پێ دەبەستێ واتا(٣,٣ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێكدا و فرۆشتنی بە نرخی ٥٦ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك و بۆ ماوەی ٢٨ ڕۆژی مانگی شوبات، لەو حاڵەتەدا دەبوایە داهاتی نەوت بگەیشتایەتە سنووری٥,١٧٤ ملیار دۆلار لە مانگی شوباتدا، بەڵام بەهۆی ئەوەی ڕۆژانە كەمتر فرۆشراوە گوژمەكە بریتییە لە ٤,٠٣٢ ملیار دۆلار بە واتای كورتهێنانێك بە ڕێژەی ١,١٤٢ ملیار دۆلار تەنیا لە مانگی شوباتدا، ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام نەوت ڕەوانە بكرێت لە دەرئەنجامدا كورتهێنانەكەی فرۆشەنی نەوت لە ماوەی ١٢ مانگی ساڵی ٢٠١٥ دەگاتە نزیكەی ١٣,٦٨ملیار دۆلارێك، ڕەنگە زیاتریش بێت لەم ژمارەیە.

٧. حكومەتی فیدراڵ و حكومەتی هەرێمی كوردستان هەردوولایان بەرپرسیارن لەو ڕێگرییانەی دروست دەبێت بۆ جێبەجێكردنی هەناردەی سێ ملیۆن و سێسەدهەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە، دەبوایە حكومەتی فیدراڵ ڕۆژانە ٢,٧٥٠و حكومەتی هەرێمیش ڕۆژانە ٥٥٠ هەزار بەرمیل نەوتیان لە ڕۆژێكدا ڕەوانە بكردایە، بەڵام حكومەتی فیدراڵ و حكومەتی هەرێمیش هەردوولایان كەمتریان ڕەوانە كردووە، واتا حكومەتی فیدراڵ بڕی ٢,٢٩٦و حكومەتی هەرێمیش بڕی ٢٧٥ هەزار بەرمیلی ڕەوانە كردون، واتا ڕێژەی فرۆشتنی نەوت گەڕاوەتە دواوە لە هەردوولاوە، واتا بە هەردوولایان بە بڕی ٧٢٩هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێكدا كەمیان هێناوە، واتا حكومەتی فیدراڵی ڕێژەی كەمهێنانەكەی بریتیە لە ٦٢، لە لەكاتێكدا حكومەتی هەرێمیش بە ڕێژەی ٣٨٪ لەو ڕێژەیەی دایاننابوو كەمتریان ناردووە، تەنانەت بە نرخی كەمتر لە ٥٦دۆلارەكەی بۆ هەر بەرمیلێكیان دیاری كردبوو، وێڕای ئەوەی ئومێد هەرە بۆ بەرزبوونەوەی نرخی بەرمیلێك نەوت بۆ نزیكەی ١٠٠ دۆلارێك بەرانبەر هەر بەرمیلێك لە كۆتاییەكانی ساڵی ٢٠١٥دا.

٨. گرێی گرفتە سەرەكییەكەی نێوان بەغدا و هەولێر سەبارەت بە بابەتی نارێكی لە هەناردەكردنی نەوتی خاودا بریتییە لە نەبوونی بێلایەنێك بۆ بەدواداچوونی جێبەجێكردنی پلان و ڕێككەوتنەكانی هەردوو جەمسەرەكە، لەبەر ئەوەیە كە حكومەتی فیدراڵ بووەتە سەرچاوەیەك بۆ خۆ فەرزێنی و بڕیاردەركردنی تاكلایەنانە دەربارەی ڕێككەوتنەكە، هەر بۆیە پەنجەی گازەندە درێژ دەكرێت بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان لەو بارەیەوە بەوەی تەنیا ئەم پابەند نییە بە ڕەوانەكردنی ٥٥٠ هەزار بەرمیل نەوتەكەی لە ڕۆژێكدا بۆی تەرخان كراوە، كەچی لایەنێك، یان ناوەندگیرییەك نییە لێپرسینەوە، یان ڕەخنە بگرێت لە حكومەتی بەغدا كە ئەویش نەیتوانیوە تا ئێستا ئەو ڕێژەیەی بۆی تەرخان كراوە بفرۆشێت، وەك وتمان ڕێژەی ٢,٧٥٠دوو ملیۆن و حەوت سەدو پەنجا هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بۆ تەرخان كراوە تا بیفرۆشێت، كەچی مانگی شوبات ٢,٢٩٦دوو ملیۆن و دوو سەدو نەوەدو شەش هەزار بەرمیل نەوتی لە ڕۆژێكدا فرۆشراوە.

٩. باری ئێستای عێراق كە گیری خواردووە بە دەست خراپی كارگێڕیی و لاوازی دەزگاكانی چاودێری و یاسایی، هەراو زەناو، لە كۆنترۆڵ دەرچوونی دەسەڵاتی حكومەت بەسەر چەند پارێزگایەك، جەنگی تیرۆر، بڵاوبوونەوەی گەندەڵی، نەبوونی دادپەروەری لە دابەشكردنی داهات، جەنگی نەوت و دابەزینی نرخەكەی، كورتهێنانی كەڵەكەبووی پارە و... تاد، وێڕای دەستێوەردانی هەرێمیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە عێراق، ئەمانە هەموویان دیاردەی قەیرانە داراییەكە قووڵتر دەكەنەوەو ناڕاستەوخۆ كار دەكەنە سەر هەرێمی كوردستانیش بە حوكمی ئەوەی حكومەتی بەغدا كۆنترۆڵی سامان و پارەو داهاتی مانگانەی لە دەستدایە، بە شێوەیەك مانگانە نیوەی گوژمەی پارەی هەرێم دەنێرێت، بە نموونە لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا تەنیا ٧٥٠ملیار دیناری ڕەوانەی هەولێر كردووە كە بەشی مووچەی تەنیا یەك مانگی فەرمانبەرانی هەرێم ناكات، كە بریتییە لە ٨٥٠ ملیار دینار لە مانگێكدا، كەواتە زەحمەتە بەم شێوەیە قەیرانی دارایی چارەسەر بكرێت، ئەگەر بێت و بەغدا بەم شێوازە مامەڵەكردنەوە بەردەوام بێت لەگەڵ هەولێردا.

**● مەترسییەكانی كەمبوونەوەی بڕی هەناردە كردنی رادەی پێویستی نەوت:**

١. ئەگەر نەتوانرا ڕێژەی دیاریكراو كە بریتییە لە ٣,٣ ملیۆن بەرمیل نەوت ڕۆژانە ڕەوانە بكرێت، هەموو جومگەكانی ژیان تێكدەچێت، چ لە عێراق و چ لە كوردستان، بەتایبەتی ئەگەر بەم شێوەیە فاكتەرە دەرەكی و ناوخۆیی و هەرێمیی و جیهانییەكان هاوزەمان بن بەم قەیرانە، واتا نەبوونی سەقامگیری و لاوازیی دامودەزگاكانی كارگێڕی دەوڵەت و قووڵتربوونەوەی دیاردەی گەندەڵی لە عێراقدا كە خانەبەندی ١٧٠یەمینی

**گرفتە سەرەكییەكەی نێوان بەغدا و هەولێر سەبارەت بە بابەتی نارێكی لە هەناردەكردنی نەوتی خاودا بریتییە لە نەبوونی بێلایەنێك بۆ بەدواداچوونی جێبەجێكردنی پلان و ڕێككەوتنەكانی هەردوو جەمسەرەكە**

**دەبوایە حكومەتی فیدراڵ ڕۆژانە ٢,٧٥٠و حكومەتی هەرێمیش ڕۆژانە ٥٥٠ هەزار بەرمیل نەوتیان لە ڕۆژێكدا ڕەوانە بكردایە، بەڵام حكومەتی فیدراڵ و حكومەتی هەرێمیش هەردوولایان كەمتریان ڕەوانە كردووە**

**پێویستە گرژی نەخرێتە نێو دۆسییەکانی پرۆژە نەوتی و غازییەکان لە ناوچەکەدا لە ڕێی هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە بەتایبەتی لە حاڵەتی ڕەخنەگرتنی زلهێزانی ناوچەکە لەسەر پرۆژە زیندووەکان**

**لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا تەنیا ٧٥٠ ملیار دیناری ڕەوانەی هەولێر کردووە کە بەشی مووچەی تەنیا یەک مانگی فەرمانبەرانی هەرێم ناکات، کە بریتییە لە ٨٥٠ ملیار دینار لە مانگێکدا، کەواتە زەحمەتە بەم شێوەیە قەیرانی دارایی چارەسەر بکرێت**

**حکومەتی فیدراڵ بووەتە سەرچاوەیەک بۆ خۆفەرزێنی و بڕیار دەرکردنی تاکلایەنانە دەربارەی ڕێککەوتنەکە**

لە کۆی ١٧٥ دەوڵەتی جیهان بۆ دانراوە، هەروەها لە درێژەی جەنگی تیرۆر و زۆربوونی ئاوارە و دەستێوەردانی وڵاتانی هەرێمیی لە ناوخۆی عێراق و ئەمەشی هاتۆتە سەر کە کەوتۆتە ناو جەنگی نرخ دابەزینی نەوت و غاز کە قەیرانە داراییەکە قووڵتر دەکاتەوە.

٢ـ ئەو هەڕەشانەی دەکرێنە سەر سەرچاوە و دەروازەکانی ڕەوانەکردنی نەوت و غاز بەتایبەتی لە ناوچەی وڵاتانی کەنداو گەرووی هورمز و دەریای سوور و گەرووی عەدەن، کە ئێران جار ناجارە هەڕەشەی داخستنی گەرووی هورمز دەکات کە دەروازەیەکە بۆ بازرگانیی جیهانی، نەوتیش لە پشکی شێری ئەو بازرگانییەدایە، هاوکات لەگەڵ ئەگەری هانابردنی حوسییەکانی یەمەن بۆ داخستنی گەرووی عەدەن کە دەروازەی دەریای سوورەو بە هۆی نۆکەندی سوێسەوە دەریای ناوەڕاست پێکەوە دەبەستێتەوە، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی وڵاتانی کەنداو زەبری کوشندە لە حوسییەکانی یەمەن بوەشێنن، ئەم هەرا و بەزمە ڕەنگدانەوەیەکی نێگەتیڤی هەیە بۆ سەرچاوەکانی وزە و ڕێگەکانی ڕەوانەکردنی نەوت و غاز بەرەو بازاڕەکانی جیهان، زۆر نێگەتیڤانە بەسەر عێراقیشدا دەشکێتەوە کە وڵاتێکە ٩٣٪ی داهاتەکەی بەستراوەتەوە بە ڕەوانەکردن و ناردنە دەرەوەی نەوتەوە.

٣ـ توندتر بوونەوەو کێبڕکێی کوشندەی نێوان دەوڵەتان لە سەر پرۆژەی هێڵەکانی ڕەوانەکردنی غازی سروشتی دەریای قەزوین و کەنداو و باکووری ئەفەریقا، بەپێی گونجاندنی بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتانەی کەوتوونەتە بازنەی ئۆبیك و ناوچەکانی ڕەوانەکردنەوە، ئەمەش ڕاستەوخۆ گرژی و ناکۆکی خستۆتە ناوچەکەوە، بەتایبەتیش گرژی کەوتۆتە ئەو ناوچانەی بڕیار وایە هێڵەکانی غازی سروشتی پێدا تێپەڕبکرێت، ناسەقامگیربوونی عێراقیش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی عێراق لە بەرنامەیدا بووە کە لە داهاتوودا ئەو پلانە جێبەجێ بکات کە ڕۆژانە لە چوار ملیۆن بەرمیلەوە ناردنە دەرەوەی نەوت بەرزتر بکاتەوە بۆ شەش و هەشت و دوازدە ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، بەمەش عێراقی دەکردە هاوتای سعودیە، وێڕای پێشنیازی هێڵی بۆری غازی ئیسلامی لە ئێرانەوە بۆ عێراق و دواتر سووریا و ئینجا دەریای سوور، پەراوێزخستنی ڕۆڵی تورکیاش لەم بوارەدا، تێکڕای ئەمەش بە نێگەتیڤانە ڕەنگی دایەوە لەسەر ناسەقامگیری و تێکچوونی باری ئەمنی عێراق و دواتریش هەرێمی کوردستان و جەنگی تیرۆر و هاتنی تیرۆریستانی جیهانی، یەکێك بوو لە دەرکەوتەکانی ئەو پرۆژە گەورانەی کە لە بەرنامەدا بوون.

## ● چارەسەر و پێشنیازەکان:

١ـ بەردەوامیدان بە دانیشتن و دانوستانەکانی نێوان بەغدا و هەولێر، لە پێناوی زامنبوونی دابەشکردنێکی دادپەروەرانەی داهاتی مانگانەی هەموو پارێزگاکان بە هەرێمی کوردستانیشەوە بە بێ جیاوازی و بە یەکسانی، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش، تێکڕای ڕێژەی فرۆشراوی نەوت لە مانگی شوبات کە بریتی بووە لە ٧٢ ملیۆن بەرمیل بە نرخی ٥٠ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك کورتهێنانێکی گەورە دروست دەکات لە کاتێکدا عێراق پێویستی بە ١١٨ ملیۆن دیناری ڕۆژانەیە، کە دەکاتە ٣,٥٤٠ ملیار دۆلار لە مانگێکدا، کەواتە داهاتی نەوتی عێراق لە مانگی شوبات تەنانەت بەشی بەغدا ناکات، ئەی چۆن بەشی هەرێم دەنێرن؟ بەتایبەتی لەم بارودۆخەی ئێستا، ئەگەر بە پێی سیستمێکی دابەشکردنی دادپەروەرانە و بەپێی پشکی هەرێم دەبوایە لەو پارەیە ١٧٪یان ڕەوانە بکردایە، کە دەکاتە نزیکەی ٦١٢ ملیۆن دۆلار لە داهاتی فرۆشتنی نەوت بۆ مانگی شوبات.

٢ـ پابەندکردنی هەردوولا بە ڕەوانەکردنی ٣,٣ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، بەغدا٨٣٪بنێرێت کە دەکاتە ٢,٧٣٩ ملیۆن بەرمیلی ڕۆژانەو و هەرێمی کوردستانیش ١٧٪ ڕەوانە بکات کە دەخەملێنرێت بە ٥٦١ هەزار بەرمیل نەوت ڕۆژانە بەرانبەر بە زامنکردنی وەرگرتنی١٧٪ی داهاتی نەوت بۆ هەرێمی کوردستان لە میانی ساڵی ٢٠١٥.

٣ـ پێکهێنانی چەند لیژنەیەکی هونەری بۆ وردبینی و بەدواداچوونی ناردنە دەرەوەی نەوت بۆ هەردوولا، هەروەها بۆ دابەشکردنی داهاتەکان لە کۆتایی هەر مانگێك، یان وەرزێك، یان ساڵێك بە پێی ڕێککەوتنی هەردوولا تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٥.


٤ـ پێویستە گرژی نەخرێتە نێو دۆسییەکانی پرۆژە نەوتی و غازییەکان لە ناوچەکەدا لە ڕێی هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە بە تایبەتی لە حاڵەتی ڕەخنەگرتنی زلهێزانی ناوچەکە لەسەر پرۆژە زیندووەکان، بە تایبەتی پرۆژەی غازی ئێرانی ناسراو بە پرۆژەی غازی ئیسلامی بە حوکمی توندتربوونەوەی ململانێی نێوان لایەنگران و ناڕازیبووانی ئەو پرۆژەیە، ئەمەش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریی نێگەتیڤانەی کردۆتە سەر باری ئەمنی و سەقامگیریی ناوچەکە و هەرێمی کوردستانیش بە هۆی پشتگیریی هەندێ لایەن و لاگیری هەندێکی دی بۆ ئەو پرۆژەیە، بۆیە دەبینین هەندێ ناوەندی جیهانی کەوتوونەتە بەرەی دژە تیرۆر لە بەرانبەر هەندێ ناوەندی دیکە کە پاڵپشتی بۆ هێزە توندڕەوەکان ڕەوانە دەکەن، بەو شێوەیە ناوچەکە بۆتە گۆڕەپانی شەڕو کێبڕکێ، کە تەنیا گەلانی ناوچەکەی تێدا بوونەتە قوربانی.

---

*** ڕاوێژکاری وزە لە ئاژانسی پاراستنی کوردستان**

# تورکیا

# پاش هەڵبژاردنی حوزەیرانی داهاتوو



فەرید ئەسەسەرد

بۆ گوڵان دەینووسێت

ئەو شیکردنەوانەی ئەمڕۆ سەبارەت بە ڕەوشی تورکیا پاش هەڵبژاردنی حوزەیرانی داهاتوو دەخرێنە بەرچاو، تەواو جیاوازن لەو شیکردنەوانەی کە چەند مانگێك لەمەوبەر پێشکەش دەکران. تا چەند مانگێك لەمەوبەر شیکردنەوەکان جەختیان دەکردە سەر ئەوەی کە پارتی دادو پەرەپێدان بۆ بەدەستهێنانی ڕێژەی دووسێی دەنگەکان چانسێکی بەهێزی لە بەردەمدایە. ئێستا زۆربەی شیکردنەوەکان بەلای ئەوەدا دادەشکێنن کە پارتی دەسەڵاتدار دەشێ بە قەد هەڵبژاردنی پێشوو دەنگ بە دەست بێنێ و شیکردنەوە ڕەشبینەکان لەو بڕوایەدان کە پارتی دەسەڵاتدار کەمتر لە دەنگی بەدەستهێنراوی هەڵبژاردنی پێشوو بەدەست دێنێ و لەپێکهێنانی حکومەتدا ناچار دەبێ بە دوای هاوپەیمانێکدا بگەڕێ.

هۆی بەگومان کەوتنەکە پەیوەندی بە چەند فاکتەرێکەوە هەیە، لە سەرووی هەموویانەوە بەدەستنەهێنانی پێشکەوتن لە مەسەلەی چەکداماڵینی پەکەکە، سەرباری چەند فاکتەرێکی تری وەك پاشەکشەی لیرەی تورکی بەرامبەر بە دۆلاری ئەمریکی، زیادبوونی کێشەی ئابووری و سەرهەڵدانی گرفتی ئەمنی.

لە دوو سیناریۆ خراپەکە باشترینیان ئەوەیە کە دادو پەرەپێدان بتوانێ بە تێپەڕاندنی ڕێژەی لە سەدا پەنجا، بەتەنها حکومەت پێکبێنێ، بەڵام ئەگەر لە ڕێژەی ٥٠٪ کەمتری بەدەست هێنا، ناچار دەبێ لە سێ فراکسیۆنەکەی پەرلەمان کە بریتین لە (فراکسیۆنی کورد، جەهەپە و مەهەپە) یەکێکیان هەڵبژێرێ و گرێبەستی پێکهێنانی حکومەتی لەگەڵدا ببەستێ.

هیچ دیدێکی روون بۆ شێوەی مامەڵەی پارتی دەسەڵاتدار لەم رووەوە نییە. تاکە مەسەلە کە هیچ گومان هەڵناگرێ، ئەوەیە کە هەر دەبێ داد و پەرەپێدان هاوپەیمانی لەگەڵ یەکێ لە سێ فراکسیۆنەکە بکا. هەرچەند سێ فراکسیۆنەکە دەتوانن پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی تازە پەك بخەن و لەم ڕێگەوە قەیرانێکی سیاسی لە تورکیا دروست بکەن، بەڵام ناکۆکیی نێوانیان هیچ دەرفەتێکیان بۆ پێکەوە هاتنە سەر کار ناڕەخسێنێ.

داد و پەرەپێدان دەتوانێ هاوپەیمانی لەگەڵ فراکسیۆنی کورددا بکا و چەند وەزارەتێکی گرنگ بە کورد بدا. بۆ کورد ئەمە چاکترین سیناریۆیە و دەشێ ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی حکومەتێکی هاوبەش ببێتە مایەی ڕێخۆشکردن بۆ هەنگاونان بەرەو دۆزینەوەی میکانیزمی لەبارتر بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد. بەڵام ئەم هاوپەیمانییە دەبێتە هۆی وروژاندنی شەقامی ناسیونالیستی توندڕەوی تورك و دەشێ مایەی بێزاربوونی دامەزراوەی سوپاش بێ.

ئەگەر داد و پەرەپێدان هاوپەیمانی لەگەڵ جەهەپەدا بکا، دەبێ گۆڕانێکی ریشەیی بەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا بێنێ، بەتایبەتی سەبارەت بە مەسەلەی سووریا و پەیوەندی لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپادا و هەڵوێست بەرامبەر بە داعش و بزووتنەوەی ئیخوانی موسلمین. ئەمە بەم واتایە دێ کە دەبێ تورکیا واز لە مەیلە عوسمانییەکانی بێنێ و سیاسەتێکی وا پیادە نەکات کە ببێتە مایەی تێوەگلان لە ململانێی شیعە - سوننەدا. ئەم سیناریۆیە بەردەوامبوون لەسەر هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لەناو نابا، بەڵام ڕەنگە هەوڵەکە بەو سەرەنجامە نەگات کە کورد هیوای لەسەر هەڵچنیوە.

ئەگەر دادو پەرەپێدان بڕیاریدا لەگەڵ مەهەپەدا هاوپەیمانی ببەستێ، ناتوانێ ڕێ لە کەوتنە ژێر کاریگەریی بیروباوەڕی تورکایەتیی توندڕەو بگرێ، تەنانەت دەشێ ئەو بیروباوەڕە لەگەڵ خۆیدا رابماڵێ و بیباتە سەر ئاوێتەکردنی ئیسلام و ناسیونالیزم. ئەم سیناریۆیە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ بەرژەوەندیی کورددا ناگونجێ. شتێکی نزیك لەمەحاڵە، مەهەپە ئامادەیی تێدا بێ ئاکامەکانی بەردەوامبوونی پرۆسەی ئاشتی پەسند بکات. ڕەنگە یەکێ لە مەرجەکانی مەهەپە بۆ بەشداری لە پێکهێنانی حکومەتدا، هەڵتەکاندنی پرۆسەی ئاشتی بێ. دیارە ئەمەش دۆخێکی دژوار بۆ تورکیا لە ناوەوە و بۆ سیاسەتەکەی بەرامبەر بە کوردی سووریا لە دەرەوە پێکدێنێ.

لە ناو سیناریۆکاندا ئەستەمە بزانرێ کام بژاردە چانسی لەوانی تر زیاترە. بەڵام ئەگەر داد و پەرەپێدان بتوانێ بەتەنها حکومەت پێك بێنێ، ڕەوشەکە گۆڕانی ریشەیی بەسەردا نایە و کێشەکان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ چاوەڕوانی چارەسەرە هەڵپەسێردراوەکان دەکەن.

# با ماكیاژەكەت هەردەم سادە بێت

ماكیاژ و ماكیاژكاری بەردەوام خانمان بە چەشنێك سەرقاڵ دەكات، كە ڕەنگە هەندێ جار لەبەر ماكیاژەكەیان زۆر شتی دیكەیان لە بیر بچێ، هەر بۆیە كاتێكی زۆریان تەرخان دەكەن تا ماكیاژێك بكەن، ناكرێت هەر ماكیاژ نەكەن، بۆیە ئەگەر تۆی خانمیش ماكیاژیشت كرد، ئەوەندە بە تۆخی مەیكە كە نەشیاوت بكات، ئەوەندەش سادەی مەكە كە هیچی پێوە دیار نەبێت، پسپۆڕان پێیان باشە خانمان ماكیاژی ناوەندی بكەن، تا لە ڕووخساریان جوانتر دەربكەوێ، بۆ ئەوەی ماكیاژت جوانتر بێت، واچاكە پێستت جوانتر بكەیت، چونكە ئەگەر پێستت ڕێك نەبێ، ئیدی چەند ماكیاژ بكەیت، ماندووبوونت بە فیڕۆ دەچێ، لەم چەند زانیارییانەی خوارەوە دەتوانی بۆ جوانتركردنی پێستی ڕووخسارت سوود ببینی:

- سەرەتا كرێمی تەڕ لە دەم و چاوت بدە، بۆ ماوەیەك كرێمەكە بهێڵەوە تا پێستی ڕووخسارت تەواو كرێمەكە دەمژێ و هەرچی وردە خاڵ و چاڵی بچووك هەیە پڕی دەكاتەوە.
- باشترە كرێمەكە بە ئەسفەنجی ماكیاژ لێبدەیت، نەك بە فڵچە، تا بە جوانی لەسەر پێستت بنیشێت.
- كاتێك دەتەوێ پێستت جوان بێت، پێویستە بۆ كوڵمەكانت پۆدرەی تۆخ بەكاربهێنێت، هەروەها دوور بكەوە لە پۆدرەی سادە، ئەگەر پۆدرەكەش لە شێوەی كرێم بوو، سەرەتا كرێمەكە لێبدە، ئینجا پۆدرەكە.



# كڵاو بەپێی وەرزەكان لەسەرت بنێ!



# ڕەنگی بەهاری لە پشت چاوت بدە

وەرزی بەهار، بە وەرزی ڕەنگاڵە و پشكۆی گوڵ و خونچە ناسراوە، بە ڕەنگی وەنەوشە و سەوز و سووری سەر گوڵەكاندا دیارە، كاتێك خونچەی گوڵەكان سەردەردێنن، هەر یەكەو بە ڕەنگێك خۆی نیشان دەدات، ئەو كۆمەڵە ڕەنگە ئەو وەرزە جوانتر و سەرنجڕاكێشتر دەكەن. ئەو ڕەنگانەی لەو وەرزەدا جێگەی بایەخن بۆ زۆربەی كەرەستە و جل و ماكیاژی خانمان ئەوانەن: وەنەوشەیی، پەمەیی، سوور، جەرگی، شین، شەزری، ئەوانە كۆمەڵە ڕەنگێكن، هەر هەموویان لەگەڵ هەر كەرەستەیەك جوان و سەنگینن، كاتێك خەریكی ماكیاژ دەبیت، بە تایبەت دەتەوێ ڕەنگێك بۆ پشت چاوت هەڵبژێری، بیر لە جوانی ڕەنگەكانی بەهار بكەرەوە، یەكێك لەو ڕەنگانە هەڵبژێرە، ئەگەر ویستت ماكیاژەكەت سادە بێ، ڕەنگی شینی ئاسمانی لە پشت چاوت بدە، یان ئەگەر ویستت پشت چاوەكانت زۆر سەنجڕاكێش و دیاربن، ڕەنگی وەنەوشەیی بەكاربهێنە، تەنانەت ئەگەر ویستت دیمەنی پشت چاوت هێمن بێت، وا چاكە ڕەنگی سەوز و پەمەیی لە پشت چاوەت بدەیت و ئینجا دەزانی ڕەنگی بەهاری لە ماكیاژەكەت چەندە جوانە.



- گرنگە کە ماکیاژەکەت سـادە و ناسك بێ، مەرج نییە بۆیـەکان بە تۆخی لێبدەیت، چونکە تا چەند ماکیاژ سادە بێت، ئەوەندە زیاتر جوان دەبێت.

- دەبـێ ڕەنگـەکان لـە یەکتـر نزیـك بن و ڕەنگەکانیـش زەق مەکە، چونکە هەر ڕەنگێکی تۆخ ماکیاژەکەت تێکدەدات.

**ماوەیەکە تیشکی هەتاو بەتین بووە، هەموو خانمان دەزانن کە کاریگەریی خراپی هەیە لەسەر جوانی، چونکە بە هۆی تیژیی تیشـکیی هەتاو، پێسـتی دەم و چاوت دەسووتێ، هەنـدێ جاریـش ماکیاژەکەت تێکـدەدات، چونکە لەبەر گەرمیی تیشکی خۆر دەتوێتەوە. هەروەها بەتینیی تیشکی خۆر بۆ پرچیشت خراپە، بەهۆی ئەوەی پرچت لاواز دەکات، ئەگـەر هەر کرێمێکیشـت لە پرچت دابێـت، ئیدی لەبەر گەرمی تیشکی خۆر دەشێوێت، تۆش دەتوانی لەم کۆمەڵە گرفتە رزگارت ببێ، تا پێستی رووخسارت هیچی بەسەر نەیەت و پرچیشت لە تیشـکی خۆر بەدوور بێت، تەنانەت ئەگەر دەشـتەوێ بەنازتر بی، کڵاوێکی بەهارانە لەسەرت بنێ، کڵاوی کچانە کۆمەڵێك شێوە و نەخشی هەیە، بەڵام ئەوەی کچان زیاتر جوان دەکات، کڵاوی بازنەییە، شـێوەی بازنەییە و دەتوانی لە هەر ڕەنگێك بتەوێت هەڵیبژێریت، ئەو جۆرە کڵاوە جگە لەوەی دەتپارێزێت، هەروەها جوانتریشـت دەکات.**

# پشتێن لەش و لارت جوانتر دەکات



کاتێك جلێکی نایاب هەڵدەبژێری، وریابە لە دەستنیشانی هەموو ئەو ئێکسسـوار و کەرەسـتانەی لەگەڵ جلەکە پێویست دەبن، ماوە ماوە هەموو کچێك پێویستی بە دەستە جلێکە، مەرجە بزانیت چۆن ئەو دەستە جلە ڕێکدەکەی، تا لەگەڵ لەش و لارت بگونجێ، مۆدەکانی ئێستای جل و بەرگ، هەر هەموویان پێویستیان بە کەرەستەی دیکە و ئێکسسـوار هەیە، بەتایبەت ئەو کەرەستانەی لەگەڵ جلەکـە بەکاردەهێندرێن، ئیدی تـۆش دەبێ بزانی ئەو کەرەستانە کامەیان سەرەکین و کامەیان لاوەکییە، ئەوەتا پشـتێن هەیە بە سەرەکیترین کەرەسـتە و ئێکسسواری جل و بـەرگ دادەنرێ، دەکرێ لەگەڵ هەموو جلێك لە پشـت بکرێ و زۆر سەرنجڕاکێش و جوانە، بەتایبەت کاتێك لەگەڵ پانتۆڵی جینز و قوماش، یان لەگەڵ تەنوورە لە پشـتی دەکەیت، وێڕای ئەوەی بەشـی ناوەڕاستی لەش و لارت توندوتـۆڵ دەکات، کە ئەوانەی جەسـتەیان نەرمە، بە سایەی پشتێنەوە جەستەیان توندتر دیار دەبێت، لە بارەی ڕەنگی پشـتێنەوە، ئەوە بۆ کچان و خانمان دەگەڕێتەوە لەوەی چ ڕەنگێکی پشـتێنەکەیان بە دڵە و پێیان جوانە تا لە پشتیان بکەن.


# ڕێواسی بەهاران بەسوودە



سرووشتی کوردستان لە وەرزی بەهاردا بە چەندین گژ و گیای خۆڕسك و سرووشتی دەوڵەمەندە، هەندێکیان دەچێندرێن و هەندێکی دیکەش لە خۆیانەوە خوڕسك دەڕوێت، هەر یەکەشیان بە تام و چێژێکە. وەك دەبینین زۆربەی ئەو گیا خۆڕسکانە بەتام و بەسوودن بۆ مرۆڤ، ڕێواسیش یەکێکە لەو گژ و گیا خۆشانەی بەهاران کە دەممان پڕ ئاو دەکات، هەیانە ترشە و هەیانە مزرە لە تامدا. ڕێواس لەگەڵ باران پەیدا دەبێ، ڕێواس دوو جۆری هەیە: لاچکەڕێواس و ناوکە ڕێواس، هەروەها لە دوو بەش پێکدێ، بەشی سەرەوەی پێدەگوترێ نێرك، کە ئەو بەشەیە دەخوردرێت، هەمان ئەو بەشە گوڵە ڕێواس دەگرێت، بەشی خوارەوەش پێدەگوترێ: بنك، کە ئەو بەشەیە لە ژێر زەوییە، ڕێواس لەسەر گوڵی خۆی دەڕوێتەوە، کە ڕەگێکی بەهێز و قووڵی هەیە، زیاتر لە ناوچە چیایی و کوێستانەکان دەڕوێت، لە باشووری کوردستانیش زیاتر لە ناوچەکانی (سیدەکان و چۆمان و زۆربەی شوێنی دیکەی کوێستانی) هەیە. ڕێواسی سپیش هەیە، کە ئەو ڕێواسەیە لە ژێر بەردەکانەوە دەڕوێ، ترشی و مرزی ڕێواس وادەکات کە بکرێتە سرکە و شەربەت، ئەوەش لەلایەن ئافرەتانی کوردەوە ئەو کارە دەکرێت.

# ئوتێلێک سەر ئاو و ژێر ئاو دەکەوێت





بۆ زیاتر سەرنجڕاکێشانی گەشتیاران و خەڵکی بیانی، ڕۆژ بە ڕۆژ باڵەخانە و ئوتێلی گەورە و سەیر دروست دەکرێن، کە هەندێکیان جێگەی سەرسوڕمانن، کاتێك ئوتێلێکی بەرز، یان ئەوەندە گەورە دەبینین، چاومان دەهێشێت ئەوەندە سەیری بکەین، ئەوەتا سەرنجڕاکێشترین ئوتێلی جیهانی لە شاری دوبەی ئیمارات کراوەتەوە، کە ئەو ئوتێلە لە ژێر ئاودایە، تا ئێستا بیرت کردۆتەوە کە لە ژێر ئاو بخەویت، ئەگەر مەبەستت وایە دەتوانی سەردانی ئەو ئوتێلە بکەیت و خەوێکی خۆش لە ژێر ئاودا بکەیت، ئەو ئوتێلە دەتوانێ سەر ئاو و ژێر ئاویش بکەوێت، کە بە چەندین ئامێری بەهێزی هایدرۆلیکی کار دەکات، لە توانایدایە ژێر ئاو بکەوێت، کاتێك هەموو میوانان و گەشتیاران دەچنە ناو ئوتێلەکە، ئیدی بە ماوەی چەند خوولەکێك ئوتێلەکە ژێر ئاو دەکەوێت، و تا بەیانی لەژێر ئاودا دەمێنێتەوە.



# شەڕە سەرین!

جاران شەڕە باليف (سەرين) هەبوو، بەتايبەت لە نێوان منداڵان و ئەندامانی ماڵێك، كە زياتر خوشك و برا بۆ گەمە و ياری لە يەكتريان دەدا، كە دەبووە هۆی بەسەربردنی كاتێكی خۆش، واديارە خەڵكی شاری لەندەنيش دەيانەوێ لاسايیمان بكەنەوە لە شەڕە سەريندا، بە بەشداری زۆربەی خەڵك و ميوانان و گەشتياران، لە ناوچەی تراڤاگەر لە شاری لەندەنی پايتەختی بەريتانيا، گەورەترين ياری شەڕە سەرين بەڕێوەچوو، هەر يەكە لەلايەك بە سەرين لە يەكێكی دەدا، نزيكەی (٥٠٠٠) سەرينيان بۆ ئەو بەزمە ئامادە كردبوو، كە بووە جێگەی خۆشی و شادی زۆربەی ئەوانەی بەشدارييان تيا كردبوو، تەنيا ئەوە نەبێت كە لە كاتی شەڕە سەرينەكەدا، كچێك ئەوەندەيان بە سەرين لێدابوو، لە هۆش خۆی چوو، تا دوای ماوەيەك بەخۆ هاتەوە.



# داهاتووی شێوەی دار و بار

هەمووومان دەزانين شێوە و نەخشی دار و بار چۆنە، كە لە زەوييەوە بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە و بە چەندين لق و پۆپی جۆراوجۆری هەيە، واديارە بيرۆكەی هەمەچەشن هەيە تا بتوانن سوود لە جوانی دار و بار وەربگرن، ئەوەتا لە وڵاتی سەنگافوورە، چەندين بيرۆكەی سەير و جوانيان هەيە، بۆ ئەوەی دار و بارەكانيان بە جوانترين شێوە رازاوە بكەن، كە لەلايەن كۆمپانيايەكی ئەندازياری ديمەنی سرووشتی، چەندين دار و باريان لە شێوەی جۆراوجۆر ئامادەكردووە تا وەك نموونەيەك بێت بۆ پرۆژەی داهاتوويان، ئەو دارانە لەناو قالبی تايبەت دانراون، بە مەبەستی گەورەبوون لەناو ئەو قالبانە، بە جۆرێك ئەو شێوەيەی مەبەستيانە بۆيان دەربچێت، تا ئێستا نزيكەی (١٨) دار و باری وەك نموونەيان دروست كردووە، وا بڕيارە داهاتووی دار و بار بەم چەشنە بێت تا ئەوانيش ببنە ديكۆرێكی ناياب لە جوانيدا.





# تاتۆش بوو بە هونەر !


خەریکە تاتۆ ببێتە هونەرێکی وێنەکێشان، چونکە بەشێکی زۆری وێنەکێشان و جەستەکوتینەکان روویان تێکردووە، هەندێکیش دەڵێن، کە ئەوە هونەرێکی تازەی وێنەکێشانە، نهێنیی ئەو جەماوەرە زۆرەی تاتۆ لەوەدایە کە هەر یەکە گوزارشت لە بیرۆکەیەك دەکات، ئەوەتا وێنەگرێکی کەنەدی بە ناوی (مانیا کلۆسال)، چەند تاتۆیەکی نەخشاندووە، هەر دەڵێی راستییە، لە هەندێ کارەکانیشیدا وای کردووە کە وێنەی سەر جەستەی کەسەکان ئەوەندە بە روونی و جوانی دەربکەون، وەك ئەوەی وێنەکە بە کامێرا گیرابێت و پاشان لەسەر جەستە چاپ کرابێت.



## ترسناکترین شوێنی خەوتن

کاتێك مرۆڤ دەیەوێ بخەوێت، دەبێ شوێنێکی حەوانەوە و خۆشی هەبێ، کە بتوانێ بە ئاسانی خەوێکی خۆش بکات، بەڵام ئەگەر لە قەدی کێوێك، یان چیایەکی گەورە بیت، ئاخۆ چۆن خەوی لێدەکەوێ! لە باخچەی نیشتمانی گشتی لە شاری کالیفۆرنیای ئەمریکا، لە بەرزترین بەرزایی ئەو باخچەیە، کۆمەڵێك گەنج بە سەرپەرشتیی (سام فارسۆرت) شوێنێکی تایبەتیان بۆ خەوتن داناوە، کە لە بەرزایی (٦٠) مەتر لەسەر ئاستی بەرزایی دەریایە، ئەمەش بوێری و ئازایەتی دەوێ کە لەو شوێنە بخەویت.

## پەند و وتە!




- جۆرج سانتایانا دەربارەی راستی دەڵێت:
راستی قورس و تاڵە، بەڵام دەتوانین راستیمان خۆشبوێت هەرچەندە تاڵیش بێت، چونکە هەر ئەو راستییەیە بەرەو ئازادی و خۆشیمان دەبات.



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩
کەسایەتیت جوانە و ڕێگە مەدە کەسانی دیکە کاریگەریی نەرێنی لە سەر هەستت بکەن، ئەو بیرۆکانەی هەتە خۆتی پێوە ماندوو بکە، ماوەیەك هەست بە دڵتەنگی دەکەیت، ئەوەش کاتییە، بەڵام وریا بە لە ماوەیەکی نزیکدا کەسێك دەیەوێت بێتە ناو ژیانت و لێت نزیك بێتەوە.




### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠
رەنگە لەبەر ئەو کێشەیەی پێشووت، بۆ ماوەیەك بێزاریت پێوە دیار بێت، بەڵام باشترە بەهێز بیت و ئەوەی رۆیشت لە بیری بکەیت، ئەو کارەی بۆ ئەو کەسە نزیکەت ئەنجامت دا سەرکەوتوو بوو، لە بیرکردنەوە و بڕیاردانیش هێواش و لەسەر خۆبە.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠
کاتێك دەتەوێت کارێك بکەیت، سەرەتا جوان بیری لێ بکەوە و مەهێڵە کەسانی دیکە ئەزیەتت بدەن، ئەگەر زانیت کەسێك لە دڵت گرانە، چاکترە لێی دوور بکەویتەوە، هەوڵدانت بۆ سەرکەوتن لە کارەکانت ئەنجامێکی باشی بۆت دەبێت.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢
ئەو ئاواتەی لە دڵتە وازی لێ مەهێنە و هەمیشە کاری بۆ بکە، ئەو ڕێگەیەی بریوتە لێی پەشیمان مەبەوە و هەمیشە چاوت لە داهاتوو بێت، رابردووت هیچ سوودی نابێت بۆ ئێستات، کاتێك بیر لە خۆت دەکەیتەوە، سەیری کارە باشەکانیشت بکە.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢
ماوەیەکە دوودڵی لە زۆربەی کارەکانت، هەندێ جار وات لێدەکەن کە سارد بیتەوە و هیچ هەنگاوێك نەهاوێژی، بیرکردنەوەی داهاتووت ژیرانەیە و هەمیشە لەگەڵ کاری خۆت بە، ئەگەر ویستت لە کەسێك نزیك بیتەوە، سەرەتا تاقی بکەوە.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢
خەریکە بەهێواشی کارەکانت بەرەو چاکبوونەوە دەڕوات، لەو ماوەیەی رابردوو زۆربەی هەنگاوەکانت پڕ گرفت بوون، هەوڵبدە لەگەڵ کەسێك نزیك بیت کە جێگەی متمانەت بێت، هەردەم دڵت کراوە بێت، بەخشەندە بە هەتا بەرامبەرت بەخشەندە بن.



# بۆ زانیاریت

**- مێروولە لە هەزار پێ ئازاترە -**

**لەم چەند وێنەیەدا دەبینن، کە توانا و بازووی مێروولە چەندە بە هێزە، کە دوای شەڕێکی زۆر لەگەڵ هەزارپێیەك، پاشان مێروولەکە هەزار پێیەکە دەکوژێت و بەرزی دەکاتەوە، ئەو چەند دیمەنانە لەلایەن وێنەگرێکی ئەندەنووسی بە ناوی (فرینکی یۆنگ) لە شاری سامباسی کەنداوی بورنیوی ئەو وڵاتە وێنەیانی گرتووە. زانایان دەڵێن : مێروولە توانای هەڵگرتنی هەر شتێکی هەیە کە (٤٠) جار ئەوەندەی کێشی خۆی بێت، لە کاتێکدا مرۆڤ ئەم هێز و توانایەی نییە.**

## ماناى خەون

**- ددان**

زۆر کەس باسی خەونەکانیان دەکەن، کە ددانیان کەوتووە، یان شکاوە، یان ددانێکی زۆریان لە دەمیان بینیوە، بەپێی خەوننامەکانەوە دەگوترێ کە ددان مانای لە دەستدانی کەسانی نزیك و کار و شت و مەك و کەرەستەیە، کاتێك لە خەودا دەبینی ددانێکت کەوتووە، ئەوە دەبێ وریا بیت لە لەدەستدانی شتێکی بە نرخت، ڕەنگە هەندێ جاریش لە کارەکەت کێشەت بۆ دروست ببێت، ئەگەر لە خەودا ببینیت کە دەمت پڕە لە ددان، مانای ئەوەیە لە داهاتوودا شتی باشت بۆ دەبێت.



## بۆ زاخاوی مێشك


- ئەم وێنەیە بە دوو وێنە خۆی نیشان دەدات، یەکێکیان وێنەی سەر و چاوی پیاوێکی پیرە، ئەوەی دیکە وێنەی چەند بەرخ و ماڵێکە لە لەژێر دارێکەوە وێنەی گیراوە، ورد بە و بزانە تا چەند زاخاوی مێشك دوو وێنەکە جیا دەکاتەوە.






### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

وریای هەنگاوەکانت بە، چونکە ماوەیەکە هەڵەی وا دەکەیت، خۆیشت بڕوا ناکەیت، ئەو کاتەی پێویستیت بە کەسێکە بە هێمنی تێیبگەیەنە و هاواری بۆ مەبە، لەگەڵ کەسانی ماڵەوەت ڕەفتارت نەرمتر بکە و ماوە ماوە پێکەوە دانیشن و کارەکانت دوا مەخە.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

هەر کێشەیەکت هەبێ، بۆ ماوەیەکی کاتییە و دەڕوات، ئەگەر لەم ڕەفتارانەی خۆت بەردەوام بیت، ڕەنگە کێشە بۆ ژیانی تایبەتیت دروست بکەیت، هەر کەسێك تۆی نەویست، تۆش ئەوت نەوێت، کارەکانی داهاتووشت بەرەو باشتر دەچێت.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

شێوازی ڕەفتار و کارەکانت جوانە و مەهێڵە لەم ڕێڕەوەی خۆی تێکبچێت، کاتێك هەنگاوێك بەرەو پێشەوە دەنێیت، تووشی گرفت دەبیتەوە،و ئەوەش شتێکی ئاساییە، ئەو گرفتانەی نێوان خۆت و کەسی نزیکت چارەسەر دەبن، بەڵام دەبێ هێمن و لەسەر خۆ بیت.




### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

هەندێك لە بیرۆکەکانت جێگەی سوودمەندی تۆ دەبن، بۆ ئەو کاتە پێویستیت بە پشووە، لەگەڵ کەسی خۆشەویستت نەرمتر ڕەفتار بکە، هەوڵبدە کاتەکانت دیاری بکەیت و لە خۆتی مەشێوێنە، بڕیارەکانیشت با دوای بیر کردنەوەیەکی قووڵ بێت.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

هەست دەکەی دڵت تەنگە و زۆر بیر دەکەیتەوە و کارەکانت سەر ناگرن، وا باشترە دووبارە بەرنامەیان بۆ دابنێیت و ئەوەی لە خەیاڵتە بیکە بە ڕاستەقینە، ئەو ماوەیەی داهاتووشت ساتە وەختێکی باش دەبێت بۆت، بەرامبەر ژیانی تایبەتیت گەشبین بە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

پەلە مەکە لە هەنگاوەکانت، چونکە هەندێکیان پێویستیان بە کاتە و بە زوویی جێبەجێ ناکرێن، ماوەیەکە لەگەڵ کەسێکی نزیکت کێشەت هەیە، هەوڵبدە بە ئارامی ڕاستییەکانی تێیبگەیەنیت، تا ئەویش پەشیمان بێتەوە، بۆ ژیانی داهاتووت پێویستە ژیرانەتر بیر بکەیتەوە.